# سێبەرە نادیارەکان

ئالان محەمەد

"پێشکەش بە خانەوادەکەم

ئەوانەی کە لە تاریکترین ساتەکاندا بۆم بوون بە ڕۆشنایی"

# هەتاهەتایی

لە بەردەم کۆمەڵە گۆڕێک دانیشتبوو، سەری نزم کردبۆوە و فرمێســــک لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە. وەکو چۆن دڵۆپەکـانی بـاران لە هەورەکـانەوە بەرز زەوی دەکەوتن، ئەوا فرمێســـکەکانی ئەویش بە هەمان شـــێوە بەر زەوییە سـەوزەکە دەکەوتن، زەوییەکی پڕ گیا. هەر کەسـێک ئەوی لەو سـاتەدا بینیبا، ئەوا وایدەزانی مۆمیایە، بە هۆی گریانی زۆرەوە ڕووخسـاری بە تەواوی وشـک بووبۆوە. شـێوەی لە یەکێـک دەچوو کە بیهەوێت لە داخـان هـاوار بکـات و بەربەســـتەکانی ئاســـمان ببڕێت، بەڵام هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهـات. تەنیا نـاڵەی دەکرد، نـاڵەیەکی قەتیس و بێدەنگ. نەیــدەتوانی هەســـتێــت، وزەی ئەوەی نەبوو، بۆیە بە ئەژنۆیەکانی و دەســـتی بەســـەر زەوییەکەدا خشـــا تاکو گەیشـــتە لای کێلەگۆڕێک. گۆڕێکی کۆن بوو، هیچ نـاو و نووسینێکی لەسەر نەبوو، گیا و قەوزە دەوری دابوو، ئەمە وایکردبوو بەردەکە درزی تێبکەوێت و بڕزێت. بە پێی پانی و درێژی گۆڕەکە بێت، ئەوا ئەوەیان گۆڕی ئافرەتێک بوو، قەبـارەیەکی بچووکی هەبوو. ئەوانەی دەوری خۆیشـــــی سەر بە کۆمەڵەی جیاواز بوون، هەبوو لە قەبارەی خۆیەوە

نزیک بوو کە ئەوەش مانای ئەوەیە لەوانەیە هیچ ئافرەت یان کچ بن، هەشـــبوو گەورەتر و درێژتر کە لەوانەیە هی پیاو یان کورِ بن. وە چەند دانەیەکی تریشـــی لێ بوون کە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە گۆڕی منداڵی ســـاوا بوون، ئێجگار بچووک بوون.

پیاوەکە ســـەری لەســـەر کێلەگۆڕەکەدا ڕاکشـــاند، وەکو ئەوەی باوەشـــێک بە کەســـێکدا بکات ئەوا بە قۆڵەکانی دەوریدا. بۆ ماوەیەکی بەو شـــێوەیە مایەوە، تەنیا دەگریا .پاش ماوەیەک ســـەری بەرز کردەوە و فرمێســـکەکانی ســـڕییەوە، چاوەکانی ســـوور بووبوونەوە. ســـەرەڕای ئەو هەموو گریانە، ئەوا هێشـــتا فرمێســـکی تریش لە ڕێگاوە بوون. هەناسـەیەکی قووڵی هەڵمژی و دایەوە، دواتر ڕووی لە ئاســـمان کرد. تیشـــکی خۆر بەر ڕووخســـاری کەوت، تیشـــکێکی نەرم. ئاســـمان ســـاماڵ بوو، هیچ هەورێک نەدەبینرا.

ســـەری دانواندەوە و هەوڵیدا هەســـتێت، ئەم جارە بەزۆر وزەی بە خۆیدا تاکو بەو کارە هەستێت. دەستێکی لەسـەر کێلەگۆڕەکە دانا و پەســـتانی خســـتە ســـەر، خەریک بوو لە دەستیدا بشکێت، بۆیە خێرا کشایەوە. ناچار بێ گرتنی هیچ شـــتێک هەوڵیدا هەســـتێت، پاش چەند هەوڵێکیش توانی

ئەنجامی بدات. هێز لە قاچەکانیدا نەبوو، کە ویستی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت ئەوا هەردوو قاچەکانی دەلەرزین.
خەریک بوو بکەوێت، بەڵام هاوسەنگی خۆی ڕاگرت و هەنگاوی نا، تەواوی هێزی گیانی کۆکردبۆوە. بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، بەرەو لێوارەکە. گەیشتە شوێنی مەبەست و وەستا، بۆ ساتێک تەنیا لە بەردەمی ڕاما. لە پێشەوە بە پانتایی دەیەها و سەدەها کیلۆمەتر زەریا درێژەی دەکێشا، دەنگی شەپۆلەکان لە خوارەوە دەهات، دەنگی تێکشکانیان. با هەڵیکردبوو، ئەمەش زەریای وروژاندبوو.
دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی. سەرەتا پێڵاو و گۆرەوییەکانی داکەند، دواتر کراسە شینەکەی، دوای ئەوەش پانتۆڵە سپییەکەی کە سەر ئەژنۆیەکانی ڕەنگی قوڕ و سەوزایی گیایان گرتبوو. لە کۆتاییشدا ژێر کراس و شۆرتەکەی. هەر کەسێک لەو کاتەدا ئەوی بینیبا، ئەوا لە هەمبەر ئەو هەموو برینانەی سەر جەستەی سەری دەسووڕما. ناوەڕاستی سنگی خەتێکی قووڵ و درێژی چەقۆی پێداهاتبوو، سەر دڵیشی ئاسەواری کونی گولله و خەتی چەقۆ و سووتانی پێوە دیار بوو. مەچەکانی بە تەواوی بریندار بووبوون، شوێنی برینەکانیش ڕێک لەسەر دەماری سەرەکی بوون. جگە لەو برینانە، ئەوا ڕووشانێکی نائاسایی بە دەوری ملیەوە بوو، لەوە دەچوو هەوڵیدا بێت

خۆی بخنکێنێت، بەڵام دەبێت چەند جار هەوڵی ئەوەی دابێت تاکو ملی ئاوای لێ هاتبێت؟

برین و ڕووشانی تریش بە بەشەکانی تری جەستەیەوە دیار بوون، هێندە زۆرن لە ژماردن نایەن! وەکو ئەوە وایە مەرگ ئاوڕی لێ نەداتەوە.

پیاوەکە کە ئێستا بە تەواوی ڕووت بوو، ئەوا بە دوو چاوی ماندوو و هەڵاوساوەوە ڕووی لە ئاسمان کردەوە، بە دەنگێکی نزم کە لە چرپە دەچوو گوتی: ئەی خودا، تکایە... تکایە با کۆتایی بە ژیانم بێت. چیتر بەرگە ناگرم، بەرگەی ئەم ژیانە هەتاهەتاییە ناگرم. ئەو کات کە پێت بەخشیم وامزانی نعمەتە، بەڵام نقمەت دەرچوو. ژیانێک کە تێیدا مەرگی تەواوی ئازیزانت ببینیت، ژیانێک کە تێیدا بۆ هەمیشە تەنیا بیت ئەوا ژیان نییە. هاوسەرەکەم، منداڵەکانم، نەوە و نەوەی نەوەکان... هیچیان نەماون، ئێستا بوونە تۆز و هیچ ئاسەوارێکیان نەماوە.

فرمێسک بە نەرمی بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە، بە ڕوومەتیدا ڕۆیشتن و لە چەناگەی تکەیان کرد.

"ئەی خودا، ئەم جارە کە خۆم فڕێدایە خوارەوە، ئەوا تکایە با کۆتا جارم بێت و چاوم بەم ژیانە هەڵنەیەتەوە. لێت دەپاڕێمەوە کە ڕێگەم بدەیت بێمە جیهانەکەی تر، ڕێگەم

پێ بدە بە خانەوادەکەم شـــاد ببمەوە. لێت دەپاڕێمەوە ئەی خودا، تکایە کۆتایی بەم ئازارەم بهێنە."
دوای گوتنی ئەمــانە، ئەوا هەنگـاوێکی تریش لە لێوارەکە نزیک بۆوە، چاوەکانی داخستن و بەرەو خوارەوە هەڵدێرا. بەســـــەر زەمینێکی بەردیندا کەوت، جەســـــتەی بە تەواوی تێکشـکابوو، ئێسک لە چەند شـوێنێکی هاتبووە دەرەوە. بۆ چەند ســـــاتێک هیچ نیشـــــانەیەکی ژیانی لێوە نەدەبینرا، چاوەکانی داخرابوون و هەناســـــەی نەدەدا. لە کۆتاییدا بە ئـاواتەکەی گەیشـــــت و... نەخێر! چـاوەکـانی جووڵەیـان تێکەوت، کرانەوە و بەردەم خۆیان بینی، بینی شـەپۆلەکانی زەریا یەکتریان تێک دەشــکاند. درکی بۆ گەڕایەوە و وردە وردە جەســتەی ســاڕێژ دەبۆوە... ئێســکە تێکشــکاوەکانی دەگەڕانەوە بۆ شـــوێنی خۆیان، ئەو برینانەش کە خوێنیان پێدا دەهات ســاڕێژ دەبوونەوە و هیچ ئاســەوارێکیان دیار نەما، جەستەی گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی. هەستی کرد دڵی بە دەســـتێکی دڕکاوی گوشـــراوە، فرمێســـک لە چاوەکانی گیریان خوارد و تەقینەوەیەک لە ناخیدا ڕوویدا، بەوپەڕی هێزەوە هاواری کرد. هاوارێکی پڕ لە ئازار...

# بەندە

مەلا تازە بانگی خەوتنانی دەدا کە دەرگا ڕەشەکەی ماڵەوەی کردەوە، لەدوای خۆی داینەخست، بەڵکو وەکو هەمیشە تەنیا پێیوەدا. چەند هەنگاوێکی نەنا کە دراوسێیەکەی ئەوبەری سیلەکە ئەوی بینی و سەلامی لێ کرد.

-سلام علیک علی.

-و علیک السلام کاک خدر.

پێکەوە بەرەو مزگەوت بەڕێکەوتن، لە چەند قسەیەکی سادە کە بە ئاسانی لەبیر دەچنەوە، ئەوا شتێکی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆیان نەگوت، قسە گەرمەکان هەمیشە بۆ دوای هاتنەوەیە لە مزگەوت. ڕۆیشتنە ناو زەمینی مزگەوتەوە، خدر ڕاستەوخۆ بەرەو سەراو ڕۆیشت، علی'ش بەرەو شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن ڕۆیشت. سەلامی لەوانە کرد کە دانیشتبوون و دەستنوێژیان هەڵدەگرت، ئەوانیش وەڵامی سەلامەکەیان دایەوە. هەمووان ناسیاو بوون، جگە لە دوو گەنجی ڕێکپۆش کە دیار بوو بۆ سەردانی هاوڕێیەکیان هاتبوونە ئەو ناوچەیە. کە لە

دەستنوێژەکەی تەواو بوو، ئەوا بەرەو ژوورەوە بەڕێکەوت. کات بۆ نوێژ دابەستن مابوو، بۆیە دوو ڕکایەت سوننەتی "تحية المسجد"ی کرد، وە دوو ڕکایەت سووننەتی تری پێش نوێژیش، ئەو کاتەی کە ماشەوە بە بێدەنگی لە شوێنی خۆی دانیشت و نزای دەکرد. دەستەکانی بەرز کردبوونەوە و بە دوو چاوی داخراوەوە ڕووی لە ئاسمان بوو، هەر کەسێک ئەوی لەو ساتەدا بینیبا، ئەوا بەدڵنیاییەوە وایان بیر دەکردەوە کە مرۆڤێکی ئیمانداری باشە، ئەمەش هەر ڕوویداوە و ڕووشیدا.

زۆری پێ نەچوو نوێژ دابەسترا، ئەم جارە گەنجێکی سەلەفی پێش نوێژی کرد، مەلای مزگەوت لە شوێنێکی تر بوو، ئەمە زوو زوو ڕوودەدات. هەمووان بەوە دڵخۆش نەبوون، بە تایبەتیش علی کە دەیزانی ئەم تازە گەنجانە خوێنیان بۆ ئایین گەرمە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە زیاد لە پێویست نوێژەکە درێژ دەکەنەوە. شتێکی ناڕەحەتە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەناو نوێژدا بیت، هەموو شتێک بە هاوسەنگی باشترە. ئەمە بیرکردنەوەی علی و بەشێکی زۆری ئەهلی مزگەوت بوو، بە تایبەتیش ئەو پیرانەی کە ڕانەهاتوون زۆر لە نوێژدا بمێننەوە.

نوێژەکە دوای چەند خوولەکێک تەواو بوو، چەند خوولەکێکی ماندووکەر. دوای نوێژ لەنێوان چەند پیاوێکی پیردا کە ڕێک لە پێشەوەی علی بوون ئەوا منگەیەک پەیدا بوو، داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت.

-تیاح، هەست دەکەم سەعاتێکە ڕاوەستاوین.

-سەرم گێژ دەخوات، زۆری پێچوو!

-هەر لێیگەڕێ لێ، خۆ قاچم شکان.

-ئا بەو خوایە ئامادەبوو تەواوی سوورەتەکان بخوێنێت، هەتیوە دەڵێی ئێمەی پێ وەکو خۆیەتی.

قسەکانیان زوو کۆتایی پێهات وەکو چۆن دەستی پێکرد، دوای ئەمە گەڕانەوە سەر نزا و زکرەکانیان.

خودی علی و بەشێک لە نوێژکەران وابوو کە شتێک درەنگتر لەوانی تر دەمانەوە، تاکو زۆرینەی پیاوەکان دەڕۆیشتن ئەوا ئەوان هەر خەریکی نوێژ و زکری جۆراوجۆر بوون. کە کاتی ئەوە هات بگەڕێنەوە، ئەوا پێکەوە هەستان و لە دەرگای ژوورەوە چوونە دەرەوە، چاودێری مزگەوتیش لەدوای خۆی دەرگایەکانی بە کلیلە داخست.

علی و کاک خدر و چاودێری مزگەوت، لەگەڵ پیرە پیاوێک بە ناوی محمد پێکەوە لە مزگەوت چوونە دەرەوە.

-ئەرێ بیستووتانە؟

-چمان بیستووە کاک خدر؟

-دوێنێ ئەو کچەی مام قادر'م بینی، ئەوەی لە زانکۆیە. کچەتیوە هێندە بێ شـــــەرمە کە کابۆیەکی وەها تەســـــکی لەبەرکردبوو پیاو شـــــەرمی دەکرد هەر ســـــەریش بەرز بکاتەوە.

-پێم سەیرە، ئەگینا داک و بابی زۆر ئیماندارن.

-کورە بە شتی وا نییە، دەسەڵاتی ئەویان نییە. بۆ خۆیان لە بەیانییەوە تاکو شـــەو نوێژ دەکەن، کەچی جارێکیش بە منداڵی خۆیان ناڵێن نوێژ بکەن. خۆ ئەگەر پێشـــــیان بڵێن، ئەوا بەگوێیان ناکەن.

-جا کێ دەڵێت نوێژ ناکەن؟

-توخوا شـــــتێکی ئاوا تەســـــک لەبەر بکەیت ئەوا نوێژ دەکەیت؟

-بەداخەوە، مام قادر'م زۆر خۆش دەوێت.

-چ بچێنیت هەر ئەوەی دەدووریتەوە.

-کورە ئێوە واز لەوە بێنن، بڵێن پێرێ لە شار چیم بینی؟

-چ شتێک کاک ئیحسان؟

ئەوە ناوی چاودێری مزگەوت بوو.

-بەلای ئەو کافتریایەدا ڕۆیشتم کە لەسەر ڕێگای چوون بۆ بازاڕە، بە ڕێکەوت لە دوورەوە ئەوم لە پشت شووشەکانەوە بینی، ئەها ئەو دەرگایە ڕوونە. بینیم لەگەڵ کچێک دانیشتووە و بە دەم پێکەنینەوە شتێکیان دەخواردەوە.

-کورە وس! چۆن شتی وادەبێت؟ کوڕی مەلا شتی وا ناکات.

-سوێند بەو خوایە بەڕاستیمە، قابیلە درۆ بکەم؟

-وەڵا من پێم سەیر نییە. ڕاستە کوڕی مەلایە، بەڵام خۆ دەگمەن بۆ نوێژ دێتە مزگەوت، ئەوە ئەگەر کاتەکانی تر هەر نوێژیش بکات.

-خۆی هەر دیارە منداڵێکی بێ کەڵکە، بەس سەیرکەن چۆن پرچی هەڵدەداتەوە. ئەی ئەو ملوانکە زیویەی ئەوتان بینیوە، دەڵێی لۆتییە!

-جا وەرە کوڕت ئاوا بێت و بوێری ئەوەشت هەبێت وتار بۆ خەڵک بدەیت.

-خوایە، کوڕی مەلا ئاوابێت، ئەوا تێداچووین. ڕەحممان پێ بکە.

هەمووان گوتیان ئامین.

لە ڕێگای چوونە ماڵەوەیان باسی چەندین شتی تریشیان کرد، باسێکی گەرمیان لەنێوان خۆیاندا هەبوو.

یەکەم کەسێک گەیشتەوە ماڵ علی بوو، ماڵی ئەو نزیکتر بوو. خوداحافیزیان لە یەکتری کرد، علی دەرگای کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە.

ڕێڕەوەکەی بڕی و بەرەو هۆڵەکە بەڕێکەوت. لەسەر قەنەفە قاوەییەکە دانەنیشت، بەڵکو لەسەر فەرشەکە دانیشت و ئانیشکێکی لەسەر لێواری قەنەفەکە دانا. کۆنترۆڵی تەلەفیزیۆنەکە لای خۆی بوو، بۆیە هەڵیگرت و پێی کرد، خستییە سەر هەواڵەکان. بۆ ماوەیەک سەیری کرد، دواتر وەکو ئەوەی تازە درکی بۆ گەڕابێتەوە، ئەوا بینی هیچ کەسێک لەوێ نەبوو.

"ئافرەت! ئافرەت!" بە دەنگێکی تورە بانگی دەکرد.

دوای چەند ساتێک ئافرەتێکی چل ساڵان لەو دەرگایە هاتەوە دەرەوە کە بەرەو حەمامی ژوورەوە دەچێت. ڕووخساری هەڵاوسابوو، پاشماوەی گریان بە چاوەکانیەوە دیار بوو.

"برۆ چایەکم بۆ بێنە، دەی خێراکە!"

ئافرەتەکە هیچی نەگوت، بەڵکو سەری خۆی دانواند و بەرەو چێشتخانەکە بەڕێکەوت. چەند ساتێکی کەمی خایاند تاکو چایەکەی بۆ تێکرد، بۆی لەسەر سینییەک دانا، چایەکی دیشلەمە لەگەڵ پیاڵەیەک پڕ لە قەسپ. سینییەکەی بۆ لەسەر فەرشەکە دانا، خۆیشی دوور لەو لەسەر قەنەفەکە دانیشت. علی بە بێزاری و خوێن تاڵییەکی زۆرەوە چایەکەی نۆشی. گەیشتە نیوەی ئیستیکانەکە کە لەسەر سینییەکەی دانایەوە و گوتی: ئەوە شانۆ لە کوێیە؟

سەرەتا وەڵامی نەبوو، خەریک بوو گریان دووبارە قورگی بگرێتەوە.

"گوێت لێ نەبووم ئافرەت؟! گوتم شانۆ لە کوێیە؟"

بە دەنگێک کە لەرزینی تێکەوت، ئەوا بە هێواشی گوتی: لە ژوورەکەیەتی.

-پێی بڵێ با بێت بۆ ئێرە.

–لێیگەڕێ...

نەیهێشــت قســەکەی تەواو بکات کە ڕێک زللەیەکی توندی لێدا، لاچاوی سوور کردەوە.

"کە گوتم بڕۆ بانگی بکە، ئەوا بڕۆ بانگی بکە!"

فرمێســـــک لە چـاوەکـانیـدا چەقی بوون، بەڵام نەدەوێرا بگریەت، دەیزانی کە ئەگەر بگریەت ئەوا زیاتر توڕە دەبێت.

ئافرەتەکە هەستا، هێشتا دەستێکی بەو لاچاوەوە بوو.

مـاوەیەک هیچیـان دیـار نەبوون، بۆیە علی بە توڕەییەکی زۆرەوە هەســـتـا و بەرەو ژووری کچەکەی بەڕێکەوت. دەرگـایەکە دانەخرابوو، بە نیوەیی کرابۆوە. پـاڵی پێوەنـا، هەردووکیـانی بینی کە لەســـەر زەوییەکە دەگریـان. علی گرنگی بەوە زۆر توڕە بوو، بە دەنگێکی پڕ لە ڕقەوە گوتی: ئەوە لێرە چی دەکەن؟! ئەوە بۆ نایەنە دەرێ ها؟!

دایــک و کچەکە هیچ وەڵامیـان نەبوو، دایکەکە پـاڵی بە دیوارێکەوە دابوو و دەگریا، شــانۆ'ش وەکو پشــیلەیەکی بریندار دەیناڵاند.

علی ڕۆیشتە پێشەوە و قۆڵی کچەکەی گرت.

"لەم ژوورە لەعنەتیە وەرە دەرێ، دەی!"

بەڵام شـانۆ بەقسـەی نەکرد، وەکو بەردێک بە گریانەوە لە شوێنی خۆی چەقی بوو.

"ها؟ بەقســـەم ناکەیت؟! باشـــە، دەبێت وا تەمبێت بکەم خۆزگە بە مردن بخوازیت!"

قایشەکەی لێکردەوە و وەکو قامچییەک گرتی.

ئافرەتەکە خێرا هەســـتا و بەرەو لای مێردەکەی ڕایکرد، وەکو یەکێک بپاڕێتەوە ئەوا دەستەکانی گرت و گوتی:

-توزاتی خوا لێیگەڕێ علی! بەسـە، لەوە زیاتری لێ مەدە! هەموو گیـانی شـــین و مۆر بۆتەوە، خەریکە کچەکەمـان دەکوژیت!

-لاچۆ هەی قەحبەی خوێڕی!

لەگەڵ گوتنی ئەمە مســـتێکی لە دەمیدا و خســـتییە ســـەر زەوی، خوێن بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە.

"دایە!" شانۆ کە ئەمەی بینی، ئەوا چاوەکانی لە ڕقان سوور بوونەوە، خێرا هەســـتا و پەلاماری باوکی دا. بە مســـت و زللە کەوتە گیـانی، بەڵام نەیتوانی زیـانێکی ئەوتۆی پێ بگەیەنێت بەوەی پاڵی پێوەنا، دواتر شـــەقێکی لە گەدەی دا و بە تەواوی خستییە سەر زەوی.

علی پەنجەیەکی بە لێوەکـانیـدا هێنـا، پڕیچکە خوێنێـک دەرکەوت.

"پەلاماری من دەدەیت هەی قەحبە؟! پەلاماری من دەدەیت؟! ئەمەت بەسەرەوە ناچێت!"

شـــەقێکی تریشـــی لێدا، دانەیەکی تریش... دانەیەکی تریش. دواتر قایشەکەی بەرز کردەوە و وەکو جەلادێک وەشاندی. لە کاتێکدا شـــانۆ بۆ گیانی خۆی هاواری دەکرد، ئەوا علی وەکو شێتێک لێی دەدا... لێی دەدا... لێی دەدا...

# ئیمانوێل

شـەوی ڕابردوو سـەرمایەکی وشـک شـاری داگیرکردبوو، سـەرمایەک کە وای کردبوو ڕووخسـاری هەمووان سـوور هەڵگەڕێـت و بە لەرزینەوە ددانەکەنیـان بەر یەکتری بکەوێت، سـەرمایەک کە تەنیا ئەوانەی خاوەنی ژوورێکی چوار دیوار و سـەقفێک بوون توانیان خۆیان لە زەبری ڕاسـتەقینەی ئەو سـەرمایە بپارێزن. هەمووان وا بە بەخت نەبوون، هەمووان خاوەنی خانوویەک یان شوێنێکی مانەوە نەبوون تـاکو تێیدا بە ئـارامی بمێننەوە و ئەو سـەرما کوشـندەیە بەڕێکەن، نەخێر، هەمووان بەختیان نەبوو. لە یەکێک لە شـەقامە خاپوورەکانی شـار کە تێیدا چەندین کەسی هەژار لەسەر شۆستەکان دەخەوتن، ئەوا بەیانییەک یەکێک بە ناوی ئیمانوێل کە پیاوێکی پیری حەفتا ساڵ بوو لە دارشـتەیەک لەسـەر زەوییە ڕەق و سـاردەکە لە خەو هەستا. کە هەستا، ئەوا هەستی کرد کە جەستەی بە هۆی سـەرماوە ڕەق بووە و تووشـی هەڵامەتێکی توند بووە. لە کاتێکدا ڕووخساری بە زەوییە ڕەق و ساردەکەوە چەسپا بوو، ئەوا دەستی کرد بە جووڵاندنی دەستەکانی، دواتریش قاچەکانی جووڵاند تاکو لە کۆتاییدا توانی لەسـەر پارچە

کارتۆنێکی کون بوو دانیشـــێت. بۆ ماوەیەک لە شـــوێنی خۆی دانیشت و سەیری بەردەمی کرد، سەیری ئەو زبڵدانە بچووکەی کرد کە تێیدا خەڵک پاشماوەکانیان فڕێ دەدا. بە ئەستەم توانی هەستێت، بەڵام هەر توانی. کە هەستا، ئەوا کۆمەڵێک پەڕی ڕۆژنامە بەربوونەوە، ئەوە ئەو ڕۆژنامانە بوون کە شەوی ڕابردوو خۆی پێ داپۆشیبوو تاکو کەمێک گەرمی بکاتەوە و سەرمایەکەی لەبیر بباتەوە.

هەرچەندە سوودیان نەبوو، بەڵام کاتێک خۆی پێ داپۆشی، ئەوا هەســتی بە ئارامییەکی دەروونی کرد، ئەمەش بۆ ئەو بەس بوو. ڕۆیشـــــتە لای تەنەکەیەکی خۆڵی گەورە کە بە ڕەنگێکی شین بۆیاغ کرابوو، هەر لەو تەنەکەی خۆڵانە بوو کە شـارەوانی بە سـووچەکانی شـاردا بڵاوی کردبوونەوە. تەنەکەکە وەکو ئاشکرا بوو پیس بوو، چەندین پەڵەی ڕەش و چڵک داپیۆشی بوو، وە لە سووچی کۆتایی ڕاستی چەند پەڵەیەکی خوێن بوونیـان هەبوو. زۆری پێ نەچوو کە ئیمـانوێل زانی ئەو خوێنە هی چییە، ســـەیری نـاوەوەی تەنەکەکەی کرد و بەچکە پشـــیلەیەکی تۆپیوی بینی. بێ ئەوەی بێزی لێ بکـاتەوە، ئەوا بە دەســـــتە ڕەش و قڵیشـــاوەکانی پشـــیلەکەی دەرهێنا و لە خوارەوە لە لای تەنەکەکەی دانا. کە ئەمەی ئەنجامدا، ئەوا دەســـتی کرد بە

پشـــکنینی تەنەکەکە بەو هیوایەی کە بۆ ئەو ڕۆژە شـــتێک بدۆزێتەوە تاکو بیخوات.

ماوەیەکی زۆر گەڕا، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە، ئەمە لەسـەر دڵی زۆر گران. بۆیە ناچار بوو شتێکی تر بکات، شتێک کە بە دڵی نەبوو. پاش چەند ســـاتێکی کەم دارشـــتەکەی جێهێشـــت و بە شـــەقامە خاپوورکراوەکەدا ڕۆیشـــت، شەقامێک کە پڕی دەیەها کەسی بێ ماڵ بوو، شەقامێک کە تێیدا زبڵ و پیسـایی لەسـەر شـۆسـتەکانی فڕێ درابوون، شەقامێک کە تێیدا بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر حەشیش و کریستاڵیان بە ئاڵوودەبووەکانی شار دەفرۆشت.

سـەرەڕای ئەوەی کە خۆی ساڵەها بوو لەوێ دەژیا، بەڵام هەرگیز ســـەیری دیمەنی ئەو شـــوێنەی نەدەکرد، ئەوە ئازاری دەدا، بۆیە هەمیشە سەری دادەنواند و بە هەنگاوی خێراوە ئەوێی جێدەهێشــت. دوای ئەوەی کە شــەقامەکەی بڕی، ئەوا بەرەو ڕێگـایەک بەڕێکەوت کە بەرەو بـازاڕ دەچوو، لە نـاوەنـدی بـازاڕەکە بـاخچەیەکی گەورە بوونی هەبوو، ویستی بەرەو ئەوێ بڕوات. کە گەیشتە ئەوێ، ئەوا لای نافورەیەکی گەورە وەســـتا کە لەکار کەوتبوو، ئاوی هەڵنەدەدا. لەســـەر دیواری بچووکی نافورەکە دانیشـــت و دەستی بۆ ئەوانە بردە پێشـەوە کە بەوێدا دەڕۆیشتن. ڕقی

لە سـوالْکردن بوو، پێی کارێکی ناشـیرین و سـووک بوو، بەڵام برسـییەتی تینی بۆ هێنابوو، بۆیە ناچاربوو عززەتی خۆی قوت بدات. ماوەی سـێ کاژێر لەوێ دانیشـت بێ ئەوەی هیچی دەسـتکەوێت، بۆیە خەریک بوو بڕوات. پێش ئەوەی هەسـتێت، ئەوا گەنجێک کە چاکەتێکی ڕەش و کـابـۆیەکـی شـیـنـی لەبەردابـوو دەرکەوت و بە زەردەخەنەیەکەوە دینارێکی پێ بەخشی. ئیمانوێل سەیری ڕووخسـاری نەکرد، نەیتوانی، بۆیە تەنیا سـەری دانواند و سوپاسی کرد. دینارێک بۆ کەسێکی ئاسایی نرخێکی وای نەبوو، بەڵام بۆ ئەو زۆر بوو بەوەی کە بەو دینـارە دەیتوانی برسییەتی ئەو ڕۆژەی نەهێڵێت.

کە دینـارەکەی وەرگرت، ئەوا خێرا هەسـتـا و بەرەو دەرەوەی باخچەکە بەڕێکەوت، ڕۆیشـتە ناو بازاڕەکە و لە لەفەخانەیەک نزیک بۆوە.

کە لە لەفەخانەکە نزیک بۆوە و داوای لەفەیەکی کرد، ئەوا خـاوەنی لەفەخـانەکە سـەیری کرد و تێیڕامـا. بێز لە چاوەکانییەوە دیار بوو، بێزێک کە لە ئاکامی پانتۆڵ و کراسە دڕاوەکەی (ئیمانوێل)ەوە درووست بووبوو، ئەوەی بەدڵ نەبوو،

دواتر بە شێوەیەکی ناشیرین ئاوڕی دایەوە و پشتی تێکرد.

"لەفەمان نییە، لێرە بڕۆ."

ئیمانوێل کە ئەوەی بیســــت، ئەوا دینارەکەی نیشـــاندا و خستییە ناو دەستییەوە.

"پارەم پێیە، فەرمووا!"

پیاوەکە توڕەیی دایگرت، لەپڕ پاڵی پێوەنا و بە شـێوەیەکی توند خســـتییە ســـەر زەوی، دواتریش دینارەکەی فڕێدا و ونی کرد.

"گوتم لێرە بڕۆ!"

بە هۆی کەوتنەکە پشـتی ئازارێکی زۆری پێگەیشـت، بەڵام ئەوەی بەڕاستی بە ئازار بوو ئەو مامەڵەیە بوو کە پیاوەکە بەرامبەری نوانـد. لە کـاتێکـدا کە خەڵـک وردە وردە لە دەوریان کۆدەبوونەوە، ئەوا ئیمانوێل بە ئەســـتەم توانی هەســـتێت و بە دوو چاو کە خەریک بوو فرمێســـکیان پێدابێت لەوێ ڕۆیشـت. تاکو شـەو داهات بەردەوام بوو لە ڕۆیشـــتن، نەیویســـت بگەڕێتەوە بۆ دارشـــتە ســـارد و تاریکەکە، وە نەشـــی دەویســـت کە لە شـــوێنی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشـــتن تاکو لە کۆتاییدا بە هۆی ماندوویەتی زۆرەوە لە نزیک مزگەوتێک بەسـەر زەویدا کەوت. کە کەوت، ئەوا بە شـێوەیەکی خراپ

سەری بەسەر زەویدا کەوت. لای ڕاستی سەرووی چاوی تەقی و خوێنێکی گەرمی پێداهات، لە هەمان کاتیشـــدا بە ئەســـتەم دەیتوانی هەناســـە بدات. نەیتوانی هەســـتێتەوە، توانســـتی ئەوەی نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشـــدا نەشـــی دەویســـت. تاکە شـتێک کە لەو کاتەدا دەیویســـت ئەوە بوو کەمێک پشـــوو بدات و چاوەکانی داخات، هەر ئەمەشـــی ئەنجامدا. دوای چەند ســـاتێک لە دەرکەوتنی هەورەکان و بارینی بەفرێکی نەرم، ئەوا جەســتەی خۆی شـل کرد و بە قورســی چاوەکانی داخســتن، ئەمە کۆتا ســاتەکانی ژیانی ئەو بوو بەوەی کە پاش چەند خوولەکێک دڵی لەکارکەوت و چیتر چاوەکانی نەکردنەوە. بەم شێوەیە لە سەر زەوییە ساردەکە کە بەفر وردە وردە دایدەپۆشی، ئەوا کۆتایی بە ژیانی هات و لە ناڕەحەتی ئەم جیهانە ڕزگاری بوو.

# ڕوحێکی تەنیا

ئاوی ڕووبارەکە بەرەو بەســـــتوویی دەڕۆیشـــــت، چەند ڕۆژێک بوو هەوا پەیامی سەرمایی بۆ شارۆچکەکە دەنارد. بەفر دەســـــتی کرد بە بــارین، زۆری پێ نەچوو وردە بەفرینەکان لەســەر یەکتری کەڵەکە بوون و ڕێگایەکان پێی گیران. هەورە خۆڵەمێشییە ساردەکان ئاسمانیان گرتبوو، بەوەندە مەودایەی گرتبوویـان ئەوا جیهـانی بچووکی ئەو شـــــارۆچکەیان قەتیس کردبوو. ڕێگای ســــەر پردەکە بە تەواوی گیرا بوو، پۆلیسی شارۆچکەکە چەند بەربەستێکی ڕەنگ زەردیان لە هەردوو دەروازەی پردەکە لە پێشــــەوە دانـابوو، نەکا یەکێک بەو کەشــــە بە ئۆتۆمبێلەکەی بێتە دەرەوە و پێیدا بڕوات، زۆر مەترســــیدار بوو. هەرچەندە دەوری پردەکە کە درێژی چەنـد ســــەد مەترێـک دەبوو لەلایەکانیەوە بەربەســـتی ســــەلامەتی دانرابوو، بەڵام ڕێگا قیرکراوەکەی زۆر لووس بوو، بەفر ئەوێی زۆر مەترسیدار دەکرد. گرنـگ نییە خێرا بیـت یـان هێواش، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەگەر بە ئۆتۆمبێلەکەت بەسەر ئەو پردەدا بڕۆیت، ئەوا دەخلیسکێیت. لە سـاڵانی ڕابردوو کە ئەو کات پۆلیس کەمتـر کەمتەرخەم بـوو، ئەوا ڕووداوگەلـێکی بەرچــاو

ڕوویان دەدا... لە کۆی زۆرینەی ڕووداوەکانیش تەنیا دوو ڕووداویان بە مەرگ کۆتایی هات، ئەوانی تر خۆ پێکدادان و خلیســـکانی ســـادە بوون کە ئاکامەکەی تەنیا برینداربوونی ســـوارنشـــینەکانە. بەهەرحاڵ، پۆلیس لە کۆتاییدا بەخۆیاندا هاتن و بڕیاریاندا لە کەش و هەوای لەو شێوەیە پردەکە دابخەن. بـا خەڵـک لە مـاڵەوە بمێننەوە، بەفر زۆر ناخایەنێت و ڕێگا زوو دەکرێتەوە، پۆلیس هەمیشە ئەمەیان دەگوت.

وەکو هەر پردێکی تر ئەوا ســـایدی تایبەت بە پیادە هەیە، ڕێڕەوێکی تەســـک کە خەڵک دەتوانێت پێیاندا بڕوات. ئەو ڕۆژە هیچ کەسێک بەو سەرمایە لە دەرەوە نەدەبینرا، جگە لە گەنجێکی ڕەشـــپۆشـــی قژ کورت کە بەســـەر ڕێڕەوی پیادەی ئەو پردەدا دەڕۆیشت. هەر یەکێک ئەوی لەو کاتەدا بینیبـا کە بەفر بـارین تونـدی کردبوو، ئەوا وایـدەزانی خێویکە، سێبەرێکی ڕەش. بەڵام هیچ کەسێک ئەوی نەبینی، جگە لەو هیچ کەســـێـک لە دەرەوە نەبوو. بە درێژایی ڕێڕەوەکەدا دەڕۆیشت، ڕۆیشتنێکی نائاسایی، وەکو ئەوەی بە ئەســـتەم پاڵ بە خۆی بنێت و بڕوات. هەڵمی هەناســـەی نەدەبینرا، ئایا بەڕاســـتی هەناســـەی دەدا؟ بەڵێ، هەڵمێکی کەم، زۆر کەم لە لووتیەوە دەهاتە دەرەوە. ئەوەی ســـەیر بوو نەدەلەرزی، وەکو ئەوەی بەڕاســـتی هەســـت بەو

ســــەرمایە نەکات، ئەوەش ڕاســــتە بەوەی هەســــتی پێ نەدەکرد.

ئەگەر لەو ساتەدا دەستت لە پێستیدا بووبا، ئەوا دەستت دەیبەســت، بە شـێوەیەکی مەترسـیدار سـەرما کەوتبووە گیانیەوە، بەڵام خۆی هەستی پێنەدەکرد.

گەیشتە نیوەی پردەکە، دەستی بەسەر هێڵە ژەنگاوییەکەدا هێنا، تاکو ســــەروو کەمەری بەرز بوو. کەمێک ڕۆیشــــتە پێشــــەوە و ســــەیری ڕووبارەکەی کرد، تێبینی کرد کە خەریک بوو دەیبەســــت. ڕووبارێکی قووڵ، قووڵیەکەی بێ کۆتا لە ژێر ئەو بەرگی بەســـتنەدا دەردەکەوت کە خەریک بوو ڕووبارەکەی ڕووپۆش دەکرد. ئێستا هەلێکی گونجاوە، ئەوەی بە مێشکدا هات.

ڕۆیشــــتە ئەو دیوی هێڵەکە، خواروو پشــــتی ڕێک پێیەوە نووســابوو. ســەیری خوارەوەی کرد و ترس دایگرت، دڵی خێرا کەوتە لێدان و خوێن وەکو شــــێتێک بە دەمارەکانیدا دەهات و دەچوو. هەڵمی هەناســــەدانی دەرکەوت، وەکو چۆن دووکەڵ لە شـــەمەندەفەرێک دەهاتە دەرەوە ئەوا هەڵمی ئەو هەناســـەیەشـــی ئاوا لە دەمی دەهاتە دەرەوە. دوو فرمێســـک لە چاوی چەپی هاتنە دەرەوە، ســـڕییەوە. هەناســــەیەکی قووڵی هەڵمژی، کۆتا هێز بە خۆ دان. کە

خەریک بوو دەســـــتەکانی بەردا و بکەوێتە ناو ڕووبارەکە، ئەوا دەنگێک لە پشتییەوە هات.

"دڵنیـایـت کە دەتەوێـت ئـاوا بڕۆیـت؟" بە دەنگێکی هێمن یەکێک ئەمەی گوت.

ناو لەپی توند کردەوە و ڕووی لە دواوە کرد.

کچێکی بچووکی بینی کە تەمەنی لە حەوت ســـــاڵ تێپەڕ نەدەکرد، عەزیەیەکی سپی لەبەردابوو، ئەگەر نزیک نەبووبا ئەوا نەدەبینرا. قژێکی ڕەشـــی هەبوو، ڕێک وەکو تاریکایی شـەو، چاوە فراوانەکانیشی بە هەمان شێوە. هیچ پێڵاوێکی لەپێدا نەبوو، بە پێخاوسـی لەسـەر ڕێڕەوەکە لە پشـتییەوە وەستابوو. لە شوێنی خۆی جووڵا و ڕۆیشتە تەنیشتییەوە.

"دڵنیایت کە دەتەوێت ئاوا بڕۆیت؟" کچەکە ئەمەی دووپات کردەوە.

-لێرە بڕۆ بچکۆل، بەم سـەرمایە لە دەرەوە چی دەکەیت؟ مەترسیدارە.

-ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟

-من...

ڕووی لە ڕووبارەکە کردەوە، ئینجا دووبارە کچە بچووکەکە.

-ئەوەیان گرنگ نییە، دەی لێرە بڕۆ.

-وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە.

-بچکۆل، تکایە... تکایە بڕۆ.

کچەکە لێی نزیکتر بۆوە، دەستی لەسەر دەستی دانا.

گەنجەکە بۆ ساتێک سەری گێژی خوارد، دواتر هاتەوە سەر خۆی و کشایەوە دواوە، بەسەر ڕێڕەوە ساردەکەدا کەوت. هەستا و پشت بە هێڵەکە دانیشت، دەستەکانی و قاچەکانی و تەواوی جەستەی دەلەرزی.

"ئەوە چی بوو بینیم؟! تۆ کێیت؟!"

کچەکە ڕۆیشتە لای و بێ گوێدانە ساردی زەمینەکەی لای دانیشت.

"داهاتووت، وە بۆ ئەوەی بشزانیت کێم ئەوا چاوێک بە دڵتدا بخشێنە، ئەو کات دەزانیت."

ئەم جارەش دەستی لەسەر دەستی دانایەوە، بەڵام نەرم گوشی.

گەرمییەکی میهرەبانی پێ بەخشـــی، جەســـتەی لە لەرزین وەستا.

"ئەم هەستە..." گەنجەکە کەمێک بیری کردەوە.

-تۆ...؟!

-بەڵێ.

کچەکە بە ڕوویدا خەندەیەکی نواند.

-ئەوەی بینیم داهاتووم بوو؟ مەحاڵە!

-بۆچی مەحاڵە؟

-چونکە کەســـــانی وەکو من هەمیشـــــە تەنیـان، هیچ کەســـێکمان نییە! ئەوەی بینیم لەوە جوانتر بوو کە بڕوای پێ بکەم، مەحاڵە!

گەنجەکە بێ ئەوەی هەسـتی پێ بکات، ئەوا سـەری خسـتە سـەر شـانی کچە بچووکەکە، بە هۆی گریانەوە وردە وردە چاو و ڕوومەتی سوور دەبوونەوە.

کچەکە قۆڵی درێژ کردەوە و نیوە باوەشـــێکی پێدا کرد، سەری بچووکی خستە سەر سەری ئەو، بە نەرمی.

"تەنیا دەمەوێت هەســت بە شــتێک بکەم! جگە لەم تەنیاییە دەمەوێت هەســتی بە شــتی تریش بکەم! تووڕەیی، دڵتەنگی، دڵخۆشــی، کامەرانی، خەم و خەفەت... هەرچییەک بێت دڵم هەستی پێ بکات جگە لەم تەنیاییە کوشندەیە."

کچە بچووکەکە وردە وردە باوەشـــەکەی گەرمتر دەکرد بۆی، ئێســـتا بە هەر دوو قۆڵەکانی لە باوەشـــی خۆی کردبوو، بێدەنگ گوێی دەگرت.

"دەمەوێت... دەمەو...ێت" بە هۆی گریانەوە قســەی باش بۆ نەدەهات.

-دەمەو...ێت ئەم تاریکی...یە بەتاڵە بەر...م بدات، چیتر... چیتر نامەوێت تەنیا بم.

-ئەم تەنیاییە کۆتایی پێدێت، خۆ نیشـــانم دایت داهاتووت چی دەبێت.

گەنجەکە هەر دەگریا و دەگریا، ئەوەی لە دڵیدا بوو ڕشـتی و دواتر فرمێسکەکانی کەمێک گرتەوە.

-بەڕاستی ئەوە داهاتووی منە؟

-بەڵێ، بۆیە هێشـــتا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم ژیانە جێ بهێڵیت.

کچەکە قۆڵەکانی کردنەوە و هەســـتا، دەســـتی ئەوی گرت تاکو هەڵیبستێنێت، هەستا.

-کەی دەتبینمەوە؟

-لە کـاتی خۆیـدا، تـاکو ئەو کـات چێژ لە ژیـان ببینە، شایەنتە.

کچەکە چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە، گەنجەکە بانگی کرد و گوتی: سو... سوپاس.

کــچەکە ئــاوڕی دایەوە و زەردەخەنەیەکــی بــۆ کــرد، زەردەخەنەیەکی میهرەبان.

"تـاکو ئەو کـات خوات لەگەڵ" لەگەڵ گوتنی ئەمەدا لە ژێر سپیایی بەفرەکەدا ون بوو.

گەنجەکە دەستی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی کز کە لە ژێر ئەو بەفر بارینەدا قەتیس بوو گوتی: خوات لەگەڵ.

تاکو ٦٧ ســـــاڵی تر چاویان بە یەک نەکەوتەوە. کەوتبووە سەر جێگا و لەسەر جێگای مەرگی بوو، منداڵ و نەوەکانی لە دەوری کۆبووبوونەوە، فرمێســـک لە چاوەکانیان دزەی دەکرد و بەســــەر ڕوومەتیاندا دەهاتە خوارەوە. بۆ چەند ســــاتێک ســــەیری ئەوانی کرد، دواتریش ڕووی لە وێنەی

هاوســـــەرەکەی کرد کە لە تەنیشـــــتییەوە بۆی دانرابوو. وێنەکەی هەڵگرت و بۆ چەند ســاتێک گرتی، دواتر لەســەر دڵی دانا. خەریک بوو شــــتێک بڵێت کە ئەو هەســــتەی بۆ هاتەوە، ئەو هەســتە گەرم و میهرەبانە. لە پشــت ئەوانەوە دەرگای ژوورەکە کرابۆوە، ڕووناکی لێوە دەهاتە ژوورەوە. لەنــاو ئەو ڕوونــاکییەشــــــدا کچە بچووکەکە دەرکەوت، خەندەیەکی خەماوی لەسەر لێوەکانی بوو.

بە نیگایەکانی تێی گەیشــت کە کاتی هاتووە، ئەوەی قبووڵ بوو. کچە بچووکە بەناو ڕۆشــــناییدا ون بوو، ڕێک لەو ســــاتەدا چاوەکانی داخســــتن و کەوتە ناو خەوێکەوە، خەوێکی هەتاهەتایی.

ئەوەی ئەو ڕۆژە لەسەر پردەکەی بینی مەرگ بوو.

# گاڵتەجاڕی دڵی پیاو

ســــەیری نامەکەی دەکرد، کاغەزێکی ســــپی مەیلەو زەرد بوو، پۆســتەی ڤێنســیای لەســەر بوو. ســەیری پێشــەوەی نامەکەی کرد، نامەیەک بوو لەلایان هاوڕێیەکییەوە. سەرەتا وزەی ئەوەی نەبوو بیخوێنێتەوە، بۆیە لەســــەر مێزەکەی فڕێدا و ماوەیەک پشــتگوێی خســت. دوای ئەوەی کە بڕێک کــات تێپەڕی ئەوا ڕۆیشــــتەوە لای مێزەکە و نــامەکەی هەڵگرتەوە، ژوورەکە تــاریــک بوو، بۆیە ڕۆیشــــتە لای پەنجەرەکە. ئەو پەردانەی لادان کە حەفتەیەکی تەواو بوو ئەو ژوورەی وەکو شــــەوی زســــتان تاریک کردبوو. کە ڕووناکی خۆر هاتە ژوورەوە ئەوا چاوەکانی ئازاردا، بەڵام خێرا هاتەوە سەر خۆی و دووبارە لەگەڵ ڕووناکی گەشی خۆر ئاشنابۆوە. زەرفی نامەکەی کردەوە، دەستێکی لە ژێر چەناگەی دانا و هەناسـەیەکی قووڵی هەڵمژی، دەسـتی کرد بە خوێندنەوەی.

**بۆ (ڕۆلاند)ی هاوڕێم**

"چ گاڵتەجارییەکە ئەم دڵەی پیاو. دڵێک کە تەنیا دەیەوێت هەســـت بە بوونی بکرێت، دڵێک کە پێویســـتی بەوەیە لەم تـاریکییە بێ کۆتـایە ڕزگـاری بێت. هەمیشــــە هیوای بە ڕزگاری هەیە، وە خەیاڵی ئەوەش دەکات کە چۆن ڕزگاری دەبێـت، بەڵام ئەوە جگە لە خەیـاڵاتێکی درۆیین هیچی تر نییە. تەواوی ڕوحیانەتی خۆی بەو کەســە دەبەخشــێت کە وادەزانێت دەبێت بە ڕزگارکەری، بەڵام نـازانێت کە تـاکە کەسێک بتوانێت ڕزگاری بکات خۆیەتی. دڵ جگە لە هەست کردن پێی ئەوا زیاتری دەوێت، خۆشــــەویســـــتی... بەڵام خۆیشـــــی نازانێت ئەوە چییە کە دڵی داوای دەکات. تەنیا ناوێکە، چەمکێکە کە هەمیشـــە بە هزر و دەمارەکانی دڵیدا دەڕۆن، چەمکێـک کە هەمیشــــە وەکو زەنگی کڵێســـــای مەسـیحییەکان لە ناخیدا دەزرینگێتەوە. وەکو چۆن هەنگێک بەرەو شـیلەی گوڵێک دەچێت، ئەوا دڵی پیاویش بەرەو ئەو وشــەی خۆشــەویسـتییە دەچێت. دەیەوێت لە بەرهەمەکەی بخوات، بەڵام نــازانێــت ئەو بەرهەمەی کە دەیەوێــت و پێویســـتی پێیە پێویســـتی بە تاکە شــتێکە کە پیاو ناتوانێت فەراهەمی بکـات... کـات. ڕزگـارکەر... پڕکەرەوەی بەتـاڵایی بۆشایی ناخی.

شـتێکی زۆر سـادەی دەوێت، بەڵام نازانێت لە هەمبەردا چ ئاڵۆزییەکی دەسـت دەکەوێت. تەنیا "خۆشـەویسـتی" وەکو قاڵبێک دەبینێت، نازانێت چی لەناویدایە، ناشیهەوێت بزانێت چی لەناویدایە، لە نادیار دەترسـێت. مامەڵەی پیاو تەنیا لەگەڵ قـاڵبەکەیە، نەوەکو پێکهـاتەی نـاوی، هەر لەبەر ئەمەشە پیاو هەمیشە دەترسێت هەنگاو بەرەوی بنێت.

دڵی داوای دەکات، هاواری بۆ دەکات، بەڵام جووڵە ناکات، خۆ ئەگەریش بیکات ئەوا هێشتا مەترسی تر هەن. ئەوانەی بەڕاسـتی دەجووڵێن و بەدەم داواکاری دڵیانەوە دەچن کەسـانێکی بوێرن، بەڕاسـتی بوێرن چونکە بەرەو بوونێک هەنگـاو دەنێن کە یـان مـایەی زینـدوو بوونەوەی دڵیـان دەبێت، یان لەناوچوون و پارچەبوونی دڵیان کە هەر لە سـەرەتای بوونیانەوە شـکابوو. ئاخۆ ئەگەریش ئەو بوونە کە پێی دەڵێن خۆشـەویستی مایەی زیندوو بوونەوەی دڵی ئەو پیاوە بوێرانە بێت، ئەوا هێشـتا مەترسـی تر لەناو نەچوون. نەخێر، هی تری زۆر لە ڕێگـان هـاوڕێ. دەزانی گەورەترین جیـاوازی نێوان پیـاوان و ئـافرەتـان چییە؟ گەورەترین جیـاوازیـان ئەوەیە کە هەردووکیـان لـە دوو واقیعی تەواو جیاوازدا دەژین. پیاوان هەمیشـە لە ڕیتمی ژیاندا خێران، ئەمەش تەنیا بۆ بەشـێکی ژیانیان نییە، بەڵکو سـەرجەم بوارەکانی ژیانیان دەگرێتەوە. زوو قسـە دەکەن،

ڕووو ڕەفتــارێــک دەنوێنن، لەوانەش گرنگتر ئەوەیە زوو ســــۆزیان دەخەنە ڕوو... ئای چەند جێی بەزەیین. پیاوان سـەرەڕای ئەوەی کە بوونەوەرێکن لە ڕووی جەستەییەوە پتەون و بەرگەی ئاســـتەنگە مادییەکانی ژیان دەگرن، ئەوا لە بەرامبەردا خاوەنی ناخێکن کە دەتوانم بڵێم زۆر لە هی ئافرەت هەستیارترە. هەر بۆیەشە ئێمەی پیاو حەز دەکەین هاوســـەر یان خۆشـــەویســـتمان لە ڕووی ســـۆزدارییەوە بمانلێناوێننەوە... یان بە زمانی ســـــەردەم نازمان پێ بدەن. شـــتێکە هیچ پیاوێک دانی پێدانانێت، چونکە داننان بەوەی کە پـێـویســـــتـمــان بەوەیە بەرامـبەرمــان ئەو لایەنـی سۆزدارییەمان بۆ پڕ بکاتەوە گەورەترین گوناحێکە پیاو لە هەمبەر خۆی و ژینەکەی ئەنجـامی بـدات. بەڵام هـاوڕێ، ئێمە ئێســـتا لە ســـــەردەمێکدا دەژین کە نەک تەنیا دەبێت داوای ئەوە بکەین، بەڵکو دەبێت لەپێناویشـــــیدا بپاڕێینەوە. گەیشتووین بە سەردەمێک کە ئەگەر پیاوێک خۆشەویستی خۆی زۆر دەرببڕێت یان عاشقی بەرامبەری بێت، ئەوا پێی دەڵێن لاواز و گومان لە پیاوەتی دەکەن. جا ئەمە تەنیاش خەڵکی دەوروبەر نا، بەڵکو خودی ئەو کەســـەش وادەڵێت کە مێردەکەی یان خۆشـــەویســـتەکەی ســـۆزێکی وای بۆ هەڵدەڕێژێت. بەهەرحاڵ با جارێ واز لەوە بێنین و بچینە ســـــەر ئـافرەتـان، بزانین لـە چیـدا لە ئێمە جیـاوازن. بە

پێچەوانەوە ئافرەتان لە شـــێوەی ژیانکردن زۆر هێواشـــن، پەلە نـاکەن و هەر جۆرە ســــۆزێـک هەیـانبێـت ئەوا بە هاوسـەنگی دەیهێڵنەوە، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمەی نەزان و بەدبەخت ئەنجامی دەدەین.

ئێمە بە یەک جار هەمووی هەڵدەڕێژین و هەر بەردەوام دەبین لە هەڵڕشـــتنی تاکو هیچمان تێدا نامێنێت. بەڵام ئافرەتان نا، ئەوان ئەگەر بە ئەندازەی دەریایەکیش سۆز و خۆشەویستی لە دڵیاندا بێت، ئەوا هێشتا ئامادە نین زۆری هەڵڕێژێت، لەوە ژیرترن. وەکو چۆن بەلوعەی ئاوێک بە دڵۆپە ئاوی لێ دێتە خوارەوە، ئەوا ئافرەتیش ئاوا ســۆزی خۆی بە بەرامبەری دەبەخشــێت. هەڵبەتە ئەمە هەموو کاتێک ڕاســت نییە، دەکرێت ڕۆڵەکان پێچەوانە ببنەوە، یاخود هەردووکیان بە ئەندازەی یەکتری خۆشـەویستی بە یەکتری ببەخشــن، جا زۆر بێت یان نا، هەڵبەتە ئەمەش ئێجگار دەگمەنە. ئاخۆ ئەگەریش هەردووکیان لە بەخشینی ئەوەی لە دڵیاندایە هاوســەنگ بن، ئەوا هێشــتا مەترســی لەسەریان لانەچووە. نابێت ئەوە لەبیر بکەیت لەم دونیایەدا هەموو شتێک کاتییە، بە تایبەتیش خۆشەویستی نێوان دوو کەس کە یەکتریان هەڵبژاردووە. جۆرەکانی تری خۆشەویستی تریش کاتین، جگە لە خۆشەویستی دایک و باوک بۆ منداڵەکەیان نەبێت، ئەوە هەرگیز کاتی نییە.

بەهەرحاڵ... بۆیە دەڵێم بە تایبەتی خۆشەویستی چونکە کە سەرنج بدەیت وەکو تەواوی شتەکانی تر بە گڕێک دەست پێدەکات، ئەم گڕە بە پێی قوڵییەکەی دەمێنێتەوە تاکو ئەو ساتانەی وردە وردە خامۆش دەبێتەوە، لە کۆتاییشدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هیچی نامێنێت. خۆ ئەگەر ڕێگری لە خامۆش بوونەوەی بکرێت و هەمیشە هەوڵ بدرێت ئەو گڕی ئاگرە بە گەشی بمێنێتەوە ئەوا شتێکی باشە، ئەگەر دوو کەس توانستی شتێکی لەم شێوەیان هەبێت ئەوا بەڕاستی خۆشبەخت دەبن، بەڵام ئەمەش دەگمەنە. باشترین نموونەیەکیش تۆیت هاوڕێ، بەڵێ تۆ. هەمیشە هەوڵت دەدا گڕی خۆشەویستییەکەت گەش بکەیتەوە، تۆ ئیتر لەو جۆرە پیاوانەیت کە ناتوانن پشت لە خۆشەویستی بکەن و چاوی خۆیان لە بەرامبەر ڕاستی کوێر دەکەن. هەمیشە ڕووت وەردەگێڕا، وە چاوپۆشیت دەنواند، وا ڕەفتارت دەکرد کە هیچ کێشەیەک لە نێوانتاندا نییە، ئەگەریش هەبووبێت ئەوا چیتر نەماوە. ئەمەش هۆی لەناوچوونی ئەو پەیوەندییەتان بوو کە ئەسڵەن پێکەنینم دێت پێی بڵێم پەیوەندی. ببوورە وا ڕەق قسە دەکەم، بەڵام چیتر ناتوانم خۆم بگرم. دەزانیت هاوڕێ گەورەترین درۆیەک کردبێتت بەرامبەر خۆت بووە؟

کاتێک سەرەتای پەیوەندیتان بوو و شەوانە دەهاتیتە لای من تاکو دڵخۆشی خۆت دەرببڕیت ئەوا بەزەییم پێدا دەهاتیتەوە، چونکە شتێکت دەگوت کە مێشکم بە هیچ شێوەیەک وەری نەدەگرت. باسی ئەوەت دەکرد کە عاشقی بوویت، بەڕاستی جێی بەزەیی بوویت. تۆ تەنیا تامی بڕێک خۆشەویستی و حەز پێکردنت کرد و ناوت لێنا عشق. نا ئەوە عشق نەبوو، عشق زۆر لەوە قووڵتر و پیرۆزترە کە بیرت لێی دەکردەوە.

وە عشق کاتێکی زۆری پێدەچێت تاکو درووست دەبێت، ئەویش لە ئاکامی بەردەوامی و بەخشین و خۆشەویستی و چاوپۆشین، شتێک نییە بە تاکە شەوێک درووست بێت. خۆ ئەگەریش عاشق بووبایت و ئەویش عاشقت بووبا ئەوا ئێستا ئەمە ڕووی نەدەدا کە ڕوویدا. ئایا کەسێک یەکێکی تر جێدەهێڵێت کە عاشقییەتی؟ دەزانم کە ئێستا لە دڵی خۆتدا وەڵامم دەدەیتەوە و دەڵێیت بەڵێ، ئەگەر یەکێک بەڕاستی عاشقی یەکێک بێت ئەوا دەبێت دەستی لێ بەربدات و ئازادی بکات. منیش لە هەمبەر ئەم قسەیەدا دەڵێم قسەی پڕوپووچ! دوو کەس کە عاشق بن ئەوا هەرگیز یەکتری جێناهێڵن، هەرچییەک بکەن هەمیشە چاوپۆشی لە یەکتری دەکەن، پێ لە دڵی خۆیان دەنێن و بە تەواوەتی بوونیاتی خۆیان بە یەکتری دەبەخشن. دەبن

به کۆیله، کۆیلەی دڵی یەکتر. هەر لە سـەرەتاوە بەقسـەت نەکردم، گوێیەکانی خۆت داخسـتن و لەسـەر پەیوەندی بەسـتن سـوور بوویت. دەتزانی ئەمە تـاکو کۆتـایی سـەرناگرێت و ئەوەی دەیکەیت تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بەتاڵاییەی ناختە، بەڵام کەللەڕەقیت نواند و هەر ئەنجامتدا. ئەمەش ئەنجامەکەی. هەواڵم بۆ هاتووە کە حەفتەیەکە لەو ژوورە تـاریـک و تەسـکەت نەهـاتوویتە دەرەوە، وە خواردنیش بـاش نـاخۆیت. واز لەمە بێنە هـاوڕێ، خەم و پەژارە بە هیچـت نـاگەیەنن جگە لەوەی ڕوحـت مـانـدوو بکەن. دەست بە ژیانکردن بکەوە، خۆت خۆشبەختی خۆت درووسـت بکە. وەکو ئەو کچەی هاوپۆلمان بکە کە کاتی خۆی لە زانکۆ لە کاتی ڕێسـتەکاندا دەڕۆیشـتە هۆڵێکی بچووکی بەتاڵی پشـتەوەی زانکۆ تاکو سـەما بکات. وا سـەمـای دەکرد وەکو ئەوەی تەنیـا خۆی لەو دونیـایەدا بوونی هەبێت، هەسـتی بە چی کردبا ئەوا بەو شـێوەیە سـەمای دەکرد. ئای چەندە ئازاد بوو... ناڵێم سـەما بکە، چونکە ڕاسـتی لەوەدا زۆر خراپیت، تەنیا دەڵێم بۆ خۆت بژی، ئەگەریش یەکێـک لە داهـاتوودا هەبوو تۆی وەکو خۆت ویسـت، ئەوا باشـتر. بەهەرحاڵ هـاوڕێ، زیاتر نـامەکەم درێژ نـاکەمەوە، خۆشـم کـاتم زۆر نەمـاوە، نیو

ســـــەعاتێکی تر دەبێت بڕۆم بۆ بەندەری ڤێنســــیا، هەر ئەمەندە دەڵێم و هیچی تر.

کات هەموو برینێک ســــارێژ دەکاتەوە، لەمە دڵنیابە. وە ڕقیش لە هەڵمەگرە، بەڵکو سـوپاسـی بکە بەوەی کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بوویێت دڵخۆشـــــی کردیت. هیوای ژیانێکی بەختەوەری بۆ بخوازە، هەمان شــــتیش بۆ خۆت بخوازە. کە هاتیشــــمەوە لەو ژوورە لەعنەتییە دەرتدێنم و چەند پێکێک پێدەکەین، تاکو ئەو کات وریای خۆتبە."

**ڤێسریم**

**ڤێنسیا، ١٩١٣ز**

کە نـامەکەی خوێنـدەوە شــــتێک تێیـدا گۆڕا، خـاڵێک لە ڕووناکی سـپی کەوتە ئەو دڵەی کە نوقمی تاریکی و ئازار بووبوو. نەیزانی بۆچی، بەڵام کە لە خوێنـدنەوەی نـامەکە تەواو بوو ئەوا هەســــتی بە نوێ بوونەوە کرد. توانی دووبارە هەناســـە بداتەوە، هەناســـەی ئاســـوودەیی... بیری ئەو هەسـتەی کردبوو. نامەکەی لەسـەر ڕۆخی پەنجەرەکە دانا، ســـەیری دەرەوەی کرد و لە هەموو شــتێک ڕووانی. شـەقامی قەرەباڵغ، ئاسـمانی شـین، پەڵە هەورە سـپییەکان، ڕووناکی... لە هەموو شتێکی ڕووانی.

# ژیانەوەی دڵ

لەسـەر جێگـا کەوتبوو، تـازە چـاوەکـانی هەڵنـابوون. ژوورەکەی تاریک بوو، بەڵام پشـتی پەردەکە گەش بوو، خۆر بە دەرەوە بوو و تینی لە پەنجەرەکە کردبوو. بۆ ماوەیەک لەسـەر جێگایەکەی مایەوە، وزەی هەسـتانی نەبوو، تەنیا سـەیری سـەقفی شـوقە بچووکەکەی کرد. مـانـدوویی شـەوی ڕابردوو هێشـتـا بەری نەدابوو، جەستەییەن زۆر ماندوو بوو، بەڵام مێشکی زیاتر ماندوو بوو. هەستی دەکرد یەکێک بە دەستەکانی سەری گرتووە و دەیگوشێت، هەستی بە پەستان دەکرد. لەسەر پشتی هەستا و لەسەر لێواری سیسەمی خەوەکەی دانیشت، سـەری نزم کردەوە و چاوەکانی داخسـتەوە، بە سـەرە پەنجەکانی چاوەکانی گوشین، هەناسەیەکی خێرا و قووڵی هەڵمژی. بەرەو حەمام ڕۆیشـت، بە بێ وزەییەکی زۆرەوە ئاوی بە دەموچاویدا کرد، کەمێک هەستی بە نوێ بوونەوە کرد و قورسـاییەک لەسـەری لاچوو. لە کاتێکدا ئاوەکە لە ڕووخسـاری دەتکا و وەکو دڵۆپە دەهاتنە خوارەوە، ئەوا بۆ چەند خوولەکێک سـەیری ئاوێنەی کرد، ئاوێنەدانەوەی خۆی بینی.

هیچ هەستێکی تایبەتی نەبوو، هیچ شتێکی تایبەتی نەبینی، تەنیا شتێکی بینی... بەتاڵی. لە حەمامەکە ڕۆیشتە دەرەوە و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت، دەیزانی درەنگ هەستاوە چونکە هەستی بە گەرمی پشت پەردەکە دەکرد. بە هێواشی پەردەکەی لادا، تیشکی خۆر دەرکەوت، نەیهێشت بەر ڕووخساری بکەوێت چونکە دڵنیا بوو چاوەکانی ئازاریان پێ دەگات. چەند ساتێک وەستا، ئینجا ئاسایی بۆوە. پەنجەرەکەی کردەوە و سەیری دەرەوەی کرد، نیوەڕۆ بوو. دوکانداران و فرۆشیاران شتومەکەکانیان هەڵدەگرتەوە، کڕیارانیش شەقامەکەیان وردە وردە چۆڵ دەکرد و دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ژەمی نیوەڕۆ زۆری نەمابوو. لە سەیرکردن بەردەوام نەبوو، پەنجەرەکەی داخستەوە، بەڵام پەردەکەی هەر بە لادراوی جێهێشت. ویستی بچێت بۆ چێشتخانەکە تاکو شتێک بخوات و ئەو برسییەتییەی نەهێڵێت، بەڵام ئیشتیهای خواردنیشی نەبوو. بەهەرحاڵ هەر ڕۆیشت، هەر کە لە چێشتخانەکە نزیک بۆوە ئەوا تێبینی شتێکی دا. لە خوارووی دەرگای مەدخەل زەرفێکی نامە فڕێدرابوو، دیار بوو بە کەلێنی ژێر دەرگایەکە بەڕێکرابوو. زەرفەکەی هەڵگرت، سووڕاندی و ناوی کەسی نامەنووسی بینی. دڵی خێرا لێیدا، ناو سکی

تەســـــک بووبۆوە، دووچاری هەڵچوونێکی دەروونی توند بۆوە. ڕۆیشتەوە سەر جێگا، لەسەر لێوارەکەی دانیشت.

بۆ چەند خوولەکێک هیچی نەکرد، تەنیا ســـــەیری زەرفی نامەکەی کرد و لێی ڕووانی. دوای ئەوە دەســــــتی کرد بە کردنەوەی، زەرفەکەی فڕێدا و نامەکەی دەرهێنا، دەســــــتی کرد بە خوێندنەوە.

## بۆ (ڕۆلاند)ی ئازیزم

"ماوەیەکی زۆرە خەریکی نووســـــینی ئەم نامەیەم، تەواوی شــــــەوەکەم بێ خەو بڕی بۆ ئەوەی بتوانم ئەو شـــــــتانە بنووســـــــم کە بەڕاســــــتی لە دڵمدان. نازانم چۆن و لە کوێ دەست پێبکەم، بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم. ڕۆلاند... شتانێک لەنێوانماندا ڕوویاندا کە خۆزگە ڕوویان نەدابا، شتانێک کە دڵی هەردووکمانی شــــــکاند. ئەوەندەی لێک دوور بووین بەردەوام بووم لە بیرکردنەوە، نەمزانی چۆن و بۆچی ئەو شـــــتانە ڕوویاندا، یاخود وردتر بڵێم لەو کاتەدا نەمدەزانی. شتانێکم پێ گوتیت کە وامزانی ڕاستین، بەڵام هەڵە بووم. هەســــتم بەو هەڵەیە نەکرد، لە خۆم تێنەگەیشــــتم، نەمزانی چیم دەوێت و هەستم چۆنە. لە ئاکامی ئەوەش شتانێکم پێ گوتیت کە لێیان پەشـــــیمانم، هەم دەرحەق بە تۆ، هەمیش دەرحەق بە خۆم. پێم گوتیت کە چیتر هەستم بۆت نەماوە،

بەڵام ئای (ڕۆلاند)ەکەم چەندە هەڵە بووم. ئەمەندەی لێک جیابووینەوە و کاتمان بێ یەکتری بەڕێکرد زانیم چەندە خۆشم دەوێیت، زانیم ژیانم بێ تۆ چەندە بەتاڵە. نەک تەنیا خۆشـــم دەوێیت، بەڵکو عاشـــقتم، لە کۆتاییدا ئەمەم بۆ دەرکەوت. (ڕۆلاند)ەکەم، ئەوینەکەم... من و تۆ بۆ یەکتری درووســـت کراوین، بێ یەکتری هەردووکمان لە بەتاڵاییدا دەژین و تەنیاش هەست بە بەتاڵایی دەکەین. ئێستاش بۆیە ئەمانە دەڵێم چونکە سەرەڕای هەموو ئەو شتانە چاوەڕێم دەکرد پەیوەندیم پێوە بکەیت، یان تەنیا نامەیەکم بۆ بنێریت. دەمویســـت بێیتە لام و توند دەســـتەکانم بگریت، بەڵام دەنگت نەبوو. تەواوی ڕۆژ و شـــەوەکان چاوەڕێی هاتنی تۆ بووم، بەڵام نەهاتیت، ئەمەش دڵی شکاندم. دەزانم تۆش دڵت شـــکا، دەزانم چەندە ڕووخایت، بەڵام هێشـــتا چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بێیتەوە لام. عاشـــقی من بوویت، بۆیە پێم ســـەیر بوو نەهاتیت. دەبوایە هاتبایت، دەبوایە پەیوەندیت پێوە کردبام، دەبوایە باوەشـێکی توندت بە مندا کردبا و گوتبات جێت ناهێڵم ئەگەر بشـتهەوێت، بەڵام هەر نەهـاتیـت. بۆیە دوای چـاوەڕێییەکی زۆر نەمتوانی چیتر بەرگە بگرم، نەمتوانی بەرگەی ئەوە بگرم جـارێکی تر پێکەوە قسـە نەکەینەوە و پێکەوە بەردەوام نەبین، بۆیە من دەســـتپێشـــخەری دەکەم. (ڕۆلاند)ەکەم، هەرچی ڕوویدا لە

ئاكامی هەڵە تێگەیشـــتن و دەســـتوەردانی دەرەکی بوو. ئەگەر چەند کەســـێک نەهاتبان و لە ژێریان نەخوێندبابین، ئەوا ئێســـتا ئەمە ڕووی نەدەدا، ئەگەر ڕووشـــیدابا بەم شێوەیە نەدەبوو.

بەهەرحاڵ... من نەهاتووم تاکو تانەت لێ بدەم و بڵێم تۆ هەڵە بوویت، چەندی هەڵە بووبیت ئەوا منیش بەو ئەندازەیە هەڵە بووم. بۆ ئەوە نەهاتووم تاکو کەســـانی تر تۆمەتبار بکەم، بۆ ئەوەی نەهاتووم تاکو بیانوو ببەخشـــم بە لێک هەڵە تێگەیشـــتنی نێوانمـان... نەخێر گیـانەکەم، بۆ ئەوە نەهـاتووم. بۆ ئەوە هـاتووم تـاکو پەڕەیەکی ســـپی هەڵدەینەوە، بـا ئەوینەکەمـان نوێ بکەینەوە و پێکەوە ئەم ژیانە بەســـەر ببەین. با تەنیا من و تۆ بین، تەنیا من و تۆ بەســـین. لەم دونیایەدا تەنیا یەکتریمان هەیە (ڕۆلاند)ەکەم، ئەمەندەش بۆمان بەسە. لەوانەیە ڕۆژانێک ماندوو بووبێتم، لەوانەیە ڕۆژانێک بێزارکەوتبم، وە بە هۆی ئەمانەشـــەوە هەم تۆ و هەمیش من وامـانزانی خۆشـــەویســـتیم بۆت نەمـــاوە، بەڵام هەردووکـــمـــان هەڵەیـــن. هەرگـــیـــز لە خۆشـەویستیت نەوەستام، ئێستا باش ئەوە دەزانم، وە لە قوڵایی دڵمەوە عاشـــقتم. وەکو خۆت هەمیشـــە دەڵێیت: ئەوینێکی بێ کۆتام بۆت هەیە میاکارۆ. خۆشم دەوێیت، وە

دەزانم تۆش منت خۆش دەوێت، بۆیە با دەست پێبکەینەوە و ئەوەندە ژیانەی ماومانە لە عشقی یەکتردا بەڕێی بکەین."

**پریتنی**

**لەندەن، ١٩١٣ز**

دلۆپەی فرمێسکەکانی دەکەوتنە سەر نامەکە، بە ئەندازەیەک فرمێسکی دەڕژا کە ڕوومەتی بە تەواوی سوور بووبۆوە و دەبرژایەوە. شەوی ڕابردوو کە لەگەڵ ڤێسریم ڕۆیشتبووە دەرەوە بۆی دەرکەوت کە ژیانی چەند بەتاڵە، ویستی خۆی سەرقاڵ بکات و وەکو بەناو هاوڕێیەکەی دونیا بە گاڵتە وەربگرێت، بەڵام نەیتوانی. تاکە شتێک و تاکە کەسێک کە بیری لێ دەکردەوە تەنیا پریتنی بوو. دەیەویست پەیوەندی پێوە بکات و داوای لێ بکات بۆ لای یەکتری بگەڕێنەوە، بەڵام دڵی بە ئەندازەیەک شکابوو کە نەیتوانی ئەو کارە بکات، برینەکەی زۆر قووڵ بوو. بەڵام ئێستا کە ئەو نامەیەی بینی، کە هەستی بەو سۆز و عشقە کرد، ئەوا برینەکە سارێژ بۆوە، بە ئەندازەیەک وەکو ئەوەی کە هەر بوونیشی نەبووبێت. کاغەزی نامەکەی خستە سەر دڵی، سەری دانواند و دەستی کرد بە گریان، گریانی کامەرانی. دەنگی دەرگا هات، یەکێک لە دەرگای دەدا. لەسەر جێگایەکە هەستا و ڕۆیشتە لای دەرگایەکە،

فرمێسکەکانی سڕینەوە. دەرگایەکەی کردەوە، ئەوی بینی. کە بینی ڕۆڵاند چاوەکانی هەڵاوساون ئەوا سۆزی جووڵا، فرمێسک بەسەر چاوەکانی ئەویشدا هات.

بۆ ساتێک بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە سەیری یەکتریان کرد، هیچیان نەگوت. کە ســـــاتەکە کۆتایی پێهات، ئەوا ڕۆڵاند دەستی گرت و بردییە ژوورەوە. توند باوەشی پێدا کرد، (پریێتنی)ش بە هەمان شێوە. گریان دەستی پێکردەوە، لە باوەشـــــی یەکتریدا. دوای ئەو ڕۆژە بۆ جارێکی تر یەکتریان جێ نەهێشـــتەوە، تاکو کۆتا ســـاتەکانی ژیانیان پێکەوە مانەوە.

# نووسینێک لە دڵەوە

لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، جەستەی خۆی ئاسوودە کرد و کەمێک پشتی خوارکردەوە، بەم شێوەیە ئەو سەرینەی پشتی ڕێک کەوتە بن ملی. کۆمپیوتەرەکەی لەسەر ڕانەکانی بوو، کۆمپیوتەرێکی سپی بوو لە جۆری لینۆڤۆ، لەو جۆری کۆمپیوتەرانە کە ویندۆزەکەی هی ساڵی "٢٠١٠"یە و لەوەی خۆی زیاتر بەرز نابێتەوە. بەڵام ئەوە کێشە نەبوو، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو تەنیا بەرنامەی Word بوو کە باش کاری دەکرد. دوگمەی دەستپێکردنی داگرت و گڵۆپێکی سپی پێ بوو، دواتر وردە وردە شاشە ڕەشەکە ڕۆشەن دەبۆوە و ڕەنگی تری لە خۆ دەگرتن. تیشکی سپی مەیلەو شینی کۆمپیوتەرەکە لە ڕووخساری دەدا، ئەو تیشکەش لە ژوورە تاریکەکەدا ڕۆشناییەکەی زیاتر بوو. کە پەیجی سەرەکی کرایەوە، ئەوا وێنەی ڕێوییەک لەناو دارستانێکدا دەرکەوت، پەسەندترین جۆری ئاژەڵ لای ئەو ڕێوی بوو، سەرسامی جوانی و زیرەکیان بوو. پەنجەی ناوەڕاستی بردە سەر ماوسەکە، ئەو لاکێشە بچووکە لووسەی خواروو کۆمپیوتەرەکە. ماوسەکەی بەرەو ئایکۆنی Word برد،

دوو جار کلیکی لەسەر کرد. کۆمپیوتەرێکی خاو بوو، بۆیە چەند چرکەیەکی پێ چوو تاکو بەرنامەکە بە تەواوی بۆوە. کە کرایەوە، ئەوا لاپەڕەیەکی سپی بینی، بەڵام هێشتا ئامادە نەبوو بۆ نووسین. کلیکی لەسەر Page layout کرد و قەبارەی پەڕەکەی کەم کردەوە، دواتریش ڕۆیشتەوە سەر Home تاکو دەستکاری فۆنت و قەبارەی نووسینەکەی بکات. ناونیشانی بۆ نووسینەکەی دانەنا، ڕاستەوخۆ دەستی کرد بە نووسین.

"زۆر جار دەبیستین کە هیچ شتێک لە خۆشەویستی ئاڵۆزتر نییە. زۆرینەی خەڵک بڕوایان بەمە هەیە، بە تایبەتیش کاتێک دوو کەس لە یەکتری جیا دەبنەوە و دواتر لۆمەی ئەوە دەکەن کە خۆشەویستییەکەیان درووست نەبووە یان سەری نەگرتووە بە هۆی ئەوەی کە بە پێی کات ئاڵۆز بووە. بەڵام بە پێچەوانەی ڕای گشتی، ئەوا ئامادەم بڵێم کە ئەمە لە قسەیەکی پووچ و بێ مانا هیچی تر نییە. خودی خۆشەویستی شتێکی زۆر سادە و پاکە، لە بنەڕەتدا ئاڵۆز نییە، ئەوە ئێمەی مرۆڤین کە ئاڵۆزی دەکەین. دەتوانم بە نموونەیەکی خەیاڵی کە لە ڕاستییەوە وەرگیراوە ئەو قسەیەم پشتڕاست بکەمەوە. وێنایی دوو کەس بکەن، کوڕ و کچێک کە تازە چوونەتە ناو قۆناغی گەنجیەتییەوە.

ســــەرەتا کە یەکتری دەبینن ئەوا هەســــتێکی ئەوتۆیان بۆ یەکتری نییە، بەڵام بە پێی کات کە قســــە دەکەن ئەوا حەز بە یەکتری دەکەن، ئەم حەزەش دواتر دەبێتە خۆشەویستی. کە ئەو خۆشەویستییە بەرهەمی دەبێت، هەڵبەتە بەرهەمێکی ڕاســــتەقینە نەوەکو پەیوەندییەک تەنیا بۆ کات بەڕێکردن، ئەوا خۆشـەویستییەکەیان لەوێ دەچەقێت. خۆشـەویستیان لەوە زیاتر نابێت، ئەمەش شتێکی خراپ نییە چونکە ئەوەی گرنگە بەردەوامییە. ئەو خۆشــــەویســــتییە تاکو ماوەیەکی زۆر لە شــــوێنی خۆی دەمێنێتەوە، هەر شــــتێکیش کە زۆر مــایەوە ئەوا وەکو ڕووبــارێــک لقی تری لێ دەبێتەوە. خۆشـەویستیش لەچاو شـتی تر تایبەت نییە، ئەویش وەکو هەســــتەکانی تر پێویســــتی بە ڕێگای جیاواز جیاوازە بۆ ئەوەی بەرجەســــتە بکرێت. جا با بێینەوە ســــەر ئەو دوو گەنجە. کە دەکەونە داوی خۆشــــەویســــتییەوە ئەوا چەند مانگی سەرەتا دەبێتە خۆشترین ساتەکانی ژیانیان، جگە لە دەربڕینی ئەوین و خۆشــــەویســــتی هیچ شــــتێکی تر لە یەکتری نابینن. تاکو ئێرە خۆشـەویسـتییەکەیان پاکە، هەر بە پاکیش دەمێنێتەوە، بەڵام بە پێی کات خۆیان بەرگ بۆ ئەو کرۆکی خۆشــــەویســــتییە درووســــت دەکەن و لە ڕۆشـنایییەکەی کەم دەکەنەوە. کە ئەو چەند مانگە خۆشــە تێپەڕین، ئەوا قۆناغی دواتر دێت کە قورســــترین قۆناغی

پەیوەندییە. دوای ئەوەی کە بۆ چەند مانگێک پێکەوە بێ کێشـــە ڕۆژگاریان تێپەڕاند، ئەوا وردە وردە کێشـــە وەکو زیپکەکانی ســـەر ڕووخســـار دەردەکەون. یەکەمین بەرگ لەوێوە دەردەکەوێت، بەرگێکی تەنک کە بەرگی ئەســـتوور بەدوای خۆیدا دێنێت، هەڵبەتە ئەگەر لە چارەســـەرکردنی کێشـەکان سـەرکەوتوو بن ئەوا بەرگەکانی تر وەکو یەکەم دانە هەر تەنـک دەبن یـان هەر نـابنە بەرگیش، ئەمەش دەگمەنە. بەهەرحاڵ با بڵێین ڕەفتارێک لە کوڕەکەدا هەیە و کچەکە بەدڵی نییە، پێشـــووتریش هەر بەدڵی نەبووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو کات بە کوێری خۆشـــی ویســـتووە ئەوا ئەو ڕەفتارەی تێدا نەدەبینی. خۆشـەویسـتی بەڕاسـتی کوێرە، بەڵام ئەمە زۆر نـاخـایەنێـت و لـە کۆتـاییشـــــدا چاوەکانمان دەکرێنەوە. کچەکە بۆ ماوەیەک بە شـێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ دەیەوێت تێی بگەیەنێت کە ئەو ڕەفتارەی بەدڵ نییە، بەڵام لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت بەوەی کە کوڕەکە تێناگات. ئەمە بەلای کچەکەوە ســـەیرە، بەڵام لە ڕاستیدا سەیر نییە، چونکە بێ سوودترین شتێک کە کچێک یان ئافرەتێک بیکات ئەوەیە بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ هـاودەمەکەی بەرەو شـــتێکی دیـاریکراو ڕێنوێنی بکـات، مێشـــکی پیـاو لەســـەر ئەوە ڕانەهـاتووە و هەرگیزیش ڕانایەت. ڕەگەزی نێر بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و بێ پێچ

و پەنا بیر دەکاتەوە، لە دوورەوە تەنیا یەک خاڵ دەبینێت و هەر بەرەو ئەو خاڵەش دەڕوات.

ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئاســـــتی بیرکردنەوەی نێر ســـــنووردارە، بەڵکو ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە ســـــاتێکی دیاریکراودا تەنیا دەتوانن سەرنج لەسەر تاکە شتێک بدەن. بەڵام مێشکی مێ وانییە، ئەوان دەتوانن لە یەک کاتدا چەند خاڵێک ببینن، بە درێژایی ڕێگایەکەش کە ڕێڕەوی تری لێ دەبێتەوە ئەوا هەوڵدەدەن بەو خاڵانە بگەن. جا ناکۆکییەش لێرەدا دروست دەبێت. کچەکە کە وادەزانێت تێدەگات ئەوا پێی سـەیرە هێشـتا ئەو ڕەفتارەی تێدایە، یاخود وادەزانێت هێشـتا تێنەگەیشـتووە، ئەمەشـی هەر بەلاوە سـەیرە. ئەگەر یەکێک بەرامبەر ئەو بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ پەیامێکی پێ گەیشـــــتبا، ئەوا ڕێک لێی تێدەگەیشـــــت، بۆیە بەلایەوە نـامۆیە کە هـاودەمەکەی وەکو خۆی نییە، ئەمەش بە پێی کـات بێزاری دەکـات، ئەم بێزارییەش بە پێی کـات دەبێتە تورەیی.

ئەم هەسـتە نارەحەتە بە پێی کات کەڵەکە و کەڵەکە دەبێت، تاکو ڕۆژێک دادێت بە ڕووی هاودەمەکەیدا دەتەقێتەوە و پەیامەکەی بە ڕاستەوخۆیی پێ دەگەیەنێت. نەک تەنیا ئەوە دەڵێت، بەڵکو شـــــتانێکی تریش دەڵێت کە پێشـــــووتر لە

بەشێکی تاریکی مێشکیدا چەقی بوون، شتانێک کە زمانی دەیانڵێت نەوەکو دڵی. کوڕەکە کە چاوەڕێی ئەم قسە لەپڕانەی نەدەکرد، ئەوا تووشی شۆک دەبێت، جگە لە بەرگری کردنیش لە خۆی هیچ هەڵبژاردەیەکی نابێت، ئەمەش کێشەکە گەورەتر دەکات. بەڵام با بڵێین ئەمەیان حاڵەتێکی تایبەتە و مێشکێکی فراوانی هەیە، با بڵێین قسەکانی لێوەردەگرێت و هەوڵ دەدات ئەوە لە خۆیدا نەهێڵێت کە داوای لێکراوە. وەکو گوترا ئەمە حاڵەتێکی تایبەتە، ئەگینا زۆرینەی پەیوەندییەکان ڕێک لە یەکەم بەربەستدا لێک هەڵدەوەشێن. ئەم جۆرە پەیوەندییانەش لەسەر بنەمای حەزن، نەوەکو خۆشەویستی. کات تێدەپەڕێت و خۆشەویستییەکەیان هەر بەردەوامە، بەرگێکی تەنک بە دەوری کرۆکەکەدا هاتووە، ڕۆشناییەکەی کز کردۆتەوە، بەڵام هێشتا ڕووناکییەکی گەشی هەیە. دواتر کێشەیەکی تر ڕوودەدات، ئەم جارەش کچەکە ڕەفتارێکی تری تێدا دیوە کە بەدڵی نییە.

لە جاری یەکەم وانەی وەرنەگرتووە و ڕاستەوخۆ پەیامەکەی پێ ناگەیەنێت، چونکە لە مێشکی خۆیدا وای داناوە ئەوە هاودەمەکەیەتی کە وانەی وەرگرتووە و لەمەودوا تێدەگات. ئەم جارەش بە ناڕاستەوخۆیی پەیامەکەی دەگەیەنێت، بەڵام دووبارە کوڕەکە تێناگات،

ئەمەش لەچـاو جـاری یەکەم زیـاتری تورە دەکـات. یـان وردتر بڵێم وەکو ئەو کچەی کە بیرمە هەمیشـــــە دەیگوت بۆچی ئیمانم وا کز دەکەیت؟

ئەم جارەش وەکو جاری یەکەم شـەڕێکی تر ڕوودەداتەوە، کوڕەکە ئەم جارەش هەر شـــۆک دەبێت چونکە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد حاڵەتێکی لەم شـێوەیەی وەکو یەکەم جار ڕوویداتەوە چونکە ئەو لە مێشـکی خۆیدا وا وێنایی دەکرد کە هاودەمەکەی لەمەودوا هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە و بە ڕاستەوخۆیی پەیامەکانی دەگەیەنێت.

جا ئەم بەرگە تازەیەی درووســت دەبێت و دەوری بەرگی یەکەم دەدات وەکــو ئەوەی تــر تەنــک نــیــیە، بەڵــکــو ئەســتوورییەکەی شــتێک زیاترە، وە ڕۆشــنایی زیاتر کز دەکـاتەوە، بەڵام هێشـــتـا بەو ڕاددەیە نـا کە بە تەواوی خامۆشی بکات.

با بڵێین کوڕەکە ئەم جارەش بەقسەی دەکات، ئامادەیە پێ لە دڵ و کەرامەتی خۆی بنێت بۆ ئەوەی دڵخۆشـی بکات و ئاشـــتی بکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەو ڕەفتارەی تێیدایە هی ئەوە نییە وا سـەرزەنشـت بکرێت. بە پێی کات کوڕەکە چاوپۆشـــی لەمە دەکات، بەڵام لەبیری ناکات، بێ ویســـتی

ئەوەی ڕوویانداوە لە شـــوێنێکی تاریکی دڵیدا خەزنی دەکات.

ماوەیەکی تریش تێدەپەڕێت و شـــتەکە دووبارە دەبێتەوە، ڕێک وەکو یەکەم و دووەم جار هەمان حاڵەت دێتەوە بوون. کچەکە لێی تورە دەبێت و خراپ ســـەرزەنشـــتی دەکات، شتانێک دەڵێت کە هیچ مەبەستی نییە بیانڵێت، بەڵام ناتوانێت ڕێگری لە زمانی بکات. هاودەمەکەشـی کە نێرە و وەکو نێرێک بیر دەکاتەوە، ئەوا خراپ تێدەگات و هەرچی ئەو دەیڵێت ئەوا وادەزانێت لە دڵەوەیە. بۆیە پەنا دەباتە بەر میکانیکی بەرگریەکەی کە لە ســـەرەتاوە دەیویســـت بەکاری بهێنێت، بەڵام لەبەر تێگەیشتوویی و فراوانی هزری بۆی نەدەچوو. ئێســـتا کە کچەکە تینی بۆ هێناوە و دڵی ئازار دەدات، ئەوا چیتر بەرگە ناگرێت... جا مرۆڤی لەم جۆرە کە ئێجگار تایبەتن بە بێدەنگی دەڕۆن، بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆمەڵگا کە تاکو قسـەیەک نەکەن کە دڵی بەرامبەریان بریندار بکات و هەســـت بە ســـەرکەوتن نەکەن، ئەوا دەمەقاڵێیەکە جێ ناهێڵن. بەڵام دووبارە ئاماژە بەوە دەدەم کە ئەم کوڕە حاڵەتێکی تایبەتە، بۆیە بێدەنگی دەنوێنێت و دەڕوات. دوای ئەمە بەرگی سـێیەم درووسـت دەبێت، ئەم بەرگە تەواوی بەرگەکانی تر دادەپۆشـێت، ئەو ڕووناکییە کزەش کە ماوە بە تەواوی خامۆش دەبێت،

ئێستا هەموو شتێک تاریکە. هەڵبەتە دەکرێت ئەم بەرگانە بدڕێنرێن، جا یان ئەوەتا بەرامبەر لە دڵەوە داوای لێبووردن بکات و ئەویش لێی خۆش بێت، یاخود ئەوەتا یەکێکی تر دێتە ژیانیەوە و ئەو بەرگانەی بۆ دەدڕێنێت، بەم شێوەیە ئەو ڕووناکییەی کە بۆ ئەوەی پێشووتری هەبوو، ئەوا بۆ ئەمەی تازەی دەبێت.

ئەوەی ئەمە بخوێنێتەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێی قبووڵ ناکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە پەیوەندییەکی سۆزداری قووڵ دان و پێیان وایە تەنیا یەک کەس بۆ هەر تاکێکمان هەیە. هەرچەندە ئەم بیروڕایە هەڵە نییە، بەڵام وردەکاری تری لێ دەکەوێتەوە. لەوانەیە ڕۆژگارێک یەکێکتان خۆش بوێت کە واتاندەزانی بۆ هەمیشە پێکەوە دەبن، بەڵام بە پێی کات لێک دوور دەکەونەوە و بۆ یەکتری نابن.

ئەمە خەمۆکی بۆ مرۆڤ دروووست دەکات، بە تایبەتیش ئەوانەی کە زۆر هەستیارن و لە ماوەی ژیانیاندا تەنیا یەک کەسیان خۆش ویستووە. بەڵام من لێرەوە پێتان دەڵێم کە هەروا نامێنێت و دووبارە دەکەونەوە داوی خۆشەویستی. کێ ناڵێت ناکەونە داوی خۆشەویستی یەکێکەوە کە هەرگیز پێشبینیتان نەدەکرد؟ ژیان چاوەڕوان نەکراوە، ئیتر هیوادارم بڕوام پێ بکەن. ئەگەر بڕوام پێ بکەن ئەوا

ڕێنماییتان دەکەم کە کات بە خۆتان ببەخشـــــن و نائومێد نەبن، ڕۆشـنایی خۆشـەویسـتی لەوانەیە چەند بەربەسـتێک دایپۆشـێت، بەڵام هەرگیز ڕۆشـناییەکەی لەدەسـت نادات، هەڵبەتە ئەمە لەگەڵ کەسـیێکی درووسـت. چونکە تەنیا خۆشـەویسـتی بەس نییە بۆ هێشـتنەوە و پاراسـتنی پەیوەندی سۆزداری، بەڵکو تێگەیشتنیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. بۆیە بەڵێ، تەنیا کات بە خۆتان ببەخشن، نائومێدیش مەبن چونکە دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو هەستە کوشندەیە هیچ بەرهەمێکی نییە."

کە لە نووسـینەکەی تەواو بوو، ئەوا هەسـتی بە خاڵی بوونەوە کرد. ئەو ماوەیە کە لە حاڵێکی دەروونی خراپدا بوو، ئەوا بە نووسینەکە خۆی خاڵی کردەوە، ئێستا هەستی بە باشتربوون دەکرد.

زەردەخەنەیەک کەوتە سـەر لێوەکانی، هەسـتی کرد جەسـتەی ئێسـتا سـووکترە. بەڕاسـتی هیچ شـتێک وەکو نووسین دەروونی مرۆڤ لە ناڕەحەتی پاک ناکاتەوە.

فایلەکەی سەیڤ کرد، لە بەرنامەکە ڕۆیشتە دەرەوە، دواتر کۆمپیوتەرەکەی کوژاندەوە و چاوەکانی داخست.

# نامەیەک بۆ ڤێللی

لە بەردەم سندووقێکی کارتۆنی دانیشتبوو، لەسەر زەمینە دارینە تۆزاوییەکەی نهۆمی سەرەوە کە کەلوپەل و پێداویستییە کۆنەکان تێیدا دەهێشترانەوە. ئێوارەیەکی سارد بوو، خۆر لە کۆتا ساتەکانی ئاوابوونی دابوو و ڕەنگی پرتەقاڵی و زەردی تۆخ بە هەورەکان بەخشی بوو. سووکە بایەک لە باکوورەوە دەهات، لەبەر ئەوەی هەوا سارد بوو ئەوا ڤێللی چاکەتێکی پاییزەی ڕەنگ زەیتوونی لەبەردا بوو کە بۆ کەشەکەی گونجاو بوو. ئەو ئێوارەیە نەیزانی بۆچی ڕۆیشتۆتە سەرەوە و سەیری ئەو کارتۆنە دەکات کە پێکهاتەکانی ناوەوەی جگە لە تاڵی ڕابردوو هیچی تێدا نەبوون. هێزێک، ویستێک لە ناخیدا پەیدا بوو و فەرمانی پێکرد کە دوای ئەو هەموو ساڵە لە نکۆڵی کردن و خۆ دزینەوە لە ڕابردوو بڕوات و ڕووی ڕابردوو وەکو خۆی هەڵداتەوە. ماوەیەک لێرە و لەوێ جوولا، دوودڵ بوو لەوەی کە بڕوات و ئەو کارە بکات. بەڵام دوودڵیەکەی هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، ئەو ویستەی ناخی هاواری دەکرد و دەبوایە بەدەم فەرمانەکەیەوە بچێت. ساڵانێکی زۆر بوو نەڕۆیشتبووە ئەو ژوورەی نهۆمی سەرەوە، نەوەکو تەنیا

خۆی، بەڵکو تەواوی ئەندامەکانی خێزانی کە پێکهاتبوون لە مێردەکەی و دوو دووانەکەیـان. لە هەمـووانـی قەدەغە کردبوو بڕۆنە ئەو ژوورەوە. مێردەکەی لێی تێگەیشـــت کە بۆچی نایەوێت هیچ کەســـێک بۆ ئەو ژوورە نەڕوات، بۆیە هەرگیز باســـــی نەدەکرد. هەر جارێک منداڵەکان یاریان کردبا لە نزیک ئەوێ ئەوا ڤێللی دەنگیان دەدا و لێیان توڕە دەبوو، بۆیە ئەوانیش فێر بوون کە لێی نزیـک نەبنەوە. ئاخۆ ئەو دەبێت چ جۆرە ژوورێک بێت؟

هەر کەســـێک ئەوەی بینیبا ئەوەی دەپرســـــی، بەڵام هیچ کەسێکیش نەبوو ئەوە بپرسێت جگە لە مێردەکەی. خودی پرســـیارەکە هەڵەی تێدایە. ئەوەی گرنگە خودی ژوورەکە نییە، ئەوەی گرنگە چی تێدایە... یادەوەری. ئەو ئێوارەیە بە تەنیا لە ماڵ بوو کاتێک ئەو ویستەی ناخی هاواری دەکرد، (ستێلێن) مێردی و منداڵەکان بە سـەردان ڕۆیشـتبوون بۆ ماڵی باپیریان، ماڵی دایک و باوکی ستێلێن.

دەرگای ژوورەکەی کردەوە، هەر لەگەڵ یەکەم بەرکەوتەی بچووکی هەوا کە بەر ژوورەکە کەوت ئەوا تۆزی ســــەر زەمینە دارینەکە بەربڵاو بوو. ســـــاڵەهـا بوو خزمەت نەکرابوو. تۆڕی جاڵجاڵۆکە بە ســـووچەکانەوە بوون، بۆن خنـک لە دیوارەکـان دەهـات و تۆز وەکو تەمومژێکی

دارســـتان ناوەوەی ژوورەکەی بە بوونی خۆی داپۆشـــی بوو، ڕووناکی گڵۆپەکانیش چیتر نەمابوو.

ژوورێکی بچووک بوو، لە نـاوەنـدی ژوورەکە ڕایەخێکی کۆنی قاوەیی هەبوو، لە لای ڕاســـتی ژوورەکە مێزەیەک هەبوو کە چەنـد ســـندووقێکی لەســـەر بوون و تۆڕی جـالّجـالّۆکە تەنگی پێ هەڵچنی بوون. لە نـاوەنـدی ژوورەکەش سندووق بەربڵاو بووبوون، لەسـەر ڕایەخەکە بە درێژایی سەروو سووچی چەپی دیوارەکە. وەکو ئەوەی ســـاڵەهابێت چاوەڕێی ئەو ســـاتە بکات ئەوا ڕاســـتەوخۆ بەرەو سندووقێک چوو کە لە دواوەی سندووقەکانی ترەوە دانرابوو لە پشـــتەوە، وا دەردەکەوت بە ئەنقەســـت وا شـــاردرابۆوە. ســـندووقەکەی هەڵگرت و بردی بۆ لای دەرگای ژوورەکە، لە بەردەم دەرگایە کراوەکە دانیشـــت، فوویەکی بەهێزی لە ســـندووقەکە کرد تـاکو تۆزەکەی لەســـەر لاچێت. بۆ ســـاتێک تێیڕاما، نەیدەویســـت بیکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشـدا ئەو ویستەی ناخی زیاتر و زیاتر هاواری دەکرد. چەســـپەکەی دڕاند، کارتۆنەکەی کردەوە و ســـەیری ناوەوەی کرد. فانۆســـێکی ســـووتاو، چەند ڕۆژنـامەیەکی کۆن، کـاتژمێرێکی زێڕی ســـاختە کە تێکچووبوو، تاکە پێڵاوێکی ڕووشـاو، لەگەڵ چوارچێوەیەک کە وێنەیەکی تێدابوو.

دڵی ســـارد کەوتبوو، هەســـتی دەکرد دەمارەکانی ســـەر ســـنگی گرژ بوونە و خوێنیان پێدا ناڕوات، هەناســـەی کەمێک سـوار بووبوو. دەیەویسـت کارتۆنەکە فڕێ بدات و بۆ هەمیشـــە دەرگای ئەو ژوورە لەعنەتییە دابخات، بەڵام وای نەکرد. خۆشـــی تێنەدەگەیشـــت بۆچی لەوێیە، تاکە شـتێک دەیزانی ئەوە بوو کە ئەو هێزە شـاراوەیەی ناخی ناچاری دەکات. ئەوەی لە کارتۆنەکەدا بوو پاشـــماوەی کەلووپەلەکانی باوکی بوون، کەلووپەلە کۆنەکانی. جگە لە فانۆســـەکە نەبێت کە هی دایکی بوو، ئەو فانۆســـەی کە لە ڕێگەیەوە خۆی... پێ سووتاند. چاوەکانی لەسەر فانۆسەکە لابرد، خەریـک بوو فرمێســـک لە چـاوە قـاوەییە کـاڵە فراوانەکانییەوە دەهاتنە خوارەوە. ســـەرنجی کەوتە ســـەر چوارچێوەکە، هەڵیگرت تاکو ســەیری وێنەکە بکات. وێنەکە وێنەی خۆی و دایک و باوکی بوو، هێشتا ڕۆژی وێنەگرتنی ئەو وێنەیەی بیر دێت، ئەو کات تەمەنی پێنج ســـاڵ بوو. پێکەوە لە بەردەم کامێرادا وەسـتابوون، وێنەیەکی ڕەش و سپی.

زەردەخەنە لەســەر لێوی هەمووان بوو، کۆتا زەردەخەنە. کـاتێک ڤێللی بوو، ئەوا دایکی لە کـاتی لەدایـک بوونییەوە تاکو بوونی ڤێللی بە پێنج ساڵ تووشی حاڵەتێکی خەمۆکی تونـد بوو. خەمۆکی دوای منداڵ بوون بوو، بەڵام حـاڵەتی

ئەو تەشـــــەنەی کرد و بەری نەدا. حالەتێکی دەگمەنە کە تەنیـا بەســــەر چەنـد ئـافرەتێکی دامـاوی کەمـدا دێـت، هەرگیزیش ئاکامی ئەو حاڵەتە ئاکامێکی باش نییە.
شـــەوێکیان کە وەکو ئەو ئێوارەیە ســـارد بوو، ئەوا دایکی ڤێللی لە گەراجی خانووەکەیان بەنزینی بە خۆیدا کرد و بە گڕی فانۆســــەکە کە لە چێشـــتخانەکە هێنابووی خۆی سووتاند.
کە ســــووتا هیچ دەنگێکی نەنواند... بچووکترین دەنگیش. تاکو بۆ بەیانی داهاتوو بۆنی ســووتاوی لاشــەی مردووی نەهـات، ئەوا نەیـانزانی چی بەســــەر هـاتووە. ڤێللی دایکی نەبینی کە چی بەســەرهات، بەڵام هێشــتا ئەو بەیانییە لەبیر ناکات کە بۆ یەکەمین جار گریانی باوکی بینی... ڕووخانی. هێشـــتا بیری دێت کە چۆن کەوتە ســـەر زەوی و هاواری کرد... هێشتا بیریەتی.
ئەمە تاکە لەدەســــتدانی ڤێللی نەبوو چونکە دوای حەوت ساڵ بەسـەر مەرگی دایکیدا، ئەوا باوکیشـی خۆی کوشـت. ئەوی بە تەنیا جێهێشــت... تەنیا. ڤێللی کە لەو کاتەدا ڕق و خەفەت دڵی ئەویـان گیر کردبوو، ئەوا چوارچێوەکەی بەوپەڕی هێزەوە بە دیوارەکە دادا و شـــــکانـدی. کەوتە گریان، ســـەری خســـتە نێوان دەســـتەکانی و گریا. خێرا هەسـتایە سـەر پێ، خێرا و قووڵ هەناسـەی دەدا و هێشـتا

فرمێسـک بە چاوەکانییەوە بوو. ویسـتی خێرا لەوێ ڕاکات و چیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام لەپڕ شـــتێکی بینی. پـارچە کـاغەزێـک لە چوارچێوە شـــکـاوەکە دەرکەوت، کـاغەزێکی زەرد بوو، دیـار بوو لە پشــــت وێنەکە شــــاردرابۆوە. ڕۆیشـــتە لای چوارچێوەکە و کاغەزەکەی هەڵگرت، شـتێکی لەســەر نووســرابوو. دەسـتوخەتەکەی ناسییەوە، ئەوە دەستوخەتی... باوکی بوو!

(ڤێللی)یەکەم، کچە جوان و شـــیرینەکەم... دەزانم مـافی ئەوەم نییە پێت بڵێم کچەکەم. دڵنیام کە ئێســـتا ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە ئەوا ڕقـت لێم دەبێتەوە بەوەی کە تۆم بەو شـــێوەیە جێهێشـــت. دوای مەرگی دایکت... دوای مەرگی دایکت ئەوا لە من زیاتر هیچ کەســـێکی ترت نەبوو، بەڵام ئەوە نەبووم کە دەتویست، ئەوە نەبووم کە پێویستت پێی بــوو. جــووجەکەم، ئەمەم زۆر بە دایــکــت دەگــوت، "جووجەکەم". هەمیشـــە پێی دڵخۆش دەبوو. دوای مەرگی دایکـت ئەوا هەوڵێکی زۆرمـدا بەرگە بگرم... لەپێنـاو تۆدا. بەڵام نەمتوانی... نەمتوانی بەرگەی جیهــانێـک بگرم کە دایکتی تێدا نەبێت. هەر جارێک تۆم دەبینی ئەوا ئەوم بیر دەهـاتەوە، هەر جـارێک تۆم دەبینی ئەوا ڕووخســـــاری میهرەبـانی ئەوم بیر دەهـاتەوە. نەمتوانی بەرگە بگرم، بێ دایکت لاواز بووم. تەواوی بوونی من بەو بەســــترابۆوە،

ئەویش کە منی جێهێشـت... کە ئێمەی جێهێشـت بە تەواوی ون بووم.

سوێند بەخوا زۆرم خۆش دەوێیت، هەر بۆیەشە لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا هەموو توانایەکی خۆم خستە گەڕ تاکو خەم و پەژارەکان بەلاوە بنێم و بۆ تۆ باوک بم، بەڵام چیتر ناتوانم بەرگە بگرم و ژیان بێ ئەو بەڕێ بکەم. داوای لێبووردن ناکەم بەوەی کە دەزانم لێم خۆش نابیت، تەنیا داوای ئەوەت لێ دەکەم بزانیت بۆچی ئەم کارە دەکەم. هیوادارم ڕۆژێک دابێت لێم تێبگەیت بۆچی ئاوا جێم هێشتیت، هیوادارم ڕۆژێک دابێت کە ئەو ڕقەی دڵت کە حەقی خۆتە ببێت بە تێگەیشتن. ڤێللی، بەو هیوایەی ژیانێکی شایستە بۆ خۆت فەراهەم بکەیت، ئەو ژیانەی کە من نەمتوانی بۆتی دابین بکەم، ئەو... ئاسوودەییە. خۆشـم دەوێیت (ڤێللی)یەکەم، من و دایکت لە ئاسـمانەکان چاوەڕێتین.

باوکت."

قورگی گیرابوو، فرمێســـک وەکو کانیاوەکانی هاوین لە چاوەکانی دەهاتنە دەرەوە. ڕووخا، کەوتە ســـەر زەوی. ناڵایەک لە ناخی هاتە دەرەوە، بەڵام لەســـەر زمانی تەنیا وەکو چرپەیەک دەرکەوت. مایەوە، لە شـــوێنی خۆی بە ڕاکشاوی مایەوە... لەناو گریان و تۆزی سەر زەمینەکە.

# لووپ

نـا نـا، توخوا بەسـ‌ـ‌ـ‌ـە! توخوا بەزەییتـان پێدا بێمەوە!" بە دەنگێکی بەرزەوە هـاواری دەکرد، بەڵام دەنگی ئەو بە گوێی هیچ کام لە فریشـ‌ـ‌ـتەکان نەدەکەوت. فریشـ‌ـ‌ـتەکە دووبـارە لێی نزیـک بۆو و تیغەکەی لەسـ‌ـ‌ـەر پێسـ‌ـ‌ـتی ڕووخساری دانا، ئەوەی تریشیان کوتکەکەی بەرز کردەوە و لە سەری تیغەکەی دەدا. وەکو چۆن لەزگەی سەر دیوار دەدرێت، ئەوا پێسـ‌ـ‌ـتی ئەویش ئاوا لە گۆشـ‌ـ‌ـتەکەی جیا دەبۆوە.

"بەسـ‌ـ‌ـیکەن، تکایە، تکایە وازم لێ بێنن!" هـاوار لە دوای هاوار، بەڵام فریشتەکان گوێیان لە هیچ شتێک نەبوو. وەکو مرۆڤەکان گوێیان نەبوو، مەحاڵ بوو هیچ شـتێک ببیسـتن. لەسـەر کاری خۆیان بەردەوام بوون. کە لە داڕینی پێسـتی ڕووخسـ‌ـ‌ـاری بوونەوە، ئەوا گۆشـ‌ـ‌ـتی سـ‌ـ‌ـووری بنەوەی دەرکەوت، دەمار و ڕیشـ‌ـ‌ـاڵەکان. خوێن لە ڕووخسـ‌ـ‌ـاری دەهاتە خوارەوە، فرمێسـکەکانیش کە لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە و بە نێوانی دەمـارەکـانـدا دەڕۆیشـ‌ـ‌ـت، ئەوا ڕووخساری دەبرژاند.

فریشـــتەی یەکەم تیغەکەی لەســـەر ســـنگی ڕاســـتی دانا، ئەوەی تریشـــی دەســـتی کرد بە لێدانی تیغەکە. وردە وردە تیغەکە دەهـــاتە خـوارەوە و پێســـــتەکەی لەگەڵ خۆی ڕادەماڵی. دواتر تیغەکە ڕۆیشـتە ناوەڕاسـتی سـنگی، دوای ئەوەی کە ئەو بەشـەشـیان تەواو کرد ئەوا کاریان لەســەر بەشـــــی چەپ کرد. گڕی ئاگری دەوروبەر بەری دەکەوت، هەم گەرمییەکەی و هەمیش بڵێســـەکانی. بیســـت بزمار لە پەنجەی قـــاچەکـــانی درابوون، دوو دانەی گەورەش لە ناوەندی قاچەکانی. بنی پێیەکانی ئاگرێکی بەتین بوو، وەها بەتین بوو کە هەستی دەکرد تەپڵە سەری لەگەڵ دەکوولێت. شـتێک لە سـەروو قاچەکانی زنجیر کرابوون، زنجیرێک کە دڕکە ئاســـنینەکانی چووبوونە ناو ئێســـکەکانییەوە. هەمان شتیش بۆ مەچەکەکانی، ئەوێشی زنجیر کرابوون.

بۆ ماوەی چەندین ســـــەعات هـاواری دەکرد و دەینـاڵاند، بەڵام هیچ ســـــوودێکی نەبوو. خۆ ئەگەر فریشـــــتەکـان گوێشیان هەبووبا، ئەوا هیچیان نەدەبیست. هاوار و ناڵە لە هەموو شـــــوێنێکەوە دەهـات، دەنگی ئەو هەر هیچ نەبوو لەچـاو ئەوانەی کە تـاوانەکەیـان گەورەترە. کە گەیشـــــتنە کەمەری، ئەوا دووبارە دەستیان بە پرۆسەکە کردەوە، ئەم جارە تاکو نووکی پێیەکانی.

ماوەیەکی زۆر لەو ئازارە مایەوە، بەڵام وەکو چاوەڕوان کراوە ئەوا لە کۆتاییدا چاوەکانی وردە وردە دادەخران، دەنگی کزتر و کزتر دەبۆوە تاکو ئەوەی ویستی بیڵێت بە چرپەوە هاتە دەرەوە. لێی بووبوو بە سروود.

"بەسیکەن... تکا...یە، بەزە... بەزەییتان پێدا... بێمەوە."

سەری نزم بۆوە و لەهۆش خۆی چوو.

لەسەر جێگایەکەی ڕاپەڕی، وەکو شێتێک بازیدا و چاوەکانی بەولا و بەولادا دەسووڕاند. تووشی هەناسە بڕکێیەکی توند بووبوو، ئەگەر یەکێک لەو کاتەدا لێدانی دڵی گرتبا ئەوا وایدەزانی ئێستا جەڵتە لێی دەدات، هێندە توند و خێرا بوو. تووشی لەرزین بووبوو، زۆری نەخایاند نەیتوانی چیتر بە پێوە بوەستێت، بۆیە کەوتە سەر جێگایەکە و لەسەر ڕۆخەکەی دانیشت. بە ڕووتی لەوێ دانیشت بوو، وەکو ئەوەی سەهۆڵ چووبێتە گیانیەوە ئەوا دەلەرزی. بەڵام ئەوە سەرما نەبوو، بەڵکو ترس بوو. لەپڕ بەڵام بە شێوەیەکی میهرەبان دەستێک بەرەو پشتی هات، بەوە بە ڕاددەیەک ڕاچڵەکی کە خەریک بوو ڕوح لە دەمی بێتە دەرەوە و ماڵاوایی لەم جیهانە بکات.

"ئەوە چیتە گیانەکەم؟ بۆوا دەلەرزیت" کچێکی ڕووت کە بە لێفە ئەستوورەکەیەوە تاکو سنگی داپۆشی بوو ئەوەی لێ

پرســـی. زیاتر لێی نزیک بۆوە و باوەشــێکی گەرمی پێدا کرد. ڕووی لێ کرد و دووبارە گوتی: پێم بڵێ گیانەکەم، چی بووە؟ ئایا خەونێکی ناخۆشت بینیوە؟

نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، زمانی تەتەڵەی دەکرد. خۆ ئەگەر وشــە لە زمانیشــی هاتبانە دەرەوە، ئەوا نەیدەتوانی وەسفی ئەوە بکات کە بینی... نەخێر، ئەوەی هەستی پێکرد!

"مەحاڵە، ئەوە خەون نەبوو! چۆن...؟ نا نا، خەون نەبوو" لە مێشکی خۆیدا ئەمەی دەگوت. دواتر وەکو ئەوەی بیهەوێت بە شــێوەیەکی مەنتیقیانە بیربکاتەوە، ئەوا قســەکانی ناو مێشکی دووبارە دەستیان پێکردەوە.

"بەڵام ئێســـتا کە لێرەم دیارە خەون بووە، دەبێت خەون بووبێت، وایە؟ ســـەیرکە، ئەوەتا لەســـەر جێگام، ئەویش لەگەڵمە. ئای خوایە ئەوە چی بوو بینیم؟"

کچەکە باوەشــەکەی گەرمتر کرد، ماچێکی نەرمی شــانی کرد و دواتر گوتی: دڵنیام خەونێکی ناخۆشــت بینیوە، بۆیە ڕەنگت وا دەرپەڕیوە. وەرە، با بچینەوە ســەر جێگا، ئێســتا وادەکەم لەبیرت بچێتەوە.

قۆڵی ڕاکێشــا و ویســتی بیباتەوە ســەر جێگا، بەڵام ئەو کەمێک بەرپەرچی دایەوە و ڕێک هەڵنەســـتا. ئەم جارەش

قۆڵی ڕاکێشایەوە، بردییەوە سەر جێگا، پێکەوە درێژ بوون. پەنجەکانی دەستی بەسەر سەری ئەودا دەهێنا، دەستەکەی تریشی لەسەر سنگی بوو، وردە وردە دەستی دەڕۆیشتە خوارەوە. دەستەکانی گەرم بوون، نەرم و لووس بوون، هیچ ئەڵقەیەک بە پەنجەیەوە نەدەبینرا، هی کوڕەکەش بە هەمان شێوە. لە مەساجکردنی سەری وەستا و دەستی لەسەر سەرینەکەی تەنیشتی دانا، لێوەکانی لە ملی نزیک کردەوە و ماچی دەکرد، سەرەتا نەرم، بەڵام دواتر شوێنەواریان جێ دەهێشت. دەستەکەی تری وەکو یەکەمیان لە کارەکەی نەوەستابوو، بەڵکو بە هێواشی سنگ و گەدەی جێهێشت تاکو گەیشت بە... هینی. ئەو بەرکەوتەیە چووکی ڕەق کردبوو، کچەکە کە ئەوەی زانی زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانە لێوەکانی داگرت. چووکی گرت و هێواش هێواش دەسپەڕی بۆ لێ دەدا، بەڵام وەکو هەنگاوەکانی پێشووتریشی ئەوا هێواشییەش نەما، ئێستا توند بۆی ئەنجام دەدا. کوڕەکە بە تەواوی ورووژا بوو، بەڕاستی بەوە ئەوەی لەبیرچۆوە کە دووچاری بووبوو.

دەنگی چێژ وەرگرتن لە هەردووکیانەوە دەهات، بە تایبەتی کوڕەکە. هەر بەوە نەوەستان، کچەکە خۆی لە ژێر لێفەکەدا هاویشت و سەری بەرەو چووکی برد. لەگەڵ

دەســـــپەڕ بۆ لێدانی، ئەوا دەمی بۆ کردەوە، وەکو ئەوە وابوو بیخوات.

کوڕەکە چێژێکی بێ پـایەنی دەبینی، زمـانی تەڕی ئەو ختووکەی دەدایە، هەستێکی ئاشنا و بەچێژ.

لەرزینەکەی تەواو بووبوو، لە خوارەوە هەستی بە گەرمی دەکرد، تێکەڵەیەک لە تەڕی و گەرمی. گەرمییەکە زیاتری کرد، زیـاتر و زیـاتر، ئەمەی زۆر بەدڵ بوو. بەڵام… گەرمییەکەی زیـاتری کرد، زیـاتر، زیـاتر، زیـاتر… دڵی دووبارە خێرا لێی دەدایەوە، هەســـــتی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، سووتانێک… بۆنی گۆشتی سووتاو دەهات، تێکەڵ بە بۆنی ســــووتـاوی موو. دووکەڵ بەرز بۆوە، لە ژێر لێفەکەوە دەهات!

لێفەکەی لادا، ئەوەی بینی ئەوی تۆقاند. کچەکە بوو بوو بە بوونەوەرێکی ئاگرینی قۆچدار، تەواوی جەستەی بڵێسـەی ئاگری سووری لێ هەڵدەستان.

لە ترســــان هاوارێکی گەورەی کرد، بەڵام ئەو هاوارە لە دەمی نەهاتە دەرەوە، تەنیا لە مێشکیدا دەنگی دایەوە.

زمانی ئاگرینی بە چووکیدا دەهێنا و دەهێنا، لە کۆتاییدا بەوە سووتاندی کردی بە خۆڵەمێش.

دوای ئەوە بوونەوەرەکە بازیدایە ســـــەری، وەکو ئەوەی گاڵتەی پێ بکات ئەوا پێدەکەنی. هەر پێدەکەنی و پێدەکەنی تاکو لە کۆتاییدا بوو بە خۆڵەمێش، ئاســـــەواری دیار نەما. لەپڕ ژوورەکە کە ژوورێکی هۆتێلی دووبــارە بوو، ئەوا گڕی گرت و ئاگر هەموو شتێکی دەسووتاند. دیوارەکان و لەزگەکــانی ســـــەری، مێزەی نــانخواردن، تەلەفیزیۆن، پەردەکان، جێگای خەویان. چیتر ژوورەکە سیمای ژووری نەما، بەڵکو بوو بە چاڵێک، چاڵێک کە ئاگری دۆزەخی لێوە دەهاتە دەرەوە.

لە شـوێنی خۆی بە هێزێکی نادیار هەستێنرا، نەیزانی ئەوە چی بوو. بە تەواوی ئیفلیج بووبوو، تەنـانەت نەیـدەتوانی چاوەکانیشـــــی بترووکێنێت. بە شـــــێوەیەکی نەزانراو لە ئاسمانەوە بیست بزمار خرانە ناو پەنجەکانی پێیەوە، دوو دانەی گەورەش لە نـاوەنـدی قـاچەکـانی. زنجیری دڕکدار ســـــەروو پێ و مەچەکەکانی گرت، بە تەواوی لە شـــوێنی خۆی قۆڵبەســـتکرا. خەونەکەی بیرهاتەوە، ئەوە ڕێک وەکو خەونەکەی بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خەون نەبوو، بەڵکو ئەشکەنجەیەکی ئەڵقەیی. هەمیشـــــە ســـــەرەتا وا ئەشـــکەنجە دەدرا، دواتر خەیاڵی ئەوەی پێ دەدرا کە ئەوەی بینی خەونە و ئێســـــتا

لەگەڵ ئەو کچەی پەیوەندی نهێنیێ لەگەڵدا هەبوو لە ژووری هۆتێلەکەیە و خەریکی زینـــان، دواتر کچەکە دەکرا بە بوونەوەرێکی دۆزەخی و ڕایدەکێشـــــرایەوە بۆناو دۆزەخ، دوای ئەمەش فریشـــتەکان هەمان ســـزایان دەدایەوە... ئیتر ئەڵقەکە بەم شێوەیە دووبارە دەبۆوە.

ئەمە بە پێی کاتی ســــــەر زەوی ١٢٣ ســـــــاڵی خایاند، لە کۆتاییشدا پاک بۆوە و ئەشکەنجەکەی لەسەر لاچوو.

# ڤیکتۆریا مۆرنینگستار

فامیلەیەکی سـپی تەسـکی ژنانەی لەبەردابوو، مەمکەکانی بەسـەر ڕۆخی فامیلەکەدا شـۆڕ بوونەوە و دەرکەوتبوون، دوو مەمکی خڕ کە قەبارەیان شـتێک لە قەبارەی کاڵەکێک بچووکتر بوو. لە خوارەوە هیچی لەبەردا نەبوو، بە تەواوی ڕووت بوو. لەسـەر فامیلەکە پەڵە و پڕیچکە خوێنی زۆر دەردەکەوتن، خوێنێکی گەرمی تازە. دەسـتەکانی خەڵتانی خوێن بوو، وەکو ئەوە وابوو لەناو قووتوویەک بۆیاغی سـووری نابن. نەک تەنیا دەسـتەکانی، بەڵکو خوێن کەوتبووە سـەر ڕووخساری، مل و خواروو گەدەشی. لە پەنا لاشەکە ڕاکشابوو، هەناسە بڕکێی بوو. ئەمەیان وەکو ئەوانی تر نەبوو، کوشـتنی ماندووییەکی زیاتری ویسـت. دەستەکانی خستە سەر ڕووخساری، دەسکی چەقۆیەکە بەر برۆی ڕاستی کەوت، هێشتا ئەو چەقۆیەی بەدەستەوە بوو کە کەمێک لەمەوبەر گەنجە چوارشانەکەی پێ کوشت. دەستەکانی لابرد و هەناسەی ئاسایی کردەوە، وردە وردە ماندووییەکە بەری دەدا و وزەکەی بۆ دەگەڕایەوە.

"بە پێچەوانەی گانەکەت ئەوا باشـت بەرگە گرت، هیچ پیاوێک نەبووە ئەو هەمووە چەقۆیەی لێ بدەم و بتوانێت

ئاوا کاتێکی قورسـم پێ ببەخشـێت" ڤیکتۆریا سـەری سووڕاند و بە زەردەخەنەوە ئەوەی پێگوت. خۆی سووڕاند و چەقۆیەکەی لە تەنیشـتی دانـا، زللەیەکی نەرمی لە ڕووخسـاری مردووی ئەو دا، وەکو ئەوەی پیرۆزبایی لە منداڵێک بکات بەوەی کە کارێکی سەرسووڕهێنەری ئەنجام داوە. هەستا و لەسەر ڕۆخی سیسەمی خەوەکە دانیشت، کەمێک بەولا و بەولادا سـووڕا و پشـتی تەقاند. دواتر سـەری نزم کردەوە و لە خوارەوەی ڕووانی، لە... ئەندامی مێینەی. دوو پەنجەی نزم کردەوە و دەسـتی لێدا، لەناویدا شلەیەکی سپی دەهاتە دەرەوە. شلەیەکی لیج بوو، کەمێکی بە پەنجەکانیەوە نووسـا. پەنجەکانی بەرز کردەوە و بۆنی کرد.

"ئاهـ بۆنی کە خۆشە" ئەمەی گوت و زمانی لێ دا.

"خۆ ئەگەر نەزۆک نەبووبام ئەوا منت دووگیان دەکرد، سـەیرکە چەندەت لێ ڕژاوە! ئەوە بۆیە بە چەند چرکەیەک بەتاڵ بوویەوە، هێندەت لێ کەڵەکە بووە کە خۆت نەگرت."

پێکەنینێکی گاڵتەجارانە کەوتە سـەر ڕووخسـاری، سـەری بۆ ئەولا و ئەولا ڕادەوەشاند.

لەسەر جێگایەکە بە تەواوی هەستا، دەرپێیەکەی کە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، ئەوا هەڵیگرت و لەبەری کردەوە.

جلەکانی تریشـــــی بە هەمان شـــێوە لەســـــەر زەوییەکە کەوتبوون، بەڵام جارێ گرنگی بەوانە نەدا، هەروا مایەوە. بەرەو لای خوارەوەی جێگـایەکە ڕۆیشـــــت، قـاچەکـانی پیاوەکەی گرت و بەوپەڕی توانا ڕایکێشـــا. چەند تەکانێکی خوارد، ئەوەیان کێشـیکی قورسـی هەبوو. هەر ڕایکێشـا و ڕایکێشا تاکو سەری پیاوە گەنجەکە بەر زەوی کەوت، تەپە لە زەمینە دارینەکە هەسـتا. دەسـتی کردەوە بە ڕاکشـانی، ئەوە کارێکی ماندووکەر بوو. تاکو گەیشـــتە لای دیوارێکی نزیـک دەرگـای چێشـــــتخـانەکە، ئەوا هێواش و بەردەوام دڵۆپەی ئارەقە بەناو چاوانیدا دەهات و دەگەیشـــتە ســـەر لووتی، ئەویش بە هۆی ئەوەوە جار جار دەوەســــتا و ئارەقەیەکەی دەسڕییەوە.

"کە قورسیت هەی بێ نرخ، خۆ منت تەواو ماندوو کرد!"

لای دیوارەکە وەســـتا و قاچەکانی فڕێدا، بۆ ســـــاتێک لە شوێنی خۆی وەستا تاکو هەناسەی بۆ بێتەوە. دوای ئەوە پشـــتی ڕاســـت کردەوە و کەمێک دواوەی کەمەری شـــێلا. دەســـــتی لەســــەر دیوارەکە دانا، پاڵێک... پارچەیەک لە دیوارەکە کشـــــایەوە دواوە. دەنگێکی میکانیکی پەیدا بوو، پـاش چەنـد چرکەیەکی کەمیش دەرگـایەکی شـــــاراوە

دەرکەوت. لە پشـــتی دەرگـایەکە کۆمەڵە پلیکـانەیەک دەرکەوتن، ڕێڕەوێکی تاریک بەرەو خوارەوە دەچوو.

ڕووی لە پیاوەکە کردەوە، ڕوویەکی بێ هێز ئەوی داگرت.

"ئای خوایە! تووشی چی بوومە."

دەسـتی بۆ قاچەکانی بردەوە و ئەم جارەش ڕایکێشـایەوە، بەرەو ڕێڕەوە تاریکەکە.

تەپە لەسـەر پلیکانەکان دەهات، سـەری پیاوەکە بەردەوام بەسـەر پلیکـانەکـانـدا هەڵـدەبەزییەوە. ئەوەی مـایەی سـەرسـامییە کە پاش ئەو هەموو بەرکەوتنە توندە، ئەوا سەری نەشکا. گەیشتنە خوارەوە، ڕۆیشتنە ناو ژوورێکی نیمچە تاریکەوە کە تاکە گلۆپێکی زەردی گازی شوێنەکەی ڕووناک دەکردەوە. دیـار بوو گلـۆپەکە کۆن بوو و ماوەیەکی زۆرە بەکار دەهێنرێت، وزەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام کاری خۆی هەر دەکرد. ژێر زەمینێکی بچووک بوو، لەسـەر دیوارەکان بەدوو لادا ڕەفی درێژ بەسـترابوون، لەلایەکیش مێزەیەکی گەورە دانرابوو. لەنـاو ڕەفەکـانـدا کۆمەڵە شـووشـەی سـەیری داخراو ڕیزکرابوون، هەمووانیان شـتێکیان تێدابوو، لەناو شـلەیەکدا کە بەرەو زەردی دەچوو. لەسـەر مێزەکەش کەرسـتەی جۆراوجۆر

دەبینران... کوتک، چەکووش، موشـــــار، چەقۆی بچووک و گەورە، چەقۆی موشاری.

لە نـاوەنـدی ژێر زەمینەکە ڕێـک لە ژێر گڵۆپەکەدا، ئەوا مێزەیەکی تر هەبوو، ئەمەیـان لە مێزەی نەخۆش دەچوو، ئەو جۆرە مێزانەی کە پزیشـــکان لە کاتی نەشـــتەرگەریدا بەکاری دێنن. لاشـــــە مردووەکە کە پاشـــــماوەی خوێنی بەدوای خۆیدا دەهێنا و خەتێکی درێژی درووست کردبوو، ئەوا بە ئەســـتەم خرایە ســـەر مێزەکەوە. کە ئەوی خســـتە ســـەر، ئەوا هەناســـەی لێ بڕا و هەســـتی بە ئازاری پشـتی کرد، بەڵام زۆری نەخایاند. ڕۆیشـتە لای مێزەکەی تر و بە وردی لە کەرستەکان ڕووانی. یەکەم شتێک دەستی بۆ برد موشــــــارەکە بوو، هەڵیگرت و بەرەو لای لاشـــــەکە بەڕێکەوتەوە. تیغی موشـــارەکەی خســـتە ســـەر قۆڵی کە وەکو شـاخ ڕەق بووبوو، دەسکەکەی توند گرت و دەسـتی پێکرد...

بۆ بەیانی داهاتوو بە جەسـتەیەکی کەمێک ڕەقەوە هەسـتا، هەسـتی بە سـەرێشـە دەکرد ڕۆیشـتە لای کەوەنتەرەکە و کوپێـک قـاوەی گەرمی بۆ خۆی تێکرد، قـاوەیەکی تـاڵ. لە تەنیشت مێزەی نانخواردنەکە دانیشت، بە هێواشـی قمی لێ دەدا. بەیانییەکی سـارد بوو، سـەرمای باران هێشـتا هەوای

بەر نەدابوو، بۆیە لە ژێر بۆشـایی دەرگا و پەنجەرەکانەوە هەسـتـت بە تەزوویەکی هەوای سـارد دەکرد. کە لە خواردنەوەی قاوەکە تەواو بوو، ئەوا ڕۆیشـتە ژوورەکەی و دۆلابی جلەکـانی کردەوە. دەسـتی درێژ کردەوە و پۆشـاکێکی یەک پارچەیی ڕەشـی دەرهێنا، پۆشـاکێکی ڕەشی سادە بوو کە قایشێکی پەڕۆیی بە دەوری کەمەریدا دەهـات، لەگەڵ پۆشـاکەکەش کڵاوێکی ڕەش هەبوو کە لێوارەکـانی سـپی بوون. جلی خەوی خۆی دانـا و پۆشـاکەکەی لەبەرکرد، کڵاوەکەشـی بەسـەرنا. دۆلابەکەی داخسـت و بەرەو دەرگای دەرەوە بەڕێکەوت، دەرگایەکەی کردەوە و سـەر شـەقامە بەردینە تۆزاوییەکەی بینی. دەرگایەکەی لە پشـت خۆی کلیل دا و دواتر خسـتییە ناو سـوخمەکەیەوە، دوای ئەمەش ڕۆیشـتە سـەر شۆسـتەکە و بەرەو شـوێنی کاری بەڕێکەوت. نیشـتەنگەی خۆی لە شـەقامێکی بچووک بوو بە ناوی نێلز، شـوێنی کارەکەشـی لە نزیک گۆڕەپانی ترێنیتی بوو. بە هۆی ئەوەی کە ئەگەر بە پێ ڕۆیشـتبا زۆری پێ دەچوو، وە سـەرماش بوو، ئەوا دەستی بۆ گالیسکەیەک کە دوو ئەسپی ڕەش ڕایدەکێشـان بەرز کردەوە و سـەرکەوت. پێی گوت کە بەرەو شـوێنی مەبەسـت بەڕێ بکەوێت، شـۆفێرەکەش سـەری دانواند و قامچییەکی لە دوو ئەسـپەکان دا، دەسـتیان کرد بە جووڵە

کردن. گالیســــکەکە بە درێژایی ڕێگای ســــەرەکی ئفمان ڕۆیشت تاکو لە پێچی شەقامی رۆی بایدایەوە، لەوێشەوە بەرەو کورکس و دواتریش پۆستێرن. ڤیکتۆریا داوای کرد لە نزیک گۆڕەپانەکە بیوەستێنێت، کە وەستان ئەوا چەند دراوێکی ئاسنینی پێدان و شۆفێریش بەڕێکەوت. سەرەڕای ئەوەی کە بەیانییەکی زوو بوو، ئەوا گۆڕەپانە بە هۆی قەرەباڵغییەوە جمەی لێوە دەهات.

فرۆشــــیارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بە درێژایی گۆڕەپانەکەدا هاواریان دەکرد و بانگەشــــەیان بۆ کاڵایەکانیان دەکرد. ســــەوزە فرۆش، قوماش فرۆش، عەتر فرۆش، هتد. تەنانەت ئەو منداڵە بچووکەش کە لە لێواری شــۆســـتەکەی ئەوبەر بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت: ڕۆژنامەی تازە! ڕووداوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ بخوێننەوە! وەرن و بزانن چی لە جیهان و "لەندەن"دا ڕوودەدات!

ڤیکتۆریا کە ڕاستەوخۆ لەسەر شۆستەیە دەڕۆیشت کە ڕۆژنامەکانی لێ دەفرۆشــرا، ئەوا ڕۆیشــتە لای منداڵەکە و ڕۆژنامەیەکی لێ کڕی.

"ســــوپاس کوڕی بچووک" بە زەردەخەنەیەکەوە جێی هێشت. کوڕەکە وەکو هەمیشە هێشتا دراوەکەی لەناو لەپی

دەســــتیدا بوو، دەمی کەمێک کرابۆوە و بە چاوی زەقەوە ســــەیری دەکرد. ئەوەی زۆربەی ڕۆژەکــان دەیبینی جوانترین ئافرەتێک بوو تاکو ئێستا بینیبێتی... خاتوونی قژ ڕەش، ڕەنگی قژی وەهـا ڕەش بوو کە ڕێـک وەکو ئەوە وابوو تاریکایی ئاســـمان بوونی خۆی بەو بەخشــــی بێت. دوو چاوی فراوانی ڕەنگ هەنگوینی، دوو چاو کە هەستت دەکرد تێیـان نوقم دەبیت. بـاڵایەکی مـامنـاوەندی هەبوو، جەســـتەیەکی ڕێک کە بەرەو کزی دەچوو، وە دوو لێو کە وا دەردەکەوت لە لۆکەش نەرمتر بن.

ڤیکتۆریا لەبەرچاو دیار نەما، بەمە کوڕە بچووکەکە هاتەوە ســــەر خۆی و دراوەکەی لەناو گیرفانی هاویشـــت، دواتر دووبارە دەستی کردەوە بە کارەکەی خۆی.

"وەرن و هەواڵەکان بخوێننەوە! وەرن بزانن چی لە جیهاندا ڕوودەدات!"

ڤیکتۆریـا ڕۆژنـامەکەی خســـــتە ژێر بـاڵی، هەنگـاوەکـانی خـێـراتـر کـردن. لە بەرامـبەر گـۆڕەپـانەکە بەو دیـوی شــــەقامەکەدا، ئەوا بینایەکی چەند نهۆمی هەبوو، بینایەکی بازرگانی بوو کە چەند یەکەیەک بەکرێیان گرتبوو، یەکێک لەوانە کۆمپانیای خزمەتگوزاری پاککردنەوە و چێشــتلێنان بوو بۆ ئەو مـاڵانەی کە نـایانەوێت خۆیان ئەرکی مـاڵەوە

ئەنجام بدەن، کۆمپانیایەک کە تەواوی ئەندامەکانی ئافرەت بوون. کۆمپانیای لەو شـــێوەیە زۆر بوون، وە هی زۆر گەورەتریش پێش ئەوان هەبوون، بەڵام چالاکی و دەســـت ڕەنگینی کچەکانی خاتوو پێدینگتن وایکرد کە زۆرینەی ماڵە داواکار و ماڵە دەوڵەمەندەکان داوای خزمەتی ئەوان بکەن. ئەمە وایکرد لە کۆمپانیایەکی بچووکەوە گەورە ببن و کچی کارکەری زیاتر لەخۆ بگرن، ئەم فراوانییە وایکرد بەشـێکی نهۆمی سـەرەوەی بینایەکە بە تەواوی بۆ خۆیان بەکرێ بگرن.

خاتوو پێدینگتن خۆی ســـەرپەرشـــتی تەواوی کارەکانی دەکرد، کاتی کار و حەقدەســـتی جۆری کارەکانی دیاری دەکرد، دواتر لە ڕێگەی ئێلێنـا'ی ســـکرتێریەوە ئەو زانیاریانەی بە کچەکانی دەدا. ئەو هەمیشـــە وا بانگی ئەو کچانەی دەکرد، "کچەکانم". وە بەڕاســـتیش هەروایان تێڕا دەما. خۆی منداڵی نەبوون، مێردەکەشی چەندین ساڵ بوو کۆچی دوایی کردبوو. بۆیە بۆ ئەو هەمووان کچی خۆی بوون، هەمووانی خۆش دەویست. ئەم خۆشـەویسـتییەش دوولایەن بوو، تەنانەت یەکێکی وەکو ڤیکتۆریـا'ش ئەوی خۆش دەویست...

یـاخود وردتر بڵێین ڕێزی لێ دەگرت. وشـــەیەکی وەکو خۆشـــەویســـتی بۆ ئەو نامۆ بوو، بیری نایەت هەرگیز هەســـتی بەوە کردبێت. ڕۆیشـــتە ناو بینایەکە، بەســـەر پلیکـانەکـانـدا ســـەرکەوت و بەرەو نهۆمی دیـاریکراو بەڕێکەوت. کە گەیشتە نهۆمی سەرەوە، ئەوا بەرەو دەرگای ئەو دوو ژوورە گەورەیە بەڕێکەوت کە پێکەوە لکێنرابوون، لەنێوان خۆیـانـدا تەنیـا دەرگـایەک هەبوو کە ئەویـان لابردبوو، ئەمە بۆ ئەوەی هـاتووچۆیـان خۆش بکەن. لە پشـــتەوە دەنگ نەدەهات، ئەوەش ســـەیر نەبوو چونکە ڤیکتۆریا هەمیشـە یەکەم کەسێک دەبوو بگاتە ئەوێ، ئەوە جگە لە خـاتوو پێـدینگتن و ئێلێنـا'ی ســـکرتێری. کە دەرگایەکەی کردەوە ئەوا یەکەم شـتێک بینی ئێلێنا بوو کە قاوەی ئامادە دەکرد، هەم بۆ بەڕێوبەرەکەی هەرگیز هیچ بەیـانییەک نەبووە کوپێـک قـاوە نەخواتەوە، هەمیش بۆ خۆی. ئێلێنـا گوێی لـە کرانەوەی دەرگـایەکە بوو و ملی سووڕاند.

"ڤیکی، بەخێربێیت!" ئەو هەمیشـە بەو شێوەیە ناوی دەهێنا. تاکە هاوڕێیەک کە ڤیکتۆریا لە تەواوی تەمەنیدا هەیبووبێت، ئەوا ئێلێنا بوو، حەزی بەو دەهات. نەیدەزانی بۆچی، بەڵام شـــتێکی ئـارامکەری لە چـاوەکـانی ئەودا بەدی دەکرد، مرۆڤێکی میهرەبـان کە لە تەواوی تەمەنیـدا هیچ جۆرە

خراپەیەک یان زیانێکی بۆ هیچ کەسێک نەبووە. تەنیا ڤیکتۆریا بەو شێوەیە بیری نەدەکردەوە، بەڵکو هەمووان ئەو هەستەیان بۆی هەبوو، زۆریان خۆش دەویست. بەڵام تێکەڵ نەدەبوو، وە ئەویش جگە لە ڤیکتۆریا هیچ کەسێکی تر هاوڕێی نەبوو. هەر لە منداڵیەوە هاوڕێ بوون، تاکو قۆناغی هەرزەکاری هەر پێکەوە بوون، بەڵام لەپڕ باوکی دەمرێت و هیچ کەسێکی نامێنێت، دایکیشی لە کاتی لەدایک بوونی ئەودا کۆچی دوای کردبوو. میراتێکی ئەوتۆی بۆ نەمابۆوە، باوکی کەسێکی پارەدار نەبوو، ئەوەی هەیبوو تەنیا بڕە پارەیەکی کەم بوو کە دەبوایە لە قەرزی دابایەوە، بەڵام خاوەن قەرزەکان لەوەندە خۆش بوون و ڕێگەیان دا ئەوەی ماوەتەوە بۆ کچەکەی بێت. میراتەکەی بۆ لە بانکێکدا هەڵگیرا، خۆیشی ڕۆیشتە لای پوورێکی و بۆ چەند ساڵێک لەگەڵی ژیا.

بە هۆی ئەوەی کە لە ژیانی گوند بێزار بوو و چیتر نەیدەویست وەکو کچە جووتیارێک بژیت، ئەوا کە گەنج کەوت پووری جێهێشت و هات بۆ لەندەن. خاتوو پێدینگتن خزمێکی دووری ئەوە، بۆیە کە زانی ئێستا لە شارە و هیچ شوێنێک نییە بۆی بڕوات، ئەوا لە خۆی گرت و ماوەیەک لە ماڵەکەی خۆیدا جێی بۆ کردەوە. بۆ خاتوو پێدینگتن ئەمە مایەی ئارامی بوو، بوونی کەسێک لە ماڵەکەیدا جا بە

تایبەتیش کچێکی ناوازەی وەکو ئێلێنا ئەوی زۆر دڵخۆش دەکرد. دوای ئەوە کاری پێ بەخشـــــی، وەکو ســــکرتێری خۆی. هێشـــــتا هەردووکیان پێکەوە دەژین، لە خانوویەکی گەورەی کۆندا کە پێکەوە ڕووناکیان کردۆتەوە. ســەبارەت بە ئێلێنا و ڤیکتۆریا'ش، ئەوا بە ڕێکەوت ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکتریـان لە نزیـک پردی کلۆک تـاوەر بینی. ڤیکتۆریـا سەرەتا ئەوی نەناسییەوە، بەڵام هەر کە زەردەخەنەکەی و ئەو چاوە گەشانەی بینی، ئەوا ناسییەوە. بە بینینی یەکتری شـــــادمان بوون، بە تایبەت ئێلێنا کە هاوڕێی منداڵی خۆی دۆزییەوە. ڤیکتۆریا لەو کاتەدا بە تەنیا دەژیا، هیچ کەسێکی نەبوو. ســەرەڕای ئەوەی کە هیچ پشـت و پەنایەکی نەبوو، ئەوا پارەیەکی ئێجگار زۆری هەبوو، هەڵبەتە هیچ کەسـێک بەمەی نەدەزانی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ کەسێک ڤیکتۆریا'ی نەدەناســـــی. تەنانەت لە قوتابخانەی تایبەتی کچانیش، ئەوا تەنیا ناوی دەزانرا، ئەویش تەنیا ئەو کاتانەی ناوی دەخوێنرایەوە، ئەگینا هیچ کەسـێک بەڕاســتی ئەوی نەدەناســـــی و نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە. جارێکیان بە منداڵی ئێلێنا ئەو پرســـــیارەی لێکرد، ئەویش بە وەڵامێکی زۆر سادەوە گوتی: باوکم بازرگانە، دایکم نییە.

جـگە لەمە هـیـچـی تـری نەگـوت. لەوانەیە هەر ئەو لەدەسـتدانەی وایکردبێت ئێلێنا ببێتە هاوڕێی ئەو، کەسـێک

که له بێ نازی دایک تێبگات. ئەو وای بیردەکردەوە، بەڵام ڤیکتۆریا هەرگیز ئەو هەســـتەی نەبووە. کەم کات هەبووە ڤیکتۆریا هەست بە شتێک بکات، ئەو کاتانەی کە هەستیش بە شتێک دەکات ئەوا لە ئاکامدا یەکێک دەمرێت.

ڤیکتۆریا کە باوکی مرد پارەیەکی ئێجگار زۆری بە میراتی بۆ ماوەیە، بە هۆی ئەوەوە توانی خوێندنەکەی تەواو بکات و گەشـــت بکات، بە تەنیا. لە کۆتاییشـــدا ڕێی کەوتەوە لەندەن، ڕێک ئەو ڕۆژەی کە ئێلێنا'ی تێدا بینی.

سەرەڕای ئەوەی کە سامانێکی زۆری هەبوو، سامانێک کە بەشـــی چەندین ســـاڵی دوور و درێژی دەکرد، ئەوا هەر دەســت بەکاربوو. کۆمەڵە ئیشـێکی جۆراوجۆری کردوون، هەر بۆیەشـــە خاتوو پێدینگتن ئەوی بەدڵ بوو، مرۆڤێکی کارامە بوو.

"سڵاو لە تۆش ئێلێنا" زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

-قاوە دەخۆیتەوە؟

-نەخێر، سوپاس.

-کەوایە چاوەڕێم بکە، با ئەمە بۆ خاتوو پێدینگتن ببەم.

-باشە.

ڤیکتۆریا ڕۆیشـــــته لای ئەو مێزەی کە ئێلێنا لە پشـــــتی دادەنیشت، ڕۆژنامەکەی بۆ لەوێ دانا. بە پێچەوانەی خۆی، ئەوا ئێلێنا زۆر حەزی لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان دەکرد، بۆیە هەموو بەیانییەک بۆی دەهێنا. لە نزیک دەرگایەکە قەنەفەیەک بەلای دیوارەکەوە بوو، ڕۆیشتە سەری دانیشت. چەند ســـــاتێکی کەم چاوەڕێی کرد، زۆری پێ نەچوو ئێلێنا لە ژوورەکەی بەڕێوبەرەوە هاتە دەرەوە. کوپی قاوەکەی هەڵگرت و ڕۆیشـــــته پشـــــتی مێزەکەیەوە، لەســـــەر کورسییەکەی دانیشت. دوو قمی لێ دا و لەسەر مێزەکەی دانا، چاوی بەر ڕۆژنامەکە کەوت و گوتی: ســــوپاس بۆ ئەمە ڤیکی، بەڵام پێویســــت ناکات هەموو بەیانییەک بۆم بهێنیت.

ڤیکتۆریا دەیزانی لە میهرەبانی خۆیەوە ئەو قسەیە دەکات، ئەگینا بەو کارەی زۆر دڵخۆش بوو.

-کێشـــە نییە ئازیزم، خۆی ئەو ڕۆژنامەفرۆشـــە لەســـەر ڕێگامە، وە هیچی واشی تێناچێت.

-سوپاس ڤیکی گیان.

ئێلێنا ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و دەســـتی کرد بە خوێندنەوە، ڤیکتۆریا هەمیشـــە دەیزانی چی دەخوێنێتەوە چونکە ئێلێنا بە بێ ویســـتی خۆی هەمیشـــە بە دەنگێکی بەرزی

دەخوێندەوە. یەکەم شـــتێک گوێی لێ بوو ســـەبارەت بە ئاگری شۆڕشی هەرێمێکی هیندستان بوو کە تێیدا سوپای بەریتانی خامۆشـــی کردبۆوە. دواتریش نرخی دراو و زێڕ لە بازاڕەکانی جیهاندا، دوای ئەمەش کۆمەڵە ڕووداوێکی ناوخۆیی. بۆ نموونە جووڵەی نارەزایەتی ئافرەتان لە هەمبەر ئەوەی کە لە کارگەکاندا لەچاو پیاوان پارەیەکی کەمتریـان پێ دەدرێـت، یـان ئەو کوڕە گەنجەی کە لە ڕووداوێکی نەخوازراودا لە کاتی ئیشـــکردن لە بینایەکدا یەکێک لە پارچە ئاسـنە گەورەکانی بەسـەردا بەربۆتەوە و مردووە، وە چەندین هەواڵی تری لەم شێوەیەش.

بەڵام ئەوەی سەرنجی ڤیکتۆریا'ی ڕاکێشا تەنیا دوو هەواڵ بوون. ئەوەی یەکەم باسی لە کۆتا قوربانی تازەی جاک'ی خوێنڕێژ دەکرد، ئەو بکووژەکەی کە تاکو ئێســـتا پۆلیس نەیتوانیوە قۆڵبەسـتی بکات. ئەو جاک'ە هەر کەسـێک بێت، ئەوا مایەی گرنگی ڤیکتۆریا بوو، کەسـێک بوو کە هەسـتی دەکرد وەکو خۆیەتی، کەســـێک کە... تێدەگـات. ئەوەی دووەمیش دەربارەی دۆزینەوەی لاشـــەی پیاوێکی گەنج بوو لە ڕووباری "ثەیمز"دا.

لە ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو:

لاشەی یەکێک بە پارچەکراوی لەناو تەلیسێکدا لە ڕووباری "ثەیمز"دا دۆزراوەتەوە. لە ماوەی سـاڵێکدا ئەمە سـێیەم حاڵەتە، وە وەکو ئەوانی تریش ئەمەشـیان پیاوێکی گەنجە. بە هەمان شـێوەی ئەوانی تر جەسـتەی بڕدراوە، قاچ و قۆڵەکانی و سـەری، وە چەند ئەندامێکی ناوەوەشـی دەرهێنراوە. تاکو ئێستا ناسنامەی نەزانراوە، بەڵام ئەگەر ئەمەش وەکو ئەوانی تر بێت ئەوا یەکێکە سـەر بە چینی خانەدانان. پۆلیس دەسـتی بە لێکۆڵینەوە کردووە، وە بەیانێکیان دەرکردووە کە بەمزووانە دەری دەخەن ئەم قوربانییە کێ بووە، وە بەڵێنیشـیان داوە بە زووترین کات کەسـی تاوانبار قۆڵبەسـت دەکەن. ئەمە مایەی نیگەرانییە، لەندەن هەرگیز کاتێکی وەها تاریکی بە خۆیەوە نەبینیوە. لەلایەکەوە جاک'ی خوێنڕێژ ئافرەتەکانمان دەکوژێت، ئێسـتاش یەکێکی تر پەیدا بووە کە پیاوەکانمان دەکوژێت. دانیشـتووانی لەندەن زۆر نیگەرانن، ترس کەوتۆتەوە دڵیانەوە. بۆیە داوا لە دەسـتەی پۆلیس دەکرێت، بە تایبەتیش سکۆتلاند یارد کە بە زووترین کات ئەم دڕندانە بگرن و بیخەنە بەر دەستی یاساوە.

"ئای خودایە، ئەم جیهانە چی بەسـەرهاتووە؟" ئێلێنا بە دەنگێکی نیگەرانەوە ئەمەی گوت. سـەیری ڤیکتۆریا'ی کرد

که ئەویش سـەری ڕادەوەشـاند، وەکو ئەوەی کە بەڕاسـتی ئەویش نیگەران بێت.

"لەوە زووتر ئەویان دۆزییەوە کە چاوەڕێم دەکرد، پۆلیس خەریکە بەڕاستی بە کاری خۆیان هەڵدەستن، بەڵام هێشتا بەس نییە." ڤیکتۆریـا ئەمەی لە مێشـــکی خۆیـدا گوت، زەردەخەنەیەکی لەگەڵ کرد.

ئێلێنا سەیری کرد و گوتی: چی خۆشت بیرهاتۆتەوە؟

-بەڵێ؟

-زەردەخەنە دەکەیت.

-ئەها، هیچی وا نییە.

لەسەر قەنەفەکە هەستا و ڕۆیشتە پێش مێزەکە.

-ئەمڕۆ کارمان چییە؟

-کارێکی ئەوتۆمان نییە، ئەمڕۆ پشوو بە زۆربەی کچەکان دەدەین، تەنیا کەمینەیەکیان دەســـتبەکار دەبن. وە بەڵێ، بەڵێ، بێ خەمبە... تۆش یەکێک دەبیت لەوان.

ڤیکتۆریا حەزی نەدەکرد پشـــوو وەرگرێت، تەنیا لە چەند کاتێکی دیاریکراودا نەبێت.

-لەلایـان خێزانی یەکێکەوە بە نـاوی مـاثیو کوڵنز پەیوەنـدیمـان پێوەکراوە، داوای خزمەتکـارێـک دەکەن کە کـاروبـارەکـانی مـاڵیـان بەڕێوە ببـات. گوتیـان ئەگەر کچەکانمان باش کار بکەن، ئەوا ماوەیەکی زۆر لای خۆیان ڕایدەگرن. بۆیە تۆ دەنێرم، دڵنیام تاکو چەند مانگێک لەوێ جێی خۆت دەکەیتەوە.

-شوێنەکە لە کوێیە؟

-لە سـتراند، ئەو خانووە گەورەیەی سـەر شـەقامی کاندۆس. دەزانیت کامە دەڵێم؟

-بەڵێ، بینیومە.

-دەزانم ئێستا زوویە، بەڵام دەتوانیت بەڕێکەویت؟ داوایان کردووە بە زووترین کات یەکێک بنێرین.

-کێشە نییە، ئێستا بەڕێ دەکەوم.

ڤیکتۆریا بەوە دڵخۆش بوو، ماڵێکی تازەی دەسـتکەوت... قوربانییەکی تازە، ئەوە ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەدا بکەوێت.

بە ئەندازەی سـەرە پەنجەیەک لێی نزیک بۆوە، دەسـتی لە ژێر چەناگەی دانا، هەستی بە هەناسـەی گەرمی دەکرد کە لە دەمی دەدا. سـەری نزیک کردەوە و ویسـتی لێوەکانی

ڤیکتۆریا ماچ بکات، بەڵام ئەو خۆی دوورخســــتەوە و بە دەنگێکی سەرزەنشتکارەوە گوتی:

-لێرە نا، هاوسەرەکەت هێشتا لە خوارەوەیە!

-بەڵام نــاتوانم بەرگە بگرم! کە دەتبینم ئەوا خۆم بۆ ناگیرێت، دەمەوێت ماچت بکەم، دەمەوێت...

ڤیکتۆریــا ســـەیری کرد، پیــاوێکی گەنج کە حەز و خۆشەویستییەکی ئاژەڵانە لە چاوەکانیدا بەدی دەکرێت.

-ئێستا نابێت ماثیو، کات و شوێنەکەی گونجاو نییە.

-ئەی کەی گونجاو دەبێت؟ تکایە، دەمەوێت لەگەڵت بم.

-بەمزووانە.

-بەمزووانە کەی؟!

دەســتی گرت و توند گوشــی، ویســتی بەرەو لای خۆی ڕاکێشــێت و ماچی بکات، بەڵام ڤیکتۆریا خۆی لە دەســتی ڕزگار کرد.

-گوتم جارێ نا!

-بەڵام...

–سەیرکە، ئێستا گونجاو نییە. بەڵام...

–بەڵام...؟

–ئەمشەو وەرە بۆ لام، پێکەوە دەبین، تەنیا من و تۆ.

ڤیکتۆریا پارچە کاغەزێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و ناونیشانی خۆی نووسی. کە تەواو بوو، ئەوا بە پیاوە گەنجەکەی دا. ئەو کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنەیەکی گەورە کەوتە سەر لێوەکانی، دواتر گوتی: بەڕاستیتە؟!

–بەڵێ، ئەمشەو، دوای نیوەشەو.

–بەدڵ... بەدڵنیاییەوە دێم!

دوای ئەمە، ئەوا ڤیکتۆریا نووسینگەکەی جێهێشت و ڕۆیشتە ژووری نووستنی ئەوان تاکو پاکی بکاتەوە.

لەسەر جێگای خەو ڕاکشابوون، توند ماچی یەکتریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوە گەنجەکە خێرا جلەکانی ژێرەوەی ڤیکتۆریا'ی دادەکەند. لە دەمییەوە بەرەو ملی چوو، دواتر دەستی کرد بە ماچکردنی سنگی و مژینی مەمکەکانی، لەسەر ئەوە بەردەوام بوو تاکو ڤیکتۆریا هەستا، ئەویش لەگەڵی هەستا. ڤیکتۆریا دەستی بۆ قایشی پانتۆڵەکەی ئەو برد و لێیکردەوە، پانتۆڵەکەی لێ داکەند.

دەســتی بۆ چووکی برد و گرتی، دواتر دەمی لە دەمییەوە نزیک کردەوە و توند دەســـتیان کردەوە بە ماچکردنی یەکتری. کە دووبارە ڕاکشـــانەوە و ســـەرجێیەکەیان ئەنجامدا، ئەوا پیاوە گەنجەکە بە بێ وزەیی کەوتە ســـەر ســـنگی ڤیکتۆریا، زۆری لێ ڕژابوو و توانای نەمابوو. باوەشــی پێدا کرد و ســەری لەســەر ســەرینەکە ڕاکشــاند. ڤیکتۆریا بە نەرمی دەستی بە پشتەوەی سەری دادەهێنا، پیاوە گەنجەکە حەزی بەوە دەهات. زۆر ئاســـوودە بوو، ماندوو بەڵام ئاسوودە.

لەپڕ هەسـتی کرد شـتێک بەر ملی کەوت، وەکو پێوەدانی مێروولەیەک...؟ مێشوولەیەک؟

جەســـتەی بە تەواوی ئیفلیج بوو، بەڵام درکی هەر لە شـــوێنی خۆی بوو. ڤیکتۆریا ئەوی ســـووڕاندەوە، تەنیا شـــتێک کە دەیتوانی بیجووڵێنێت ئەوا چاوەکانی بوون، سەیری ڤیکتۆریا'ی کرد و بینی دەرزییەکی بە دەستەوەیە، ناوەوەی بەتاڵ بوو. ڤیکتۆریا هەســـتا و لە ژێر مێزەکە چەقۆیەکی لووسی تیژی دەرهێنا، لە ژێر مێزەکەی تەنیشت جێگایەکەی شـاردبوویەوە. ڕۆیشـتە سـەر پیاوە گەنجەکە لەسەر ناوچەی کەمەری دانیشت. دەستی بۆ چەناگەی برد و توند گرتی، سەیری چاوەکانی کرد.

"لە چاوەکانتەوە دیارە کە ناتوانیت بجوولێیت، بەدڵمە."

چەقۆیەکەی بە دەستی ڕاستی بەرز کردەوە، پێش ئەوەی وەکو شێتێک بۆ چەندین جار بیوەشێنێت و سنگی کون بکات، ئەوا گوتی: چێژی ڕاستەقینە ئێستا دەست پێدەکات!

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا چەقۆیەکەی وەشاند، خوێن لە هەموو شوێنێک ڕژا...

# لەسەر پردەکە

نـاتوانم بڵێم لە هەموو شـــتێک بێزار و مـانـدوو بووم، ناشـــتوانم پێچەوانەی ئەوە بڵێم بەوەی کە خوودی بوونم بە دەوروبەرمەوە بەســـتراوەتەوە. بەڵێ، ماڵێکی خۆشـــم هەبوو کە لە دایکمەوە بۆم مابۆوە، خاوەنی کارێکی باش بـووم کە بـژێـوی مــانـگــانەی بـۆ دابـیـن دەکـردم، لە شـارۆچکەیەکی سـەلامەت بووم کە دەگمەن دەبیسـترا یان دەبینرا تاوانێکی تێدا ڕووبدات. بەڵام هێشــتا بەس نەبوون، هێشـــتا بەس نەبوون و هەســـتم بە ماندوویەتی دەکرد، وردتر بڵێم تەنیـایی. تەواوی خەڵکی شــــارۆچکەکەم دەناســـین، ئەوانیش بە هەمان شـــێوە، بەڵام تێکەڵاوییەکی ئەوتۆشـــمـان نەبوو. تەنیـا لەگەڵ من وانەبوون، لەگەڵ دەوروبەریشیان هەروابوون، ئەمەش سەیر نییە بەوەی کە هەمووی ســێ ســاڵە جەنگ تەواو بووە و خەڵک لە برینە جەســـتەیی و دەروونییەکانیان ســـاڕێژ دەبنەوە. هەر کە جەنگ تەواو بوو ئەوا گەڕامەوە بۆ نیشـــتیمان، ئای چەندە بۆی تـامەزرۆ بووم، خەیـاڵات و وێنـاییەکی زۆرم بۆی هەبـوو. هەر کە گەڕامەوە، ئەوا ئەو خەیـاڵاتە لەلایـان واقیعەوە زللەیەکی بەرکەوت، چونکە ئەوەی چـاوەڕێم

دەکرد زۆر لەوە جیاواز بوو کە چاوەڕێی منی دەکرد. دوای ئەوەی لە بەندەری کوشیا وەستاین، ئەوا لەسەر کەشتییەکە دابەزیم و ڕاستەوخۆ بەرەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە بەڕێکەوتم، لەوێشەوە بەرەو شارۆچکەکەم، "کرایسیا". شارۆچکەکە هەروەکو خۆی مابۆوە، وەکو ئەوە وابوو لە ماوەی چەند ساڵی جێهێشتنیم هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتبووبێت. خانووەکان خاوەنی هەمان ڕەنگ بوون، هەڵبەتە بەشێکیان بۆیاغەکانیان کاڵ بووبۆوە و کۆن دەردەکەوتن. شەقامەکان وەکو هەمیشە بەتاڵ بوون، ئەو چاڵانەش کە لەوێ و لەوێ بوون و هەموانیان بێزار دەکرد، ئەوا هەر لە شوێنی خۆیان مابوونەوە، شارەوانی هیچ گرنگییەکیان پێ نەدابوو. باخچەی گشتیش کە لە ڕاستیدا باخچەیەکی بچووک وەکو هەمیشە وەکو گۆڕستان وابوو، درەخت و گیایەکان کە دەبوایە سەوزبووبان ڕەنگێکی خۆڵەمێشی مردوویان گرتبوو. لە کاتێکدا بە جانتایە قورسەکەمەوە کە بە شانمەوە هەڵمگرتبوو، ئەوا بە ناوەندی شارۆچکەکەدا بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوتم. کە دەڕۆیشتم، ئەوا هەستم دەکرد چاودێری دەکرێم. لە لای ڕاستم کە دوکانێکی فرۆشتنی نان و کێک بوو، ئەوا شوقەیەک هەبوو کە ژن و مێردێکی پیر تێیدا دەمانەوە، ئەوانم دەناسی بەوەی کە

کوڕەکەیان لەگەڵم بوو کاتێک ڕەوانەی سەربازی کراین. لەولاشەوە لە پێشم لەناو شوقەیەکدا پیاوێک هەبوو، تەمەنی نزیکی پەنجا ساڵێک دەبوو، ئەویشم بە هەمان شێوە دەناسی.

کوڕێکی هەبوو کە ئەویش لەگەڵمان ناردرایە سەربازی. هەمووان لە پشت پەردەکانی ژوورەوەیان سەیریان دەکردم، هەوڵیان نەدەدا کە خۆیان بشارنەوە یان وابکەن من درکی پێ نەکەم، بەڵکو بە شێوەیەکی دیار لە پشت پەنجەرەکانەوە وەستابوون و پەردەکەیان بە نیوەی لادابوو، وا لە منیان دەڕوانی وەکو ئەوەی خێوێک بم. ویستم دەست بەرز بکەمەوە و سلاو بکەم، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا دەنگێک لە مێشکمدا زرنگایەوە.

"برینیان لەوە قووڵتر مەکە، باش دەزانیت کە بۆچی وا بەم شێوەیە سەیرت دەکەن. کە تۆ دەبینن ئەوا کوڕەکانیان بیردێتەوە، ئەوان مردوون و تۆش زیندوویت." دەستم بەرز نەکردەوە، ڕووم کردە ئاڕاستەی شەقامەکە و بێ ئەوەی سەیریان بکەم لەوێ ڕۆیشتم. گەیشتمەوە ماڵەوە، خەریک بوو لە دەرگا بدەم، بەڵام بیرم هاتەوە هیچ کەسێک لە ماڵەوە نییە تاکو چاوەڕێم بکات. تاکە کەسێک کە هەمبوو ئەوا دایکم بوو، ئەویش حەوت مانگ پێش

گەڕانەوەم بۆ نیشـــتیمـــان کۆچی دوایی کرد. تـازە لە سـەنگەری ئانشـیا بەرەو هێڵەکانی دواوە دەگەڕاینەوە کە پۆسـتەیەکم بۆ هات، هەواڵی مەرگی دایکم بوو. ئەو کاتەی کە هەواڵەکەم بۆ هـات ئەوا ڕێگەم بە خۆم نەدا هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت، ئەو ڕاسـتییەم لە دڵی خۆم قوتدا، نەمتوانی لە کاتێکدا هاوڕێ و هاوکارەکانم لە بەرەکانی جەنگدا وا کۆمەڵکوژ دەکرێن خۆم بە هیچ شـتێکی ترەوە سـەرقاڵ بکەم، بۆیە نامەکەم هەڵگرت و لەناو باخەڵی دواوەی پانتۆڵەکەم هاویشـت. کە هەنگاوم نایە ناو ماڵەکە ئەوا جانتایەکەم فڕێدایە سـەر زەوی، بەرەو هۆڵەکە بەڕێکەوتم و لەسـەر قەنەفەکە ڕاکشـام... دوای ئەمەش کـاردانەوەم بۆ هەواڵەکە لە دڵمـدا زینـدوو کردەوە و... ڕووخام.

بەیانییەکی سارد بوو، هەوری ڕەش بە ئاسمانەوە بوون و سـەر زەوی بە تەمومژ داپۆشـرابوو. تاکە کەسـێک لەو ساتەدا لە دەرەوە بووبێت من بووم، تاکە ڕوحێک بووم لە دەرەوە. بە ناوەندی شـارۆچکەکەدا ڕۆیشـتم، هیچ شـتێک باش نەدەبینرا. شـەقامەکان، ڕێگایەکان، خـانوو و دوکانەکان... تەم بە باوەشـێک هەموو شـتێکی بە ڕەنگێکی سپی سارد داپۆشی بوو.

ســــەرەڕای ئەم نادیارییە بە ڕێی خۆم دەزانی، یاخود وا بیرم دەکردەوە کە دەمزانی. زۆری پێ نەچوو خۆم لەسەر پردی شــارۆچکەکە بینی، پردێکی چل مەتری ئاســنین بوو لەســەر ڕووبارەکەی نێوان کایهێر و سـنۆیر. پردێکی کۆن بوو، تەمەنی بۆ بیست و یەک ساڵ دەگەڕایەوە.

نازانم چی وای لێ کردم بەسەر پردەکەدا بڕۆم، بێ ئەوەی خۆشـم بمەوێت و بێ ئەوەی بزانم چۆن قاچەکانم بەرەوی چوون. لە کاتێکدا بە ڕێڕەوی تایبەت بە پیادە دەڕۆیشـــتم، ئەوا سەیری ئاوەکەم دەکرد، ئاوێکی سارد.

بۆ مــاوەیەک تێیڕامــام، دەســــتم بە ڕەفە ئــاســــنینییە ژەنگاوییەکە گرت و تەنیا تێیڕامام. لە کاتێکدا ســــەیری ڕووبارەکەم دەکرد کە وەکو ڕامان لە بەتاڵاییەکی بێ کۆتا وابوو، ئەوا لەپڕ تەواوی ئەو تەنیایی و بێزارییەی لە دڵمدا لە ماوەی ئەم ســــێ ســــاڵەدا کەڵەکە بووبوون لە دڵمدا ویســـتی بێنە دەرەوە، لەپڕ ویســـتم بکەومە ســـەر زەمینی ئاسـنینی پردەکە و هاوار بکەم، بگریم. ویسـتم... ویسـتم... نازانم. قاچەکانم بەســەر ڕەفە ئاسـنینەکە بەرز کردنەوە و ڕۆیشتمە ئەودیو، خۆم بە ڕەفەکەوە گرتبوو، ڕووبارەکە لە پێشـم بوو، هەسـتم دەکرد دەیەوێت بەرەو خۆیم ڕاکێشـێت و نوقمی خۆیم بکات. لەو بەرزاییەوە ئەگەر لەناو ئەو ئاوە ساردەدا کە پلەی گەرمی نزیک بوو لە بەستن خۆم فڕێدابا،

ئەوا لە مـاوەی کەمتر لە خوولەکێـک کۆتـایی بە ژیـانم دەهات. بەڵام بیرم لەوانە نەدەکردەوە، ڕاستی بیرم لە هیچ نەدەکردەوە. هزرم وەسـتابوو، تەنیا دەمویسـت ئەو ئازارە کۆتـایی پێ بێـت، ئەو تەنیـایی و بێزارییە. خەریـک بوو ڕەفەکە بەر بدەم کە لەپڕ نیگام کەوتە لای ڕاستم، شتێک... نەخێر، بەڵکو کەســـێکم بینی کە وەکو من لەو دیوی ڕەفە ئاسنینەکە بوو. کچێکی گەنج بوو، پۆشاکێکی تەنکی ڕەشی لەبەردا بوو کە تاکو ســـەروو ئەژنۆیەکانی دەهات، قژێکی سـپی مەیلەو خۆڵەمێشـی هەبوو... وە چاوەکانی کە... کە... ســـەیری کردم، بەو چاوە خەماوییانەی کە هێشـــتا ناتوانم وەســـفی جوانیان بکەم. ویســـتم دەمم بکەمەوە. "تۆ کێیت؟ لێرە چی دەکەیت؟ بۆچی لەوێ وەســـــتاویت؟" بەڵام هیچم بۆ نەگوترا و ئەو قسانە تەنیا لە مێشکمدا زرینگانەوە. تەنیا ســـەیرم کرد، ئەویش تەنیا ســـەیری کردم. چەند ســـاتێک تێپەڕی، بێدەنگی و هیچی تر. لە لێوارەکە دوورکەوتمەوە و گەڕامەوە سەر ئەو دیوی پردەکە، بەرەو لای ڕۆیشتم.

لێی نزیک بوومەوە کە لەپڕ هەناســـەیەکی قووڵی هەڵمژی، لە شوێنی خۆم وەستام. دەستی ڕاستم بەرەو شانی برد، پێش ئەوەی دەســـتم پێی بکەوێت ئەوا خۆی ســـووڕاند و ســـــەیری کردمەوە. بەڵام چـاوەکـانی گۆڕان، ئەم جـارە

خەمیان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو گەشـــانەوە... زەردەخەنەی بۆ کردم.

ئەو زەردەخەنەیە... بیـر...م هــاتەوە. پـێشـــــووتـر ئەو زەردەخەنەیەم بینیوە... لە... ل...ە بەرەیەکی شەڕدا.

لە نـاوەنـدی گۆڕەپـانی شـــــەڕدا بووین کە هێزی دوژمن یەکەی پشتگیری نارد و گەمارۆ دراین، دووچاری شەڕێکی کوشـــندە بووینەوە، ئەو بەیانییە لە هەردوولا کەســـانێکی زۆر مـردن... بـــاوکـــان، کـوڕان، بـرایـــان. دوای ئەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکە زۆری خـایـاند، ئەوا کشـــــاینەوە هێڵەکانی دواوە، بەڵام پێش ئەوەی بە تەواوی بکشـــێینەوە ئەوا دوژمن دووبـارە هێرشـــــێکی لەپڕی نوانـد. لە هەر لایەکت ڕووانیبا ئەوا مەرگت دەبینی، هیچ هیوایەک بوونی نەبوو. کەوتبوومە سـەر زەوی کە یەکێک هاتە سـەرم و بە چەقۆ ویستی بمکووژێت، چەقۆیەکەی لە ملم نزیک کردەوە و خەریک بوو کۆتاییم پێ بێت.

ڕێک لەو ساتەدا بۆ چرکەیەک... بۆ ساتێک نیگایەکی خێرام بۆ ســــــەروو گردی لای چەپم برد و شـــــتێکم بینی... زەردەخەنەیەک لە دوورەوە. چەقـۆیەکەم کە لە کــاتــی بەربوونەوە لە لای ســـەرم کەوتبوو، ئەوا دەســـتم بەرەوی برد و هەڵمگرت، ڕێــک لە گورچیلەی ئەوم چەقــانـــد... دانەیەک، دووان... هەر لێمـدا و لێمـدا تـاکو بینیم ڕوح لە

چاوەکانیدا دیار نەما. ئەو ڕۆژە ئەو زەردەخەنەیەم لەبیر کرد کە بۆ چرکە ســـــاتێـک ببینیم، هەرگیزیش بیرم لێ نەکردەوە… تاکو ئێستا. بەڵێ، ئەمە هەمان زەردەخەنەیە.

"تۆ… کێیـت؟" بە دەنگێـک کە لەرزینی پێوە دیـار بوو لێم پرســی. بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، ئەوا ڕووی لێوەرگێڕام، دوای ساتێکیش… خۆی فڕێدایە ناو ڕووبارەکە!

ئێسـتا کە کۆتایی تەمەنمە و لەسـەر جێگای مەرگم، ئەوا لە کۆتـاییـدا زانیم ئەو کچە کێیە. ئەوەی ئەو ڕۆژە بینیم… مەرگ بوو. بەڵێ، لەوە دڵنیـام چونکە ئەوەتـا جـارێکی تر دەبینم و لە تەنیشتم بە ڕوویەکی خەماوییەوە وەستاوە. لە ماوەی ژیانمدا ســێ جار بینیم، هەرســێکیشــیان لە کاتێکدا بوو کە لە مەرگەوە نزیـک بووم. یەکەمیـان لە گۆڕەپـانی شەڕدا، دووەمیشیان لەسەر پردەکە، سێیەمیشیان ئێستا لە ماڵەکەمدا لە تەنیشـــت جێگایەکەم. ئەم جارە زەردەخەنەی بۆ نەکردم، تێدەگەم بۆچی.

ئەم جـارە ڕزگـاربوونم نییە، بۆیە خەم لێوەکـانی ئەوی گرتووە و ناتوانێت بەرزیان بکاتەوە.

"ئێستا کاتی هاتووە؟" بە کۆخینەوە ئەمەم لێ پرسی، خوێن بە دەممدا هات.

هیچی نەگوت، تەنانەت وشـــەیەکیش. تەنیا بە دڵتەنگییەوە سەری بەڵێی لەقاند و ماچێکی ناوچاوانی کردم…

# تەم

لەسەر قەنەفەی هۆڵە بچووکەکە لە نهۆمی خوارەوە دانیشت بوو، فانیلەیەکی سپی پۆخەڵی لەبەردابوو، پەڵەیەکی قاوەیی کە لە چڵک دەچوو بە لێواری فانیلەکەوە لە خواروو سینگییەوە لکابوو. پانتۆڵێکی ڕەنگ خۆڵەمێشکی لەبەردا بوو، پانتۆڵەکە گنجی کردبوو، دیار بوو کە چەند ڕۆژێک بوو هەر بەو شێوەیە بووە و جلەکانی نەگۆڕیوە. تەلەفیزیۆنەکە لەو کاتەدا کە چرقە چرقی دەکرد و هیچ کەناڵێکی نیشان نەدەدا بە تیشکە سپییە مەیلەو شینەکەی لەوی دەدا، ئەوا بەدەم خواردنەوەی بوتڵی ویسکییەکەی کە لەو کاتەدا بە نیوەی کردبوو سەیری ئەلبومێکی وێنەی دەکرد. لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر پەڕەیەکی ئەلبومەکە، ئەوا سەری زیاتر و زیاتر دەهێشا، قمێکی بچووکی بە ویسکییەکەدا دەکرد و دەمی تەڕ دەکرد. لە هەڵدانەوەی پەڕەکان وەستا، چاوەکانی کەوتنە سەر وێنەیەک، وێنەی خانەوادەکەی. خۆی لە لای چەپ وەستابوو و کوڕێکی بچووکی لە باوەشدا هەڵگرتبوو، لە لای ڕاستیشی ئافرەتێک وەستابوو. منداڵەکە پاڵی بە ڕووخساری باوکییەوە دەنا، دیار بوو شەرمی دەکرد لەوەی کە دەیبینێ. دوو

هاوســـەرەکە بە زەردەخەنەوە لە تەنیشـــت یەکترییەوە وەســـتابوون، لێوەکانیان لە یەکتری نزیک کردبۆوە و ماچێکی نەرمی یەکتریان کردبوو. سەرەڕای دڵخۆشی ئەو ســاتەیان، ئەوا ئەو ڕۆژە یادەوەرییەکی تاڵی لە مێشــکی ئەودا جێهێشــت، یادەورییەک کە هێشــتا برینەکەی وەکو یەکەم ڕۆژ ئازاری دەدا. چەند کاژێرێک دوای گرتنی ئەو وێنەیە لە یەکێک لە ناوچە ســـەوزە گەشـــتیارییەکانی دەرەوەی شـــار، ئەوا لە ڕێگـای گەڕانەوە دووچـاری ڕووداوێکی نەخوازراو بوون. بە ئـاڕاســـتەی پێچەوانە ئۆتۆمبێلێک لێیان نزیک دەبۆوە، ڕاســـتەوخۆ بەرەو ئەوان دەهات. شـــۆفێری ئۆتۆمبێلەکە خەوی لێکەوتبوو، ســـەری بەسـەر سـووکانەکەدا ڕاکشـاندبوو و لە واقیع دابڕابوو. بە هۆی ئەوەی کە لەو کـاتەدا لەگەڵ هـاوســـەرەکەی و منداڵەکەی گۆرانییەکیان دەگوت، ئەوا بە تەواوی سـەرنجی لەســـەر ڕێگایەکە نەبوو و وە نەشـــیزانی کە ئۆتۆمبێلی بەرامبەری لایەکەی تری نەگرتووە. کە ســـەرەی باوکەکە تەواو بوو و تەواوکردنی گۆرانییەکە بە منداڵەکە سـپێردرا، ئەوا هاوسـەرەکەی بە دەم پێکەنینەوە سـەیری پێشـەوەی کرد و دوای چرکە ساتێک تاسا، ڕووخساری وەکو خێوێک سپی هەڵگەڕا.

"ئازیزەکەم!" نەیتوانی ئاوڕ بۆ هاوســــەرەکەی بداتەوە کە ئۆتۆمبێلەکە خۆی بەوان دادا و دونیا تاریک بوو.

فرمێســــک لە چاوەکانی گل بووبوونەوە، خەریک بوو بە تەواوی فرمێســــکەکانی بڕێژێت و داخی دڵی بە هاوارێک بێنێتە دەرەوە کە لەپڕ گوێی لە دەنگێک بوو. دەنگەکە لە لای شۆرگەکەوە دەهات، دەنگێکی نامۆ بوو. کە گوێی لەوە بوو، ئەوا فرمێســــکەکـانی بە مەچەکی ســــڕییەوە و ئەلبومەکەی لەسەر مێزەی پێشییەوە دانا، ئەو مێزەیەی کە پێکهاتبوو لە کارتۆنی کۆنی پیتزا و تەپڵەکی جگەرە و یەک دوو بیرەی قووتووکراو و وە چەقۆیەکی گیرفانی بچووک. بوتڵی ویســکییەکەی دانەنا، بەڵکو هەر بە دەســتییەوە بوو کە هەســتایە ســەر پێ تاکو بزانێت ئەو دەنگە چی بوو. لە کاتێکدا بوتڵەکەی بە ســــەرەکەیەوە لە نێوان دوو پەنجەدا گرتبوو، ئەوا لە دەرگـای شــــۆرگەکە نزیـک بۆوە، دەنگە زیـاتری کرد، بەڵام هێشــــا نەیزانی ئەوە دەنگی چییە. دەرگـایەکەی کردەوە، نـاوەوە تـاریـک بوو بۆیە گڵۆپەکەی هەڵکرد، ڕووناکییەکی ســپی کز بوو کە بە ئەســتەم توانی ڕۆشنایی بە شۆرگەکە ببەخشێت.

لە ژێر ڕۆشــــنایییە کزەکەدا شــــتێکی بینی، یاخود با بڵێم کەسێکی بینی کەناڵەی دەکرد، ئەمە ئەوی زۆر ترساند.

لە سێبەرێکی ڕەشی گەورە دەچوو، سەرەتا لای دیوارەکە کە کاشییەکی شین کرابوو ڕاکشابوو و دەلەرزی، دواتر بە هێواشی لە شوێنی خۆی هەستا، هەستی بە هاتنی ئەو کرد. هەستایە سەر قاچەکانی، بالآیەکی کورتی هەبوو، لە بالآی منداڵێکی بچووک دەچوو، وە شێوەی سێبەرە ڕەشەکەش هەر لە منداڵێکی بچووک دەچوو دوای ئەوەی کە کەمێک ورد بۆوە. سەرەتا پشتی لەو بوو، بەڵام دواتر هێواش هێواش سێبەرە ڕەشەکە ئاوڕی دایەوە. کە ڕووخساری دەرکەوت، ئەوا پیاوەکە تووشی شۆک بوو، بوتڵەکەی لەدەست کەوت، خۆیشی خەریک بوو بکەوێت ئەگەر دەستی بە دیواری نزیک دەرگایەکە نەگرتبا. ئەوەی ئەوی شۆک کرد یەکێکی چاوەڕوان نەکراو، یەکێک کە دەبوایە ئێستا لە ژێر خۆڵدا بووبا، ئەوەی بینی کوڕە بچووکە مردووەکەی بوو! ملی کەمێک لار کردبوو، چاوەکانی ڕەنگێکی سپی ڕەنگ شیریان هەبوو، پێستی ڕووخسار و مل و دەستەکانی ڕەنگێکی خۆڵەمێشیان گرتبوو، ڕەنگێک کە لە ڕەنگی تاریکی هەورە باراناوییەکان دەچوو. سەری کەمێک بەرز کردەوە و ڕووی لە باوکی کرد، بەڵام سەری هێشتا بە لای چەپدا هەر بە لاری هێشتبۆوە. دەستی کرد بە جووڵەکردن.

"باو... باوکە" سـەرەتا وەکو ئەوەی بۆی ئەسـتەم بێت قسـە بکات بەم شـێوەیە قسـەی دەکرد، بەڵام دوای چەند چرکە ساتێک تۆنی دەنگی گۆڕا.

"باوکە... بۆچی منت کوشـــت باوکە؟"پیاوەکە کە ئەمەی بیســـت جەســـتەی کەوتە لەرزین، مووچرک بە تەواوی گیانیدا هاتبوو و چاوە سەرخۆشەکانی زەق بووبوون.

"بۆچی منت کوشت باوکە؟" پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام پیاوەکە وەڵامی نەدایەوە، نەیتوانی قسە بکات.

"بۆچی منت کوشت باوکە؟ بۆچی منت کوشت؟ بۆچی منت کوشـــت؟!" منداڵەکە تۆنی دەنگێکی خێرا کرد و بەرزتری کردەوە، دەســـتی کرد بە هاوارکردن، لە هەمان کاتیشـــدا پێیەکانی خێراتر بوون و دەســـتی کرد بە ڕاکردن بەرەو لای پیاوەکە.

منداڵەکە بە مەبەســـتی ئازاردانی بەرەو لای ئەو ڕایکرد، پیاوەکەش کە ئەوەی بینی ئەوا لە ترســـا خێرا دەســـکی دەرگایەکەی گرت و دەرگایەکەی لەسەر ئەو داخست.

"بۆچی منت کوشـــت؟! بۆچی منت کوشـــت؟! بۆچی منت کوشت؟! بۆچی منت کوشت؟!"

لە کاتێکدا بە تووڕەییەکی زۆرەوە هاواری دەکرد، ئەوا بە مست و شەق لە دەرگایەکەی دەدا، ویستی دەرگایەکە بکاتەوە بەڵام نەیتوانی بەوەی کە پیاوەکە لەودیو دەسکی دەرگایەکەی توند گرتبوو، دووبارە دەستی کردەوە بە مست و شەق لێدان لە دەرگایەکە و هەر بەم شێوەیە بەردەوام بوو.

"بۆچی منت کوشت باوکە؟! بۆچی منت کوشت؟!"

پیاوەکە کە لەو کاتەدا فرمێسک لە چاوەکانی هاتبوونە دەرەوە و وەکو ڕووبارێک دەکەوتنە سەر ڕوومەتی، ئەوا چاوەکانی داخست بوون و دەستی کردبوو بە ناڵە و گریانێکی زۆر.

"من تۆم نەکوشتووە... تۆ بە ڕووداوێکی هاتووچۆ مردیت... من... من تۆم... نەکوشتووە... من، من..."

نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات بەوەی کە گریانی زۆر قورگی گرتبوو، وە لە هەمان کاتیشدا کوڕەکە دەستی کردبۆوە بە قسەکانی.

"بۆچی منت کوشت؟! بۆچی منت کوشت؟! بۆچی منت کوش؟!"

وەکو ئەوەی گوێی لە بــاوکی نەبووبێــت، ئەوا هەر بەم شــێوەیە بەردەوام بوو، پیاوەکەش لە پشــت دەرگایەکە کە سەری پێوە لکاندبوو بە ئازارێکی زۆرەوە دەگریا.

لەپڕ دەنگەکە وەســـتا، کوڕەکە بێدەنگ بوو و چیتر دەنگی نەدەهات.

چەند ســـــاتێک تێپەڕی تاکو پیاوەکە هەســــتی بەوە کرد، فرمێســــک هێشـــتا بە چاوەکانییەوە بوو کە دەســــکی دەرگایەکەی ســـووڕاند و دەرگایەکەی کردەوە. ســـەیری نــاوەوەی کرد، ئەو ژوورەی کە کەمێــک پێش ئێســــتــا کوڕەکەی وەکو ئەهریمەنێک دەیەویســــت پەلاماری بدات. کە ســـــەیری کرد، ئەوا هیچ شـــتێکی نەبینی، شـــۆرگەکە شــێوەی وەکو هەمیشــە بوو، تاریک و ســارد. شــوێنەواری کوڕەکە دیــار نەمــابوو، هەروەکو ئەوەی کە بوونیشـــــی نەبووبێت.

چاوەکانی داخســت و دەســتی بەســەر ڕووخســاری داهێنا، هەنــاســــەی خێرا بووبوو، بەڵام دوای چەنــد چرکەیەک هەناسەدانی ئاسایی بووبۆوە.

"ئەوە... چی بوو؟" بە دەنگێکی نزم وەکو ئەوەی قسە لەگەڵ خۆیدا بکات ئەمەی گوت.

ســـــەرنجی کەوتە ســــەر بوتڵی شــــووشــــەکە کە لە لای دەرگایەکە کەوتبوو.
"دیارە زۆر سەرخۆشم."
دەرگایەکەی دانەخستەوە کاتێک کشایەوە دواوە، هەر بەو شێوەیە بە کراوەیی جێی هێشت. ڕۆیشتەوە لای قەنەفەکە، کەوتە ســــەری و ڕووخســــاری خســـتە نێوان کەلێنی سەرینەکان، هەستی دەکرد کە سەری زۆر دێشێت. لەپڕ چاوەکانی کردەوە، هەستی کرد بۆ چەند خوولەکێک خەوی لێکەوت بوو.
کەمێک هەستا و لەسەر قەنەفەکە دانیشت، سەری هێشتا دێشـــا، بۆیە پشـــتی کەمێک لار کردەوە و ســـەری خســـتە نێوان دەستەکانی و کەمێک گوشی. مووچرکێک بە پشتیدا هات، لەپڕ هەســـتی بە ســـەرمایەکی ســـەیر کرد، ئەمەی بەلاوە ســــەیر بوو بەوەی کە دەرگــا و پەنجەرەکــان داخرابوون و ســـبلیتەکەش لەســـــەر باری گەرمی بوو. ویستی سەیری ئەو ئاڕاستەیە بکات کە ساردییەکە لێیەوە دەهات، بەڵام شتێک ڕێگری لێ کرد، هەستی بە ترسێکی وەســـف نەکراو کرد. خوولەکێک بەم شـــێوەیە تێپەڕی، ســــاردییەکە زیاتر و زیاتری کرد، هەســـتی کرد خەریکە پشتی دەبێت بە سەهۆڵ.

لە کۆتاییدا ورەی بە خۆی دا، کەمێک ئاوڕی دایەوە تاکو دواوەی ببینێت، سەیری ئاڕاستەی سەرمایەکەی کرد. چاوەکانی گوشی، بڕوای بەوە نەکرد کە دەیبینی، وایزانی ئەوە دووبارە بە هۆی سەرخۆشییەوە ئەو جۆرە شتانە دەبینێت. بڕوای وابوو کە ئەوەی دەیبینی خەیاڵاتە، بەڵام هێشتا دەترسا، ترسێک کە وەکو ئەوە وابوو چووبێتە ناو دڵییەوە تاکو بیگوشێت و تووشی جەڵتەی بکات. هەناسەی دووبارە خێرا کەوتەوە، ئارەقێکی سارد بەسەر برۆ و چاوەکانیدا دەهات، ناوچەوانی بە هۆی ئارەقەوە خووسابوو.

نەیزانی کە چی وایکرد هەستێت، خۆیشی نەیزانی چۆن توانست و بوێری ئەوەی هەبوو هەستێت و لێی نزیک بێتەوە، وەکو ئەوە وابوو یەکێک کۆنترۆڵی جەستەی کردبێت. لە پشت قەنەفەکەوە یەکێک دەرکەوت، سێبەرێک بوو، ئەم جارەیان لەسەر شێوەی کەسێکی گەورە بوو، ئافرەتێک کە کراسێکی سپی خوێناوی لەبەردابوو. لێی ورد بۆوە، بە تەنیا نەبوو، منداڵێکی بچووکیش دەرکەوت کە دیاربوو لەسەر کۆشی ئافرەتەکە ڕاکشابوو، هیچ نەدەجوولا.

بەشی ڕاستی سنگی ئافرەتەکە برینێکی سەختی پێدا هاتبوو، لەسەر شێوەی کونێک بوو، خوێنێکی زۆر لە

دەوری برینەکە کۆبووبۆوە. منداڵەکەش بە هەمان شـــێوە بریندار بووبوو، دووچاری برینێکی ســـەختی ســـەری بووبۆوە، مێشـــکی هاڕابوو و چەند شـــووشـــەیەکی تیژ چوبوونە ناو سەری.

"ئا... ئا..." دەنگی پیاوەکە دەلەرزی.

"ئا... ئا... زیزەکەم!"

ئافرەتەکە کە سەری دانواندبوو وەڵامی نەدایەوە.

پیاوەکە دووبارە بانگی کردەوە، بەڵام وەڵامی نەبوو.

دەســـتی بۆ درێژ کردەوە، دەســـتی بەرەو شـــانی برد و دووبارە بانگی کردەوە.

خەریک بوو دەست بە شانی بگات کە لەپڕ و بە شێوەیەکی خێرا ئافرەتەکە سەری بەرز کردەوە.

چاوەکانی وەکو خوێن سوور بووبوون، ڕووخساری سپی هەڵگەڕابوو و ڕوومەتەکانی وەکو ئێسک وش بووبوون.

پیـاوەکە کە ئەمەی بینی، ئەوا بە شـــپرزەییەکی زۆرەوە کشایەوە و کەوتە سەر زەوی.

"تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت!"

ئافرەتەکە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری بەسەردا کرد.

منداڵە بێ گیانەکە هەســـتا، چاوە ســـپییەکانی کردەوە و ڕووی لە باوکی کرد.

"تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت!"

پێکەوە بە دەنگێکی بەرز ئەمەیان گوت، دواتر هەستانە سەر پێ و لە پیاوەکە نزیک بوونەوە.
"دوورکەونەوە! لێم دوورکەونەوە!"
پیاوەکە لەسەر زەوییەکە بە خشانەوە لێیان دوور دەکەوتەوە، ئەوانیش بە هەنگاوی هێواش بەدوای دەکەوتن.
بە دەوری قەنەفەکەدا سووڕایەوە، ڕۆیشتە لای مێزەکە و چەقۆیە بچووکەکەی هەڵگرت.
-تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت، تۆ ئێمەت کوشت!
-نەخێر! نەخێر! ئەوە هەڵەی من نەبوو، نەخێر! نەخێر! نەخێر! نەخێر! هەڵەی من نەبوو!
پیاوەکە بە مەبەستی بەرگری چەقۆیەکەی ئاڕاستەی ئەوان کرد، بەڵام ئەوان هەر زیاتر و زیاتر نزیک دەبوونەوە.
لەپڕ هەردووکیان بێدەنگ بوون، مەودای نێوانیان تەنیا نیو مەتر بوو. ئافرەتەکە دەستی بۆ ڕاکێشا و دەستی لەسەر ڕوومەتی دانا.
"لەگەڵمان وەرە، لێت خۆش دەبین."
پیاوەکە ڕوومەتی لە دەستی ئەو دەخشاند، بیری دەستە نەرمەکەی ئەوی دەکرد کە هەمیشە ئارامی دەکردەوە.
"لەگەڵمان وەرە باوکە، لێت خۆش دەبین."
بە گریانەوە ڕووی لە کوڕەکەی کرد کە ئێستا بە ئاسایی دەردەکەوت، سەری گەڕابۆوە باری ئاسایی خۆی و

ڕوومەتەکانی سوور بووبوونەوە، وەکو ئەوەی بەڕاستی لە ژیاندا بێت. ئافرەتەکەش بە هەمان شێوە گۆڕا، کراسەکەی پاک بۆوە و هیچ ئاسەوارێکی خوێن و برینی پێوە دیار نەما، چاوەکانی چیتر وەکو خوێن سوور نەمان و گەڕانەوە سەر ڕەنگی ئاسایی خۆیان، ڕەنگی شین، ڕەنگێک کە وەکو قوڵایی دەریایەکان شین بوو. ڕووخساریشی پاک بۆوە، ڕوومەتەکانی پڕ بوون و پێستەکەی نەرم بۆوە.

"لەگەڵمان وەرە" هەردووکیان بە یەک دەنگ ئەمەیان گوت.

ئافرەتەکە دەستی گرت و چەقۆیەکەی بەرز کردەوە، بردییە ژێر قورگی.

"لەگەڵمان وەرە."

پیاوەکە چەند ساتێک وەستا و بە دەم گریانەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی.

دوای چەند چرکەیەک لەسەر زەوییەکە خوێنی ڕژاوی ئەو تەواوی زەمینەکەی سوورپۆش کرد، وەکو کانیاوێک خوێنەکە لە قورگی هەڵدەقوڵا و دەهاتە دەرەوە.

دوای ئەوەی کە بە دوو چاوی زەقەوە لەسەر زەمینە ساردەکە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، ئەوا ئافرەت و منداڵەکە وەکو ڕووناکییەکی کز ون بوون، چیتر بوونیان نەما.

دەنگی شـــوێن پێی یەکێک هات، دەنگێک کە بە ئەســـتەم دەبیسترا، ئەوە شوێن پێی کەسێکی ئاسایی نەبوو.

یەکێک لای لاشـــەی مردووی پیاوەکە دەرکەوت، بە پێڵاوە ڕەشــە قایشــییەکانی پێی لە خوێنەکە نا و لێی نزیک بۆوە، بۆ ماوەیەک تێیڕاما. زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، زەردەخەنەیەکی ئەهریمەنــانە کە ددانە ســـپییەکــانی دەرخست.

قاتێکی نیلی تۆخی لەبەردابوو، کراســێکی مارۆنی پۆشـــی بوو و ئەڵقەیەک کە چەند نەخشێکی سەیری لەسەر بوو لە پەنجەی دەستی چەپی کردبوو.

لەســـەر چۆکەکانی وەســتا و ســـەری ئەو بەرز کردەوە، دەمی خۆی کردەوە و دوو کەڵبی گەورەی دەرخســـتن. دەمی لە ســـەری ئەو نزیـک کردەوە، بەڵام مەودایەکی بچووکی لە نێوان دەم و ســەری ئەودا هێشــتەوە. دەســتی کرد بە هەڵمژینی هەوا، یـاخود وا دەردەکەوت. لەجیـاتی هەوا شــتێکی تر دەڕۆیشــتە ناو دەمی، شــتێک کە تێکەڵەی ڕەنگی سەوز و شین و سوور بوو، لە هەڵم دەچوو، بەڵام هەڵمێکی ســـەیر. ئەو هەڵمە لە ســـەری پیاوە مردووەکە دەهــاتە دەرەوە، ئەویش لە ڕێگەی دەمییەوە دەیمژی. هەڵمەکە بڕا، بۆیە دەمی داخستەوە و سـەری ئەوی بەردا،

دواتر هەســـتایەوە ســـەر پێیەکانی و لە لاشـــە مردووەکە دوورکەوتەوە.

بۆ ساتێک چاوەکانی داخست، زمانی بە ددانەکانیدا دەهێنا، بەســـــەر دوو کەڵبەکەی، وەکو ئەوە وابوو چێژی دوا نان خواردنی بینیبێت.

"ئاهـ ئەمەیان چێژێکی تایبەتی هەبوو."

چاوەکانی کردنەوە، هێشتا پشتی لە لاشەکە بوو.

"بەڵام هێشتا برسیمە."

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا ســـەرە پەنجەکانی لە یەکتریدا و لەوێ وەکو تەمێکی ڕەش ون بوو.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ

# دۆستۆیڤسکی

**بۆ بەڕێز دیمیتری ڤۆلکۆڤ**

"بە پێی کۆتا نامەت بێت دیمیتری، ئەوا دیارە لەسەر زەوی دونیا چەند ساڵێک تێپەڕیوە، چونکە پێکهاتەی ئەم جارەی نامەکەت ئەوە دەردەخات کە لە ڕووی هزرەوە زۆر پێگەیشتوویت. چیتر ئەو گەنجە تووڕەیە نەماویت کە بۆ یەکەمین جار نامەی بۆ ناردم. ئەو تووڕەییەت بەشێکی زۆری دامرکاوەتەوە، ئەوەی ماویشە لە شوێنێکی تاریکی ناو مێشکت شاردووتەوە. تووڕەییەکی کەم کە چیتر نرخێکی ئەوتۆی نییە، چیتر کۆنترۆڵت ناکات. بەوە خۆشحاڵم هاوڕێی ئازیزم، وەکو چۆن هەمیشە خۆشحاڵم کاتێک نامەم بۆ دەنێریت. لێرە وەکو بۆم باس کردیت زوو زوو بێزار دەبم، ئەو خەڵکانەی ڕوحیان دەکێشرێت و دەهێنرێنە ئێرە بۆ بەرزەخ کەسانێکی زۆر کەم دوێن. هەڵبەتە لەگەڵ یەکتریدا، ئەگینا زۆرینەیان هەمیشە هەوڵدەدەن قسە بکەن و فریشتەکان گوێیان بۆ بگرن، بەڵام قسە بۆ یەکتری ناکەن. تەنیا ئەو کاتە قسە بۆ

یەکتری دەکەن کە بەندەیەکی خودا تازە دێتە ئێرە، یەکێک لە بەرزەخییەکان کە دەیناسـێت بەرەوی دەچێت و چەند پرسـیارێکی ژیـانی دونیـای لێ دەکـات. بۆ نموونە خـانەوادەکەی چۆنن، حـاڵیـان چۆنە، بێ ئەو چۆن ژیـان بەسـەر دەبەن، ئیتر ئەم شـتانە. هەمیشـەش کاتێک لە وەرگرتنی وەڵامەکان تەواو دەبن، ئەوا بێزاری دایاندەگرێت و بە ڕوویەکی خەمـاوییەوە بەرەو گۆشـەی خۆیـان دەگەڕێنەوە. بۆیە ئـاوایـان بەسـەردێت چونکە لە دەمی ئەوەی تـازە هـاتۆتە ئەویێ دەبیسـتن کە خـانەوادە و خۆشـەویسـت و هاوڕێکانیان ئێسـتا بێ ئەو ژیان بە شـێوەیەکی باش بەڕێدەکەن و بیر لە مردووەکە ناکەنەوە، یان ئەوەتا دەبیسـتن کە حاڵیان بێ ئەو خراپە و دەناڵێنن. ئیتر هەرچییەک بێت وەڵامەکان دڵخۆشـکەر نین، ئەمەش سـەیر نییە. خەمی کـاتی بۆ زینـدووەکـانە، خەمی هەمیشـەییش بۆ مردووەکانە. خۆشم کە سەرەتا هاتم حاڵم لەوان باشـتر نەبوو، جا چۆن باشـتر دەبێت؟ ئاخۆ دەکرێت مرۆڤ شتێکی لەو شێوەیە ببیستێت و پێی دڵخۆش بێت؟

هەڵبەتە وشـەی "مرۆڤ"یش لێرەدا خۆی ناکۆکی لەسـەرە. کە دێیتە بەرزەخ ئەوا لەسـەر شـێوەی ڕوحێک دێیت و جەسـتەت لە دونیا دەمێنێتەوە، ئەو ڕوحەش... ڕاسـتی نازانم چۆن بۆت وەسـف بکەم. هەم لە ڕووی شـێوەوە،

هەمیش لە ڕووی بوونیاتییەوە. ڕوحی هەر یەکێک کە دێت بۆ ئێرە، (بە هی خۆشمەوە) ئەوا خاوەن شێوەیەکی تایبەت بە خۆیەتی. کە دەهێنرێین بۆ بەرزەخ، ئەوا لە هەندێک شتی دونیایی ڕادەماڵدرێین. یەکەمیان لاشـــەی ماددی کە باســـم کرد، ئەوانی تریش هەندێک هەســـت و خوون. لە نموونەی ئەو هەستانەی کە لێرە بوونی نامێنێت توڕەییە، بە تەواوی لە ڕەگ و ڕیشـــە ئەو هەســـتە ناپەســـەندەت لێ دەهێننە دەرەوە. دەزانم بۆوا دەکەن، بۆ ئەوەی ئاســـاییشـــی ئێرە بپارێزن. ژمارەی خەڵکی بەرزەخ هێندە زۆر کە ئەگەر بە پێی پێوەری ســـــەر دونیـا بڕۆین، ئەوا دووری ســـــاڵە ڕێیەکیش ببڕیت هێشـــتا ئەو خەڵکەت لەبەرچاو ون نابێت، هەموو ســـەرە چرکەیەک ڕوحێکی تازە دێت و ژمارەیەکی تریش بۆ ئەو کۆمەڵەیە زیاد دەبێت.

ئای خودای من چ جۆرە شـــوێنێکت درووســـــت کردووە، نازانم سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو ڕوحە لێرە کۆبوونەوە هەرگیز هیچ جۆرە ئاژاوەیەک یان سەرپێچییەک ڕوونادات، تەنانەت نابیستیت یەکێک دەنگیشی بەرز بکاتەوە.

تـــاکە دەنگێـــک بێـــت دەنگی گفتگۆی گەرمی خەڵـــک و فریشتەکانە. هەڵبەتە ئەمە بۆ ئیماندارەکان درووستە، جا چ مەسیحی بن یان موسڵمان یان جوولەکە، یان سەر بە هەر ئـایینێـک بن کە بـانگەوازی یەکتـاپەرســـتی بکەن. ئەگینـا

ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە یان باوەڕیان بە بوونی ئەو نەبووە، ئەوا مافی ئەوەیان نییە قســـە بکەن. هەڵبەتە دەتوانن، بەڵام فریشتەکان گوێیان بۆ ناگرن. ئەمەش ئەگەر بیری لێ بکەینەوە خۆی جۆرێکە لە ســـزا. ئیتر ئەوانیش ڕاهـاتوون، بۆیە هەرچی بێتە ئێرە و ئەوان ببینێت، ئەوا بینەری ئەوە دەبێت کە چۆن خۆیان لە گۆشــــەیەکدا گل داوەتەوە و فرمێســـکی پەشـــیمـانی و ترس بەســـەر ڕوومەتیاندا دێتە خوارەوە.

بەڵام با واز لەوە بێنین، چەندی باس لەم شـــتانە بکەم هێشـتا بێزاریم ناڕوات. تاکە شـتێک بێزاریم لێرە بشـکێنێت ئەم گفتوگۆیانەی ئێمەیە. لێرە لە بەرزەخدا هەر کەســـە و شـــوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەڵێم شـــوێنێک ئەوا مەبەســـتم پارچە زەمینێکی ســـپییە، بەڵام کەمێک لە ئێمە بەکـاری دێنن، زۆرینەی کـات لە گۆڕەپـانەکەین و قســـە لەگەڵ فریشـــتەکـان دەکەین. دوای ئەوەش بە بێـدەنگی هەنگاو دەنێین و پیاســـە دەکەین، ئیتر ئەوە تاکە شـــتێکە پێمان بکرێت.

بەهەرحاڵ زۆر خۆشـحاڵم کە دووبارە نامەت ناردەوە، وە ئەوەی زیاتریش دڵخۆشـــم دەکات ئەوەیە کە ڕات لەســـەر هەندێک باس گۆڕاوە و گەیشتوویت بەو قەناعەتە.

وە لێت ناشــارمەوە، هەســت دەکەم لەپشــت ئەو گۆڕانە هێزێکی شاراوە هەیە کە بەرەو ئەم بیرکردنەوە درووستانە پاڵی ناویت. ئەوەندەی من لە ســاڵانی ژیانم لەســەر دونیا زانیبێتم ئەوەیە کە تەنیا دوو شــت بەڕاســتی کار لە پیاو دەکـات تـاکو هەنگـاو بەرەو بیرکردنەوەی ڕاســـت و دروووست بنێت و درک بە حەقیقەت بکات. یەکەمیان بوونی بـاوەڕ بە خودا لە دڵیـدا، ئەوی تریش خۆشـــەویســـتی ئافرەتێک. هەر لە ســـەرەتاوە ئەوەی یەکەمیانت هەبوو، بەڵام شـتێکت نوقسـان بوو، هەردووکمان ئەوەمان دەزانی. بەڵام ئێستا ئەو نوقسانییە نەماوە، بۆیە ئەگەر داواکارییەکی نـاڕەوا نەبێـت ئەوا بۆم بـاس بکە هـاوڕێی ئـازیزم، بزانم چۆن و کەی شــتێکی لەو شــێوەیە ڕوویدا. بە لەزەت و پەرۆشـییەکی تایبەتەوە نامەکانت دەخوێنمەوە و بیســەری قسەکانت دەبم."

**لەگەڵ ڕێزی بێ پایەنم**

**فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

**بۆ بەڕێز فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

"ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بۆت باســی ئەوە کردم کە ژیان ئاڵۆز نییە، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن کە ئاڵۆزی دەکەن. بڕوام بەو قسـەیە نەبوو، وردتر بڵێم نەمدەتوانی بڕوا بەو قسـەیە بکەم بەوەی کە نەمدەویست دان بەو ڕاستییەدا بنێم. خۆم

هەمیشـــــە تەنیا چاکەم لە خەڵکدا دەبینی، بۆیە هەر کاتێک شــتێکی ناخۆش یان خراپم بەســـەردا دەهات، ئەوا لۆمەی ژیـانم دەکرد، لۆمەی مرۆڤەکـانم نەدەکرد. ئەوەش تۆوی ڕق و کینەی لە دڵدا چەســــپاندم، ڕق و کینەیەک کە دواتر بە ڕووی مرۆڤەکانیدا تەقییەوە، ئەو مرۆڤانەی کە تەنیا چاکەم تێدا دەدین. بەڵام بۆت دەرخســتم کە بەو ئاســانییە نییە ملی ژیان بگرین و لە هەموو شـــــتێکدا لۆمەی بکەین، بۆت دەرخســـتم کە کە خەتاباری ڕاســـتەقینە مرۆڤەکانن، دەبێت ئەوان باجی کارەکانی خۆیان بدەن. ڕاســـــتە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکە کە دەکرێت تەنیا چاکەی لەدەست بێـت، بەڵام بە پێی کـات، ئەوە دەگۆڕێـت و کـاریگەری دەوروبەر و ژینگەی دێتە ســــەر. ژینگەش ئـاوێنەی خەڵکەکەیەتی، ئەوان لەناو خۆیاندا چ شـــــتێک پێکبهێنن و بیســەپێنن، ئیتر وەچەکانیشــیان بە هەمان شــێوە دەبن. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو ڕق و کینەیەم لە دڵدا بوو، لە هەمبەر ژیاندا. بەڵام وردە وردە لەناو دڵمدا کەلێنێک پەیدا بوو و ئەو ڕق و کینەیە دزەی کرد، لە ئاکامیشـــــدا تەنیا ئـازیزانم بەر زەبری ئەو کینەیە کەوتن. ئەو مەبەســــتەم نەبوو، ئێســــتاش کە بیری لێ دەکەمەوە پەشــــیمانییەک دامـدەگرێت کە حەز دەکەم زەوی دەمی بکـاتەوە و ڕێـک قوتم بدات.

ئەو تورەییەی کە باســـت لێوە کرد و گوتـت نەمـاوە سـەرچاوەکەی خەڵک بوو، ئەوە ژیان نەبوو کە درووسـتی کرد. بۆ ســـاڵانێکی زۆر بەر زەبری دەروونی ناتەواوی خەڵک کەوتم، ئازارم چەشـت، بەڵام هەرگیز بۆ سـاتێکیش ئەوانم خەتابار نەکرد. دڵنیام بۆیەشـــە پرســـیارت نەکرد چونکە هۆکارەکەی دەزانیت، منیش بە هەمان شێوە دەزانم. بۆیە هەرگیز ئەوانم خەتـابـار نەدەکرد چونکە لاواز بووم، ورەی ئەوەم نەبوو ڕووبەڕوویان ببمەوە و پێیان بڵێم واز لە ئازاردانم بێنن. دەترســـام ئەگەر ئەو کارە بکەم، ئەوا لەدەستیان بدەم و تەنیا بمێنمەوە، تەنیاییش شتێکە هەرگیز بەرگەیم نەدەگرت. بۆیە ئامادە بووم کەسـانێک بهێڵمەوە و بەرگەیـان بگرم کە جگە لە زیـان گەیـانـدن بە من هیچی تریـان نەدەزانی، ئەویش لەبەر ئەوەی کە تەنیـا نەبم. هەر بۆیە تەنیـا چـاکەی ئەوانم دەبینی (وردتر بڵێم خۆم کـاری ئەوانم دەکرد بە چـاکە، ئەگینا تەنیا مایەی نەگبەتی بوون بۆم)، خراپەیانم پشتگوێ دەخست و پێم لە دڵی خۆم دەنا.

تۆ تاکە کەســێکیت کە زوو هەســـتت بە من کرد، تەنیا لە ڕێگەی نامەکانمەوە ناخی منت بۆ دەرکەوت. قســـەت زۆر بۆ کردم، بەڵام هیچیـانم وەرنەدەگرت، چونکە ئەوەی تۆ دەتـگـوت مـنـیـش دەمـزانـی، بەڵام هـێـزی ئەوەم نەبـوو جێبەجێیان بکەم.

هەر بۆیە کاتێکی زۆرم پێچوو تاکو گەیشتم بەو قەناعەتەی تۆ، ئەوەی کە جڵەو بگرم و توند پێ لە زەوی بنێم و بڵێم ئیتر بەسە. هەر ئەوەشم ئەنجامدا، وە ئای بەڕێز دۆستۆیڤسکی... ئای چ هەستێک بوو. هەڵبەتە دەبێت دان بەوە دانێم خۆم بە تەنیا بەم کارە هەڵنەستام، هیچ کەسێک بێ جۆرێک لە پشتگیری ناتوانێت ئەو جۆرە ورەیە بە خۆی ببەخشێت و ڕووبەڕووی شتێک ببێتەوە کە ساڵەها مایەی ئازاری ئەو بووە. لە کۆتایی نامەکەتدا گوتت تەنیا دوو شت کار لە پیاو دەکەن کە هەنگاو بنێن بەرەو کاری باش، یەکەمیان خودا و ئەوی تریش خۆشەویستی ئافرەت. ڕاستت فەرموو بەڕێز دۆستۆیڤسکی، ئەوەی منیان بەرەو ئەو هەنگاوە باشە نا ڕێک ئەو دوو هۆکارە بوون. یەکەمیان خودای گەورە، ئەوی تریش ئەو ئافرەتەی کە خۆشم دەوێت.

با سەرەتا بۆت باسی کاریگەری خودا بکەم، ئینجا باسی ئەوی تریش دەکەم. دەزانم نامەکەم درێژ دەبێتەوە، بەڵام تکایە بەرگەم بگرە با ئەوەی لە دڵمدایە بیڵێم. تاکە ڕاستییەکی ڕەها بوونی هەبێت خودایە، تەنیا ئەو حەقیقەتی ڕاستەقینەیە. هەرچی بڵێت بوونی نییە، ئەوا یان گومڕایە و فێڵ لە خۆی دەکات، یان ئەوەتا عەقڵی تەواو نییە. هەموو مرۆڤێک دەزانێت خودا بوونی هەیە، ئەوە تۆوێکە لە دڵمان

چێنراوە. ڕاســـــتگۆ بم منیش وەکو گەنجــانی هەموو سەردەمێک کەسێکی زۆر خوا پەرست نەبووم، بە ئەرک و پەرستشەکانم باش هەڵندەستام و کەمتەرخەمیم زۆر بوو. خەڵکانێکی زۆرم دەبینین کە ڕوویان بەرەو ئاســـمان بەرز نەدەکردەوە و وشەی خوایان بەسەر زماندا نەدەهات، بۆیە منیش وەکو هەر گەنجێکی ســــــاویلکە تێکەوتم، ئەوەش مــایەی لەنــاوچوونی ڕوحم بوو. چونکە هەر کەســـــێک پەیوەنــدی خۆی بە خودا بپچڕێنێــت، ئەوا زۆر خێرا کاریگەری ئەوەی لەســـەر پەیدا دەبێت. ماوەیەکی زۆر بەو شـــــێوەیە بەردەوام بوو لەگەڵ تێپەڕینی هەر ڕۆژێک حاڵم خراپتر و خراپتر دەبوو، ئەمەش ســــەیر نەبوو، چونکە پەیوەندیم لەگەڵ کەسێک سست کردبوو کە تاکە پشت و پەناگەی من بوو. خۆم لە مرۆڤەکان کەسێکم نەبوو قسەی بۆ بکەم و پشتی پێ ببەستم، ڕۆیشتم خوداشم لەیاد کرد. ئەمە بەردەوام بوو، تاکو ئەو شـــــەوی ڕووداوە. نامەوێت باسی بکەمەوە، چونکە هەر جارێک باسی دەکەم فرمێسک بەســــــەر ڕوومەتمدا دێتە خوارەوە، نـامەوێت چیتر ئەو دۆزەخەم بیر بێتەوە. دوای ئەو ڕووداوە هەموو شـــــتێک گۆڕا.

لە نوقمی تـاریکی و ئـازار و شــــــەرمەزاری و تووڕەیی و کینەدا، ڕووناکییەکی کز بەرەوم هات، لام وەســــتا و تەنیا

سـەیری کردم. ڕووناکییەکە بە پێی سـات گەش دەبوو، گەشـتر و گەشـتر تاکو وای لێهات چاوەکانم خەریک بوو کوێر بن. بەڵام هەرگیز ئەو هەسـتە لەبیر ناکەم کە ئەو ڕووناکییە پێی بەخشـیم، هەسـتم بە گەرمییەکی وەها نەرم کرد کە دڵ و هزری ئارام کردمەوە، هەسـتێک کە وایکرد فرمێسک بڕێژم و چاوەکانم بەرەو ئاسمان بەرز بکەمەوە و بڵێم: ئەی خودا، دوای ئەو هەموو کـارە خراپەم، ئەوا هێشتا منت خۆش دەوێت؟

ئەوەی ئەو شـەوە بینیم و ئەو هەسـتەی پێ بەخشـیم ڕەحمی خودا بوو، خۆشەویستی ئەو.

لە دوای ئەوەوە وازم لە زۆر شـت هێنا کە منیان بەرەو تـاریکییەکی بێ کۆتـا دەبرد، ڕێگـای ڕووناکیم گرتەبەر. بەڵام ڕێگایەکە هێشـتا زۆری مابوو، شـتێکم لێ نوقسـان بوو کە بە هۆیەوە نەدەگەیشـتم بە کۆتایی ئەو ڕێگایە کە ئاسوودەییە.

دوای ئەوە هێشتا بڕوام وابوو تەنیایی باشترین شتێکە بۆ مرۆڤ، بڕوام وابوو کە تـاکو لە مرۆڤەکـان دووربیـت باشـترە. هەڵبەتە ئەم قسـەیە ڕاسـتە، بەڵام لە هەمووان نا، بەڵکو تەنیا زۆرینەی. بۆ ئەمەش سـوپاسـت دەکەم، چونکە لەو ڕۆژەوەی کە ئەو قسـەیەت بۆ کردم هزرم گۆڕا، چیتر تەنیاییم هەڵنەبژارد و دەرگای دڵم کردەوە، بۆ ئەوانەی کە

گونجاون. لەناو هەموو ئەوانەشدا، ئەوا دڵم بۆ ئەو کەسە کردەوە کە سەرەڕای هەموو ناتەواوی و خراپییەکانم، ئەوا هێشتا منی خۆش دەوێت. بۆ ئەوەی بە کۆتایی ڕێگایەکەم بگەم، ئەوا پێویستم بەو بوو، هێشتاش پێویستم پێیەتی، هەر بۆیە لە هەموو هەنگاوێک لەگەڵمدایە. ڕێگایەک کۆتایی پێهات، ڕێگایەکی تریش وا دەست پێدەکات. بە هۆی خۆشەویستی ئەوەوە بۆ زۆر شتێک چاوەکانم کرانەوە، شتانێک کە هەمیشە دەمبینین، بەڵام درکم بە بوونیان نەدەکرد، ئەو وایکرد درک بە بوونیان بکەم.

لە کۆتاییدا تێگەیشتم بەڕێز دۆستۆیڤسکی، تێگەیشتم کە تەنیایی تەنیا بۆ خودایە. پێویست ناکات هەموو شتێک بە تەنیا بکەین، پێویست ناکات خەمەکانمان بە تەنیا هەڵگرین، وە پێویستیش ناکات هەمیشە بەهێز بین. جوانی خۆشەویستی ڕاستەقینە لەوەدایە کە دەکرێت هەندێک جار لاواز بیت و شەرمەزار نەبیت، فرمێسک بڕێژیت و خۆت خاڵی بکەیتەوە، لە باوەشی گەرمی ئەودا.

بۆیە بەڵێ، ڕاستت فەرموو کە ئەو دوو هۆکار بوون بۆ ئەوەی بگۆڕێم. کاتێکی زۆری ویست، بەڵام وەکو پێشووتر گوتراوە: درەنگ بگات باشترە لەوەی کە نەگات.

چیتر ئەو ڕق و کینەیەم نەماوە، چیتر بە شێوەیەکی ساویلکانە هەمووان بە باش نازانم، بەڵام سەرەڕای هەموو

ئەو شتانەش ئەوا هەمووان بە خراپیش نازانم. مرۆڤ زۆر لەوە ئــاڵۆزترە کە بەو بڵێین بــاش یــان خراپ، ئێمە تێکەڵەیەکین لە هەردووکی. خودی باشــە لە ئێمەدا شــتێکی ســرووشــتییە، ئەو خراپەیەش کە تێماندایە و جار جار دێتە دەرەوە، ئەوا دەســـتکردە و لە شـــەیتانەوە بۆمان هاتووە. چاریشـــمان نییە کە جار جار ملکەچی بۆ بکەین، تەنانەت پاکترینی مرۆڤەکانیش جار جار لە هەمبەریدا چۆک دەدەن. هیوادارم بێزار نەبووبیت بەڕێز دۆســتۆیڤســکی، دەزانم کە ئەم جارە نامەکەم زۆر دوور و درێژ بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆرە ئاگامان لە یەکتری نەبوو، بۆیە ویســـتم بەم نامەیە قەرەبووی ئەو کاتە لەدەستچووانە بکەمەوە.
چاوەڕێی نامەی داهاتووت دەبم."

**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم**
**دیمیتری ڤۆلکۆڤ**

**بۆ بەڕێز دیمیتری ڤۆلکۆڤ**

"ئاسوودەیی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە واز لە ڕق و کینە دێنیت و باڵت بۆ خۆشەویستی دەکەیتەوە. بەڵام ئەو خۆشەویستییە نا کە زۆرینەی خەڵک بە حەز پێهاتنێکی کاتی دەیشوبهێنن، بەڵکو ئەو خۆشەویستییەی کە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لەگەڵتە، دەبێت بە بەشێک لێت. ئەمەش گەورەترین کێشەی سەردەمی من بوو دیمیتری، گەنجەکان و گەورەکان بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕان، بەڵام نەیاندەزانی ئەوە چییە کە بەدوای دەکەون. لەبەر ئەم نەزانییەش زۆرینەی خەڵک (بە تایبەتی گەنجان) خۆشەویستی و جنسیان تێکەڵ بە یەکتری کردبوو. هەڵبەتە هەردووکیان بەشێکی دانەبڕاوی یەکترن، بەڵام هیچیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ نییە. وایاندەزانی ئەو هەوڵ و کۆششەی ئەنجامی دەدەن بۆ بەدەستهێنانی دڵی ئافرەت تەنیا بۆ ئەوەیە بتوانن لەگەڵی جنس ئەنجام بدەن، تەنیا ئەوەیان لە مێشکدا بوو. جگە لەوە هیچی تریان نەدەزانی، هەر بۆیە هەمیشە خەمم لەوە دەخوارد و شەرمم دەکرد کە منیش سەر بەو جیلەی ئەوانم. بەڵام شتێک هەیە کە دەبێت بیڵێم، ئەو هەڵە تێگەیشتنەی ئەوان بە تەنیا هەڵەی خۆیان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ خانەوادەکانیان دەگەڕێتەوە. پەروەردەی درووست فێری وەچەکان دەکات

چۆن خۆشـــەویســـتی ئەنجام بدەن، نەوەکو وەکو ئاژەڵێک تەنیا بەدوای جوانی جەستە و ڕووخسار بکەون. هەستیش دەکەم ئەم کێشــــەیە لە ســــەردەمی تۆدا زاڵترە، هەڵبەتە قســەکانت وایان دەردەخات، هەســت بەو شــەرمەزارییەت دەکەم کە لە هەمبەر جیلی خۆتدا هەتە.

بەڵام با واز لەمە بێنین، ئەم باســــانە هەرگیز کۆتاییان پێ نایەت، هەرگیز ژەنگ هەڵناگرن و هەر دەمێننەوە. کەسانێک دەبن لەدوای خۆمانەوە باســـی ئەو شـــتانە بکەنەوە، ئیتر مێژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە.

با بێینەوە ســەر باســی تۆ. بڕوا ناکەیت چەندە خۆشــحاڵم کە ئەم قســانەم ئێســتا بۆ دەکەیت، لە کۆتاییدا توانیت زاڵ بیت، ئەمە مایەی شــــانازییە. شــــانازی بە خۆتەوە بکە، کینەیەک لە دڵتــدا نەمــا کە زۆر کەس هەن لە تەواوی ژیانیاندا ناتوانن لە دڵیان دەری بکەن، هێزی ئەوەیان نییە. بەڵام وریابە دیمیتری، ڕاســتە کە ئەو کینەیە نەماوە، بەڵام ئازارەکە هەر ماوە، هەســتی پێ دەکەم. دەزانم، دەزانم... لە هەمووان باشــــتر دەزانم کە ئەو ئازارەی هەتبوو لەگەڵ ئەمەی ئێســـتا زۆر جیاوازە، بەڵام هێشـــتا وردە ئازارێک هەیە کە جار جار دووچاری خەمت دەکات.

هیوادارم ئـامۆژگـاری من وەرگریـت و نەهێڵیـت کـارت تێبکـات، چونکە کە یەک جـار دەرگـات بۆ کردەوە، ئیتر هەرگیـز بەرت نـاداتەوە. ئـازارەکـانی ڕابـردوو وەکـو مشـــــەخۆرێک وان، تاکو زیاتر بمێننەوە، ئەوا زیاتر بەرەو لەنـــاوچوون دەبەن. بۆیە مەهێڵە کـارت تێبکەن. هەر کاتێکیش بەرۆکیـان گرتیت ئەوا چاوەکانت داخە و تەنیا وێنایی ئەو ئاسـوودەییە بکە کە ئێسـتا هەسـتی پێدەکەیت، بەڵێنم پێ بدە کە وابکەیت."

**لەگەڵ ڕێزی بێ پایەنم**

**فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

**بۆ بەڕێز فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

"وەکو پێشووتر باسم کرد ئەوا بەشێکی زۆری ئەو ئازارە لەناوچووە، وە وەکو فەرمووشـــت تەنیا بەشـــێکی کەمی مـاوە، دان بەوەدا دەنێم. ئەو ئـازارەی کە بۆ مـاوەی دوو سـاڵ ژیانی وەکو دۆزەخ لێ کردبووم، لە کۆتاییدا زۆربەی پووکایەوە و تەنیا کەمێکی لێ ماوەتەوە کە لە ڕاســـتیدا نرخێکی ئەوتۆی نییە. جـار جـار وەکو مـارێکی برینـدار دەیەوێت کۆتا هێرشی خۆی بکات پێش ئەوەی بمرێت، لەم کارەشـدا سـەرکەوتووە، بەڵام تەنیا بۆ چەند سـاتێکی کەم. سـەرەڕای ئەوەش ئەوا چیتر ئەو قووڵییەی جارانی نەماوە و کارم تێناکات، چیتر ڕێگر نییە لە بەردەم ژیانکردنی من، ئەو ژیانەی کە منیش وەکو هەر مرۆڤێکی تر شـــایســـتەی ئەوەم بیچێژم. ئێســـتا ئەو ئازارە بووە بە یادەوەرییەکی دوور، وەکو خەونێک کە باش بیرت نییە و تەنیـا کەمێک ئازارت دەدات، ئەویش وەکو باســـم کرد تەنیا بۆ چەند ساتێک. وە ئای بەڕێز دۆستۆیڤسکی تەنیا تۆ لەم هەستەم تێدەگەیت، تەنیا تۆ لەوە تێدەگەیت چەندە ئاسوودەبەخشـە کە ئەم ئازارە چیتر کارم تێناکات. وەکو خۆت هەمیشـــە دەڵێیت... بۆ ئەوەی مرۆڤ بەڕاســـتی بژیت، ئەوا دەبێت ئازار بچێژێت، ئەوەی ئازار نەچێژێت ئەوا ناژیت. منیش کە ئازارم چەشـــت و بەســـەریدا زاڵ بووم، ئینجا نرخی ژیانم

بۆ دەرکەوت. ئێستا دەستم بە ژیان کردووە بەڕێز دۆستۆیڤسکی، دەزانم درەنگە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە شوێنێک دەست پێبکەین. ئەوەی لەسەرمە ئەوەیە کە هەوڵ دەدەم قەرەبووی ئەو کاتانە بکەمەوە کە وامدەزانی دەژیام، بەڵام لە ڕاستیدا نەدەژیام و تەنیا فیلْم لە خۆم دەکرد. لەمەودوا دەژیم، لەپێناو خۆم و خۆشەویستانم دەژیم. لەگەڵ ڕیتمی ژیان دەڕۆم و هەرگیز ئاوڕ نادەمەوە، هەرگیز جارێکی تر بەو ڕێگا تاریکەدا ناڕۆمەوە کە ساڵەهایەک منی لە داوی تاریکی و ڕق و کینە هاویشت.

بەڵێن بێت بەڕێز دۆستۆیڤسکی کە هەرگیز ڕێگە نەدەمەوە ئەو ئازارە جارێکی تر بەرۆکم بگرێتەوە، هەرگیز بۆ ساتێکیش لە بەردەمیدا چۆک نادەم. گرنگ نییە گەورە بێت یان بچووک، زۆر بێت یان کەم، هەرگیز جارێکی چۆک دانادەمەوە بۆ ئەو ئازارە.

سوپاس بۆ هەموو شتێک بەڕێز دۆستۆیڤسکی، سوپاس بۆ ئەوەی کە هەمیشە یاوەرم بوویت و ئاگات لێبووم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە خۆشت نەتدەزانی کە چەندە وریای منیت و ئاگات لێم.

سوپاس بۆ ئەوەی کە لە تاریکترین و ناخۆشترین ساتەکاندا گوێبیستی قسەکانم بوویت، دڵنەواییت دامەوە، ڕێنوێنیت کردم.

ئەمە نامەی ماڵاوایی من نییە، بەڵکو دەستپێکە. وەکو چۆن گوێبیستی تاڵایی ژیانم بوویت، ئەوا لەمەودوا گوێبیستی شیرینییەکەشی دەبیت.

ڕێز و سڵاوێکی بێ کۆتام بۆت هەیە بەڕێز دۆستۆیڤسکی. وە هاوسەرە ناوازەکەم و کچە خوێن شیرینەکەشم بە هەمان شێوە سڵاویان بۆت هەیە، دەربارەی تۆ زۆر بۆ ئەوان دواوم.

ڕۆژێک دادێت یەکتری دەبینینەوە، بەڵام هیوادارم دڵتەنگ نەبیت کە بڵێم هیوادارم بەمزووانە نەبێت، چونکە هێشتا زۆر ماوە ئەنجامی بدەین. تاکو نامەی داهاتوو وریای خۆتبە، بەمزووانە و بە ویستی خودا لە ڕێگەی نامەکانمانەوە بە دیداری یەکتری شاد دەبینەوە.
تاکو ئەو کات خوات لەگەڵ بەڕێز دۆستۆیڤسکی."
**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستییەکی بێ سنوورم**
**دیمیتری ڤۆلکۆڤ**

# وەرە ئەی مەرگ

لە لێواری دەرەوەی دارســـتانێک وەســـتابوو، لە ژێر نمەی باراندا ســەیری پێشــەوەی کرد و ڕێگایەکی قیرکراوی بینی کە بە ناوەندی دوو دارســـــتاندا دەڕۆیشــــت. کەمێک لە ڕێگـایەکە تێڕامـا کە لەپڕ دوو ئۆتۆمبێـل بە ئـاڕاســـــتەی پێچەوانەوە دەرکەوتن، هەردووکیان بە خێرایی لە یەکتری نزیـک بوونەوە تـاکو لـە کۆتـاییدا خۆیـان بە یەکتری دادا. دەنگێکی وەها بەرز لە ئاکامی ئەو خۆپێکدادانە بەرز بۆوە کە خەریک بوو پەردەی گوێیەکانی بتەقێنێت. دوای ئەوەی کە کـاریگەری دەنگە بەرزەکە بەریـدا، ئەوا بە تۆقینەوە بەرەو لای دوو ئۆتۆمبێلە تێکشـــکـاوەکە ڕایکرد. کە لە ئۆتۆمبێلی یەکەم نزیـک بۆوە، ئەوا بینی کە شـــۆفێرەکە مردبوو، گەنجێک بوو لە کۆتایی تەمەنی بیســـت ســـاڵیدا. دوای ئەوەی کە سەرنجی لەسەر ئەو لابرد، ئەوا ڕووی لە ئۆتۆمبێلەکەی تر کرد، بینی کە ئۆتۆمبێلەکە چوار کەســـی تێدابوون، پیاوێک و ئافرەتێک، لەگەڵ دوو منداڵی بچووکی حەوت ســـــاڵان. دیار بوو کە هەمووان مردبوون، جگە لە پیاوەکە کە بینی سـەری بە هێواشـی دەجووڵاند. بۆیە خێرا لێی نزیـک بۆوە و دەرگـایەکەی کردەوە، دواتر ســــەری

پیاوەکەی بە لای خۆیدا سووڕاند تاکو ڕوخساری ببینێت، کە ڕوخساری ئەوی بینی، ئەوا بڕوای بەوە نەکرد، کە بە دوو چاوەکانی خۆی بینی، چونکە ڕوخساری ئەو پیاوەی کە بینی ڕوخساری خۆی بوو!

هەر لەگەڵ بینینی ئەمە، ئەوا لەپڕ لەسەر قەنەفەکەی لە خەو هەستا و بە هەناسە سوارییەکی زۆرەوە سەیری دەوروبەری کرد، ئەوەی بینی تەنیا خەونێکی ناخۆش بوو، خەونێک کە بە شێوەیەکی بەردەوام مێشکی ئەوی داگیر کردبوو.

بەڵام ئەوە خەونێکی ئاسایی نەبوو، نەوەکو تەنیا لەبەر دووبارەبوونەوەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەونەکەی یادەوەری مردنی خانەوادەکەی بوو لەو ڕووداوە.

ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی بوو کە تێیدا خانەوادەکەی لەدەستدابوو، ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژەی کە تێیدا جیهانی ئەو نوقمی تاریکی بوو. هەر لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستای، ئەوا هەر کاتێک خەوی لێکەوتبا، ئەوا خەونی بەو ڕووداوە نەفرەتییەوە دەبینی، هەر جارێکیش کە ئەو خەونەی دەبینی، ئەوا زیاتر هەستی بە ئازار و تەنیایی دەکرد.

چیتر نەیتوانی بەرگەی ئەو یـادەوەرییە بگرێـت، چیتر نەیتوانی شـــەو لە دوای شـــەو بینەری ئەوە بێت کە خـانەوادەکەی لەدەســـت بچێت، بۆیە ڕۆیشـــتە نهۆمی سەرەوە و دەرگای ژوورەکەی کردەوە.

ڕۆیشتە لای قاسەکە کە لە پشتی تابلۆیەکەوە شاردرابۆوە، تابلۆیەکەی لابرد و قاســەکەی کردەوە. ناوەوەی قاســەکە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک تۆمار، چەند ســـەفتەیەک پارە، وە چەکێک لە جۆری "سمیث و وێسن ٣٨"، هەر کە چەکەکەی بینی، ئەوا هەڵیگرت و لەنـاو گیرفـانی چەپی چـاکەتەکەیـدا شـــاردییەوە، دوای ئەمە پارەکانیشـــی هەڵگرت و لەناو زەرفێکی نـامەی هـاویشـــتن، کە ئەمەی ئەنجـامـدا، ئەوا زەرفەکەی خســـتە گیرفانی ڕاســـتی چاکەتەکەی و دواتر قاســـەکەی داخســـتەوە. کە چەکەکەی هەڵگرت، ئەوا لە ژوورەکە ڕۆیشـــت دەرەوە و دواتر بە ڕێڕەوە تاریکەکانی ماڵەکەیدا بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشـــت. کە گەیشـــتە نهۆمی خوارەوە، ئەوا لە دەرگایەکە نزیک بۆوە، لە کاتێکدا کە دەستی لەسـەر دەسکی دەرگایەکە بوو، ئەوا سـەری بۆ خوارەوە دانواند وەکو ئەوەی بیر بکاتەوە، چەند ســـاتێک بەم شـێوەیە تێپەڕی تاکو لە کۆتاییدا هەناسـەیەکی قووڵی هەڵکێشــا و دواتر دەرگاکەی کردەوە. کە چەند هەنگاوێکی بەرەو دەرەوە برد، ئەوا خێرا بایەکی وشـکی سـارد بەرەو

ڕوویدا هات، بایەکی وەها ســارد کە وایکرد ڕووخســاری ســـوور هەڵگەڕێـت. کـاتەکـانی تر ئەگەر دووچـاری ســەرمایەکی لەو شــێوەیە بووبایەوە، ئەوا دەگەڕایەوە بۆ ژوورەوە تاکو ســـەرمایەکە تێدەپەڕی، یاخود پۆشـــاکی ئەســـتوورتری لەبەر دەکرد تـاکو خۆی لەو ســـەرمـایە بپـارێزێـت، بەڵام ئەو ڕۆژە کە تەنـانەت چـاکەتێکی تەنکی ڕەشـــی لەبەردا بوو، ئەوا ئەو ســـەرمایەی بەلاوە گرنگ نەبوو، وەکو ئەوە بوو کە چیتر ســـەرما کاری تێنەکات، یاخود وردتر بڵێین بەلایەوە گرنگ نەبوو. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە هەنگاوی بەرەو دەرەوە برد، ئەوا دەرگایەکەی لەدوای خۆیەوە داخسـت و بەسـەر شـەقامە بەسـتووەکاندا بەرەو شـوێنی مەبەسـتی بەڕێکەوت. تەنیا بیسـت خوولەک لەو شـوێنەوە دوور بوو کە دەیویست بۆی بچێت، بۆیە بە هەنگاوی هێواشـەوە ڕێگا و شـەقامەکانی دەبڕی. لە کاتێکدا کە بە شــەقامێکی کراوەدا دەڕۆیشــت، ئەوا تێبینی کرد کە تەنیـایە، جگە لە خۆی، ئەوا هیچ کەســـێکی تر بەوێـدا نەدەڕۆیشت. هەڵبەتە ئەمەی بەلاوە سەیر نەبوو بەوەی کە ئێوارەیەکی درەنگ بوو، خەڵک لەم کاتانەدا زیاتر لەماڵەوە دەمێننەوە و لە بەردەم ئاگری ئاگردانەکەیان دادەنیشـــن تاکو خۆیان لە دەســـتی ئەو ســـەرما وشـــکە بپارێزن. لە کـاتێکدا بە تەنیـا بە ڕێگـادا دەڕۆیشـــــت، ئەوا لە ڕێگەی

دارشـــــتەیەکەوە بـای دایەوە و بەرەو شـــــەقـامێکی تر بەرێکەوت، شــەقامێک کە بە شــوێنی مەبەســتی دەگەیاند، شەقامێک کە تێیدا ویستی چاوی بە کەسێک بکەوێت.

کاتێک گەیشـــتە ئەو شـــەقامەی کە مەبەســـتی بوو، ئەوا کوڕێکی بینی، کوڕێک کە لەســـەر عارەبانە بچووکەکەی لە بەیانییەوە تاکو کۆتا ســـاتەکانی شـــەو لەفەی دەفرۆشـــت، کوڕێک کە تەواوی ســـاتەکانی ژیانی تەرخان کردبوو تاکو بژێوی ژیان پەیدا بکات و خوشـــکە بچووکەکەی بەخێو بکات. زۆربەی ڕۆژەکان دەڕۆیشـــت بۆ لای ئەو تاکو زگی برســـی خۆی تێر بکات، بەڵام ئەمە هۆکاری ڕاســـتەقینەی ڕۆیشـــتنی ئەوە نەبوو بۆ لای، بەڵکو بۆیە دەڕۆیشـــتە لای چونکە خەمخۆری و کۆشـــــشـــی ئەو کوڕە گەنجە وزەی ژیانی پێ دەبەخشـــی، وای لێدەکرد بۆ ســـاتێک ئەو ئازارە لەبیر بکات کە زۆربەی کاتەکان دڵی دەگوشی و دەیخستە داوی تـاریکییەوە. بەم شـــێوەیە، ئەوا بۆ مـاوەیەکی زۆر توانی بەرگەی ژیان، بەرگەی تەنیایی و ئازار بگرێت. بەڵام وەکو چۆن هیچ شـــتێـک بۆ هەمیشـــە نییە، ئەوا ئەو بەرگەگرتنەش بۆ هەمیشە نەبوو.

دوای ئەوەی کە ڕۆیشــتە لای و ســڵاوی لێکرد، ئەوا کوڕە گەنجەکە بە ڕوویەکی خۆشـــەوە ســـڵاوی لێکردەوە، پێش

ئەوەی ئەو هیچ بڵێت، ئەوا کوڕە گەنجەکە دەیزانی کە چی دەوێت، بۆیە خێرا لەفەکەی بۆ پێچایەوە و بە گەرمی پێیدا. کە لەفەکەی وەرگرت، ئەوا دەســـــتی بۆ گیرفـانی برد و پـارەی لەفەکەی پێدا، بەڵام هەر ئەوەنـدە نـا، بەڵکو دوای چەند ســـاتێک زەرفی پارەکەی دەرهێنا و بە کوڕەکەی دا، کوڕەکە نەیزانی ئەوە چییە و چی تێـدایە، بۆیە بەلایەوە زۆر ســەیر بوو. دوای ئەوەی کە ســوپاســی کرد و لەوێ دوورکەوتەوە، ئەوا کـوڕە گەنـجەکە زەرفەکەی کـردەوە، تووشـــی شــۆک بوو کاتێک ئەو بڕە پارە زۆرەی بینی. کە ئەوەی بینی، ئەوا خێرا لە عـارەبـانەکەی دوورکەوتەوە و دواتر بــانگی پیــاوەکەی کرد، بەڵام بوونی ئەو چیتر نەدەبینرا، ئەمەش کۆتا جارێک بوو کە چاویان بە یەکتری بکەوێت.

لە کاتێکدا کە بەســەر شــۆســتەی شــەقامەکەدا دەڕۆیشــت، ئەوا دەستی کرد بە کردنەوەی زەرفی لەفەکە، ئەو لەفەیەی کە لە ژێر ئەو کەشــە ســاردەدا هەڵمی گەرمی دەردەکرد، خەریک بوو قەپاڵتێکی لێ بدات کە لەپڕ ســــەگێکی لاوازی بینی لە ســووچی شــەقامەکەوە بە چاوێکی برســییەوە لەو دەڕوانێت، نەیتوانی لەفەکەی بخوات لە کاتێدا ســـەگەکە بە هۆی برســــــییەتییەوە دەینـالانـد، بۆیە لێی نزیـک بۆوە و لەفەکەی لە نزیک ئەو لەســـــەر زەوی دانا. دوای ئەمە لێی

دوورکەوتەوە و لەســـــەر ڕێگای خۆی بەردەوام بوو، لە کاتێکدا کە چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە، ئەوا ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە و بینی کە سەگەکە بە شێلگیرییەکی زۆرەوە دەستی کردبوو بە خواردنی لەفەکە، ئەو بڕە خواردنە کەمە وایکرد وزەی بۆ بگەڕێتەوە.

دوای مــاوەیەک ڕۆیشـــــتن بەلای دوکــان و خــانووە ساردەکاندا، ئەوا لە کۆتاییدا بە شوێنی مەبەستی گەیشت. ڕۆیشت بۆ لای خانوویەکی گەورە، خانوویەک کە ئاشکرا بوو تــازە بوو، خــانوویەک کە چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبەر نیشانی دوو کڕیاری تازە هاوسەر دا.

لە دەرگای ســــەرەکی نزیک بۆوە و دواتر کلیلێکی لەناو گیرفانی دەرهێنا، کلیلەکەی لەناو قوفڵە هاویشـــت و دوای ســـاتێک دەرگایەکەی کردەوە. دوای ئەوەی کە ڕۆیشـــتە ژوورەوە، ئەوا تەواوی ژوور و ڕێڕەوەکــانی بە بەتــاڵی بینی، هیچ کەلووپەلێک بوونی نەبوو، هیچ شــــوێنەوارێکی ژیــانی پێوە دیــار نەبوو، هەڵبەتە ئەمەش ســــەیر نەبوو بەوەی کە گوتمان خانووەکە تازە بوو، ئەوەش لە ڕێگەی نەبوونی کەلووپەل و بۆنی تونـدی بۆیـاغی دیوارە ڕەنگ بێجییەکانەوە ئاشکرابوو. بۆ ماوەی چەند خوولەکێک بەناو ژوور و ڕێڕەوەکاندا ڕۆیشت، تەواوی نهۆمەکانی سەرەوە

و خوارەوەی بڕی تاکو لە کۆتاییدا گەیشـــــت بە هۆڵێکی چۆڵ. کە گەیشتە ناو ئەوێ، ئەوا لە ناوەندی هۆڵەکە لەسەر زەمینە دارینە ســـاردەکە دانیشـــت، بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە، بێ ئەوەی هەسـت بە هیچ شـتێک بکات، ئەوا بەم شـــێوەیە لە دانیشـــتنەکەی بەردەوام بوو. دوای چەنـد خوولەکێک بەسەر دانیشتنەکەیدا کە لە دانیشتنی پەیکەرێک دەچوو، ئەوا دەســـتی بۆ گیرفـانی چـاکەتەکەی برد و دەمـانچەکەی دەرهێنـا، دوای ئەمە دەمـانچەکەی بەرز کردەوە و لوولەکەی خســـتە نـاو دەمییەوە. لە کـاتێکـدا لوولەی دەمانچەکە لەناو دەمیدا بوو، ئەوا هەسـتی بە هیچ ترســێک نەکرد، هەسـتی بە هیچ دڵتەنگییەک نەکرد، بەڵکو تاکە شتێک کە هەستی پێکرد ئەو ئازارە کوشندەیە بوو کە لە دڵیدا بوو، ئازارێک کە بەم ئێســـتایەی ئێرەی گەیاند، ئازارێک کە سوور بوو لە بنبڕکردنی.

پێش ئەوەی فیشەکەکە بتەقێنێت و مێشکی خۆی بپرژێنێت، ئەوا لە دڵی خۆیدا دەستی بە ژماردن کرد.

یەک، دوو، سێ...

# ئەمەش وەفا

دوای زانینی نهێنی هاوســـەرەکەی، ئەوا بۆ ســـێ ڕۆژ نەیتوانی دەربارەی ئەو لە بیرکردنەوە بوەســـتێت، هێشـــتا باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئەو بەیانییە لە کاتی چوونی بۆ سەر کار بینی. بۆ بەیانی ڕۆژی سێیەم لەسەر جێگایەکەی هەستا، تەواوی شەوەکە نەخەوتبوو، بەڵکو بە چاوە سوور و ماندووەکانی تەنیا ســەیری ســەقفی ژوورەکەی دەکرد، کەوتبووە حاڵەتێکی ســـەیرەوە. کاژێرێک بۆ کارەکەی مابوو، بەڵام هەر هەســـتا و پۆشـــاکەکەی پۆشـــی، وای دانابوو کە ئەمڕۆ زووتر بچێت بۆ ســـەر کار، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا وەکو چۆن پاش ماوەیەکی کەم باســـی لێوە دەکەم.

"ئازیزەکەم، بۆوا زوو هەســـتاویت؟ ئایا ئەمڕۆ زوو بەڕێ دەکەویت؟ زۆرباشـە، با بڕۆمە خوارەوە و نانی بەیانیت بۆ ئامادە بکەم."

ئـافرەتەکە کە چـاوەکـانی خەواڵوو بوون و تـازە لەخەو هەستابوو، ئەوا بە باوەشکەوە ئەمەی گوت.

"پێویست بەوە ناکات، لە ڕێگا شتێک دەخۆم، خۆت بخەوە."

پیاوەکە ئەمەی بە میهرەبانییەوە گوت، بەڵام میهرەبانییەکی ساختە چونکە لەو کاتەدا هەڵچوونەکانی لە ئاستێکدا بوون کە زۆری ئـازار دەدان، بۆیە بە ئەســـتەم توانی خۆی کۆنترۆڵ بکات.

ئافرەتەکە کە ئەمەی بیست، ئەوا سـەری لەقاند و دووبارە سەری خستەوە ژێر سەرینەکەی، بەڵام نەخەوتەوە، بەڵکو وا خۆی دەرخست کە دەخەوێتەوە. پیاوەکە کە لە ژوورەکە ڕۆیشـــتە دەرەوە، ئەوا ئافرەتەکە زەردەخەنەیەک کەوتە ســەر لێوەکانی و دوای چەند ســاتێک لەســەر جێگایەکەی هەســـتا، ڕووی لەو مێزەیە بچووکە کرد کە لە تەنیشـــت جێگای خەوتنەکەیەوە بوو، مۆبایلە زیرەکەکەی کە لەســەر مێزەکە بوو هەڵگرت و دواتر ژمارەیەکی لێدا.

"ئەمڕۆ زوو دەچێتە سەر کار، بۆیە کاژێرێکی تر لێرەبە."

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا بە زەردەخەنەوە مۆبـایلەکەی داخستەوە.

پیاوەکە کە لە پشـــت دەرگایەکەوە وەســـتابوو، ئەوا ئەم قسەیەی بیست. دڵی توند بوو و قورگی گیرا، نەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکات. دوای بیســـتنی ئەمە، ئەوا بە شڵەژاوییەوە لەوێ دوورکەوتەوە، دواتر ڕۆیشتە خوارەوە و ڕووی لە بەشـــی خوارەوەی کەوەنتەرەکە کرد کە لە

چێشتخانەکە بوو، دەرگایەکەی کردەوە و دەستی بۆ بەشی دواوە برد، شـــتێکی دەرهێنا کە چەند حەفتەیەک لەمەوبەر شـــــاردبوویەوە، ئەوە دەمــانچە بوو. دوای ئەوەی کە دەمـانچەکەی هەڵگرت و لە بـاخەڵی چـاکەتە نیلییەکەیـدا شـاردییەوە، ئەوا لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە. بەرەو کار بەڕێ نەکەوت، بەڵکو بەرەو ئەو باخچەیە بەڕێکەوت کە زۆر جار لە کاتی گەڕانەوەی لەســەر کار تێیدا دەمایەوە و ســەیری جوانی ســـەوزایی دەوروبەری دەکرد. هەرچەنـدە ئەو بەیانییە بەیانییەکی ســارد بوو و هی ئەوە نەبوو بچێت بۆ باخچەکە، بەڵام ئەو گرنگی پێ نەدا، هەســتی بە ســـەرما نەدەکرد، ڕاستی جگە لەو دڵ توندییە هەستی بە هیچی تر نەدەکرد. لە کـاتێکـدا کە بۆ مــاوەی نیو کـاژێر نوقمی جیهـانێکی تـاریـک بوو، ئەوا لەپڕ چەنـد یـادەوەرییەکی بیرهاتەوە، یادەوەری خۆش.

هێشـــتـا ئەو ڕۆژەی بیر بوو کە بۆ یەکەم جار ئەوی لە زانکۆ بینی، ساڵی یەکەمی خوێندنی بوو، خۆیشی لە ساڵی ســـێیەمی خوێندندا بوو. هەر لە یەکەم نیگاوە دڵی کەوتە سەر، دڵی کەوتە سەر قژە زەرد و جوانەکەی، چاوە ڕەش و میهرەبانەکانی، ڕووخســـارە هێمن و ڕێکەکەی. هەر کە ئەوی بینی، ئەوا بڕیـاریـدا دڵی بەدەســـــت بهێنێت، هەر

ئەمەش پاش ماوەیەک ڕوویدا، دوای چەند ساڵێکی کەمیش هاوسەرگیریان کرد.

لە کاتێکدا کە بیری لەمانە دەکردەوە، ئەوا نەیزانی کە چۆن ئەوە ڕوویدا، نەیزانی کە چۆن لە یەک دوورکەوتنەوە، هەم لە ڕووی سۆز و هەمیش لە ڕووی جنسییەوە، جێی باسە کە ماوەی سێ ساڵ بوو کاری سەرجێیان ئەنجام نەدابوو.

دوای ئەم یادەوەرییانە، ئەوا دڵی دووبارە توند بۆوە، هەناسەی باش بۆ نەدرا، سەری کەوتە حاڵەتی گێژبوونەوە.

لە گەرمەی ئەم هەستانە، ئەوا بە یەک جووڵە هەستا و دووبارە بەڕێکەوتەوە، بەڵام بەرەو کارەکەی نا، بەڵکو بەرەو ماڵەوە.

کە گەیشتەوە ماڵەوە، ئەوا بە هێمنی دەرگایەکەی کردەوە، قوفڵ درابوو، بۆیە بە کلیلەکەی کردییەوە.

کە بە ڕێڕەوەکەدا ڕۆیشت و گەیشتە لای ئەو پلیکانانەی کە بەرەو نهۆمی سەرەوەیان دەبرد، ئەوا گوێبیستی کۆمەڵە دەنگێک بوو، دەنگی دوو کەس دەهات کە...

زانی ئەو دەنگانە چین، بەڵێ زانی.

لەگەڵ بڕینی هەر پلیکـانەیەک، ئەوا دەنگەکـان بەهێزتر و بەهێزتر دەبوون، لەگەڵ بیســتنی هەر دەنگێکیش، ئەوا دڵی تونـدتر و تونـدتر دەبوو، بە ڕاددەیەک دڵی تونـد بوو کە هەســـتی دەکرد دڵی خەریکە لە ســـینگی دێتە دەرەوە و کۆتایی بە ژیانی بێ مانای ئەو دێنێت.

کە گەیشتە لای دەرگایەکە، ئەوا دەستی لەسـەر دەستگری دەرگایەکە دانا، بەڵام پێش ئەوەی بیکاتەوە، ئەوا گوێی لە دەرگایەکە نزیک کردەوە.

"بەڵێ... بەڵێ... خێراتر! خێراتر!"

ئافرەتەکە ئەمەی بە دەنگێکی پڕ لە چێژەوە دەگوت.

پیاوەکە کە ئەمانەی دەبیست، ئەوا سمتی توندتر دەگرت و چووکی خێراتر لەناو ئەودا داویشت.

"بەڵ... بە... بەڵێ... ئەمەم بەدڵە!"

پیاوەکە نەیتوانی لەوە زیاتر لە پشتی دەرگایەکە بوەستێت، بۆیە کردییەوە و بە هێمنی ڕۆیشتە ژوورەوە. بەڵام ساتێک پێش ئەوەی دەرگـایەکە بکـاتەوە، ئەوا بێ ئەوەی خۆی هەســـتی پێ بکـات دەســـتی بۆ نـاو چـاکەتەکەی برد و دەمانچەکەی دەرهێنا.

پیاوەکە کە ڕۆیشـــــتە ژوورەوە، ئەوا هـاوســــەرەکەی و پیــاوێکی تری بە ڕووتی بینی، لە بەردەمی ئەو کــاری ســەرجێیان ئەنجام دەدا. ســەرەتا هەســتیان بە بوونی ئەو نەکرد بەوەی کە پشـتیان لەو بوو، بەڵام کاتێک گوێبیسـتی داخســـــتنی دەرگایەکە بوون کە پیاوەکە بە ئەنقەســـــت بە توندی دایخست، ئەوا ڕاچڵەکین و بە ترسەوە لە کارەکەیان وەســـــتان. هەر لەگەڵ بینینی پیـاوەکە، ئەوا هەردووکیـان کشـــانەوە و خۆیان بە بەتانییە ســـپییەکە داپۆشـــی. دوای ســـاتێک لە بێدەنگییەکی نائاســـوودە، ئەوا دوو زیناکەرەکە تێبینی شتێکیان کرد، شتێکی تۆقێنەر، ئەو دەمانچەیان بینی کە پیاوەکە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات بە دەستی ڕاستی گرتبووی.

"ئازیزەکەم... ئازیزەکەم... سەیرکە، ببوورە! ببوورە کە بەم شێوەیە بۆت دەرکەوت!"

ئافرەتەکە دەســـــتی کرد بە پاڕانەوە، پاڕانەوەیەک کە دیار بوو ترسێکی گەورەی لەگەڵدا بوو.

پیاوەکەی تر هیچی نەگوت، بەڵکو تەنیا بە چاوێکی زەق و پڕ لە ترسەوە سەیری دەکرد.

پیاوەکە لەو کاتەدا گوێی لە هیچ نەبوو، ڕاســتی هیچیشــی نەدەبینی، هەڵچوونەکــانی بە ڕاددەیەک تونــد بوون کە پەیوەندی بە خودی واقیعەوە لەدەستدابوو.

بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، ئەوا دەمانچەکەی بەرز کردەوە و ئاڕاستەی هەردووکیانی کرد.

"تکایە، تکایە ئازیزەکەم! تکایە ئەم دەمانچەیە لابە، ســـوێند دەخۆم کە دووبارەی ناکەمەوە، سوێند دەخۆم کە لەمەودوا بۆ هەمیشە بۆت بەوەفا دەبم!"

ئافرەتەکە دووبارە دەســـــتی کرد بە پاڕانەوە، بەڵام ئەم جارە دەســـــتەکانی بۆ بەرز کردەوە و دواتر پیاوەکەش بە هەمان شێوە وەکو ترسنۆکێک دەستی کرد بە پاڕانەوە.

پیــاوەکە کە لەو حــاڵە تــایبەتییەدا بوو، ئەوا لە هیچ تێنەدەگەیشت، ئەوەی دەیبیست تەنیا ژاوەژاوێک بوو.

لە کاتێکدا کە ئەوان دەپاڕانەوە، ئەوا پەلەپیتکەکەی ڕاکێشــا و بە دوو گوللە هەردووکیانی نوقمی خوێن کرد.

دواتر دەمانچەکەی ئاڕاستەی سەری خۆی کرد و بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە مێشکی پرژاند.

# پیاوانیش مرۆڤن

کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی کەمێک بەلا نابوو، ئانیشـــکی قۆڵی ڕاسـتی بەر ڕاگری پێنووسـەکان لکابوو، سـەریشـی خستبووە سەر دەستەکانی، لە ژێریشەوە چەند کاغەزێکی سپی نووسراو قەتیس کرابوون. چاوەکانی داخستبوون، وا دەردەکەوت هیچ بـاش نەخەوتبێـت. بۆ مـاوەی چەنـد خوولەکێک بەو شـێوەیە مایەوە کە دەنگی زەنگی تەلەفونی نۆڕماڵەکە هات. سەری بەرز کردەوە، بە چاوە ماندووەکانی سـەیری کرد. دوای چەند سـاتێک لە تێڕامانێکی سـەیر، وەکو ئەوەی هزری لەوێ نەبێت ئەوا تەلەفونەکەی هەڵگرت.

-بەڵێ؟

-بەڕێز هاڤی، ویستم پێت بڵێم کە بەڕێز سیکیا بۆ ئەمڕۆ کـاتی هـاتنی گۆڕیوە، گوتی ئەگەر بکرێت ئەوا بۆ ئێوارە دێتە لات. پێی بڵێم چی، ئـایـا بڵێم ئەو کـات بێـت یـان وادەکەی بۆ بکەمە سبەی؟

-پێی بڵێ بۆ سبەی بێت، ئەم ئێوارەیە کاتم نابێت.

-زۆر باشـه گەورەم، کەوایە پێی دەڵێم سبەی بۆ کاتژمێر دە لێرە بێت.

ســکرتێرەکە خەریک بوو تەلەفونەکە داخاتەوە کە هاڤی بە دەنگێکی بێ هێز گوتی:

-کاتیا...

-بەڵێ گەورەم؟

-ئەزیەت نەبێت دەتوانیت ئاوێکی ساردم بۆ بێنیت؟ سەرم زۆر دێشێت، حەبێکی سەرێشەشم بۆ بهێنە.

-بەچاوان گەورەم.

-سوپاس.

هاڤی تەلەفونەکەی داخســتەوە و دەســتی خســتە ســەر چاوەکانی، کەمێکی گوشین.

زۆری پێ نەچوو دەرگای نووســینگەکەی کرایەوە، کچێکی گەنجی قژ زەرد هاتە ژوورەوە، تەمەنی لە دەوری بیســت و پێنج ساڵێک دەبوو. پەرداخێکی ئاوی بە دەستەوە کە لە ساردییانی شووشەکە ڕەنگێکی تەماوی دایگرتبوو، قەترەی ئاو بە وردی لێی دەڕژان. بە دەســتەکەی تریشــی پارچە حەبێکی بەدەستەوە، لەسەری نووسرابوو "Relief for

"head ache، ئەو حەبە بوو کە هاڤی هەمیشە سەری پێ چاک دەبۆوە و بە هۆیەوە تووشـــــی خەو دەبوو، زۆری حەز بەوە دەهات. کاتیا'ی ســــکرتێری بە تایبەتی ئەوەی لەناو دۆلابی مێزەکەیدا هەڵگرتبوو، ئەو ماوەیە بەڕێز هاڤی زۆر سەری دەهێشا.

ســکرتێرە گەنجەکە پەرداخی ئاوەکەی بۆ لەســەر مێزەکە دانا، لەســەر بنکی پلاســتیکی پەرداخ کە تایبەت بوو بەوە. دەنکێک حەبیشی دەرهێنا و پارچەکەی کشاندەوە، خستییە ناو دەســـتی بەڕێوبەرەکەی. هاڤی حەبەکەی خســـتە ناو دەمییەوە، بۆ ســـاتێک تاڵی حەبەکە کەوتە ســـەر زمانی، بەڵام خێرا ئەو تامە نەما کە ئاوە ســـاردەکەی بە دەمیدا کرد و حەبەکە بە قورگیدا ڕۆیشتە خوارەوە.

ئاوەکە کەمێک توند بە قورگیدا تێپەڕ بوو، ئەوە وایکرد چەند دڵۆپەیەک بەر بۆڕی هەوای بکەون و کۆخە بکات.

"باشیت بەڕێز هاڤی؟!" سکرتێرە گەنجەکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە ئەمەی گوت، بە دەوری مێزەکەدا خوولایەوە و لێی نزیک بۆوە، خەریک بوو دەســـتی لە پشـــتی بدات کە هاڤی دەســـتی بەرز کردەوە و تێیگەیاند هەموو شـــتێک باشە.

دەستی بە شێوەی مستێک کۆکردەوە و لە سنگی دەدا، کۆخینەکەی وەستا و گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی .

کاتیا لەو ساتەدا تێبینی شتێکی کرد، شتێکی بینی کە ئەوی ترساند.

"ئەوە پەنجەت چی بەسەرهاتووە؟ شین و مۆر بۆتەوە!"

هاڤی بۆ ساتێک سەیری پەنجەی دۆشاومژەی کرد، ڕوویەکی نائومێدانە کەوتە سەر ڕووخساری، نەیدەویست ئەو بەوە بزانێت. ئەو بەیانییە پێش ئەوەی بێتە سەر کار لە سەراوی نهۆمی خوارەوەی کۆمپانیا لە بەردەم ئاوێنەکە وەستا، پەنجەی دۆشاومژە و پەنجەی ناوەڕاستی ئازارێکی زۆریان هەبوو، بە تایبەتی پەنجەی دۆشاوەمژەی کە چیتر تێیدا سووراییی دەمارەکانی تێدا بەدی نەدەکرا، لەجیاتی ئەوە ڕەنگێکی وەنەوشەیی تۆخی مەیلەو ڕەش جێی گرتبۆوە، کەمێکیش بریندار بووبوو.

تەواوی ئەو ڕۆژە ئەوەی دەشاردەوە یان دەستی لە گیرفانی دەنا یان کە قسەی لەگەڵ یەکێک دەکرد ئەوا قۆڵەکانی لەسەر سنگی لە یەکتری دەئاڵاندن، یاخود دەستەکانی لە ژێر مێزەکە دەشاردەوە.

نەیزانی چی وەڵامی کاتیا بداتەوە، گوتنی ڕاستی هەڵبژاردە نەبوو. سەرەتا زمانی تەتەڵەی دەکرد، "ئەوە... ئا... لە..." دواتر دوای چەند ساتێک ئەوا وشەکان زیاتر ڕێک بوون و مانایان بەخشی.

"دوێنێ خەریکی هەڵواسینی تابلۆیەک بووم، بزمارەکەم ڕاگرت بوو و توند کێشام. بەڵام لەجیاتی ئەوەی لە بزمارەکە بدەم، ئەوا لە پەنجەکانم دا."

شیکردنەوەیەکی مەنتیقی بوو، بەڵام کاتیا بۆ چرکە ساتێکیش بڕوای بەوە نەدەکرد. دەیزانی کە ئەو لە هیچ جۆرە کارێکی دەستی نازانێت، تەنانەت ئاسانترین جۆری کارەکانیش. جگە لەوەش ڕقی لەو جۆرە کارانەیە، بۆیە هەرگیز ئەنجامیان نادات.

کاتیا تێیڕاما، وا تێیڕاما، وەکو چاوەڕێی وەڵامە ڕاستەقینەکە بێت، بەڵام بێ سوود بوو و بە ئەنجامی خۆی نەگەیشت. دوای ئەوە گوتی: باش دەزانیت کە ئەگەر بتەوێت قسە بکەیت، ئەوا لێرەم و گوێت بۆ دەگرم.

هاڤی لای کاتیا تایبەت بوو، ڕێز و خۆشەویستییەکی ناوازەی بۆ ئەو هەبوو. یەکەم کەسێک بوو کە بە ڕوویەکی کراوە و میهرەبانەوە کاری پێ بدات، هەر شوێنێک بۆی چووبێت ڕاستەوخۆ ڕەت دەکرایەوە. ئەو کات تەمەنی

شـــــتێک کەمتر بوو، بۆیە متمانەی ئەوەی پێ نەدەکرا کە بتوانێـت بە ئەرکەکـانی هەســـــتێـت. هـاڤی ئەو کرد بە سـکرتێری خۆی، ماوەی حەوت سـاڵە لەسـەر ئەو کارەی بەردەوامە.

ئێســــتا دەیتوانی واز لەو کارە بهێنێت و لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی باشـتر کار بۆ هیتر بکات، بەڵام نەیدەویست ئەو کەسە بەجێ بهێڵێت کە دەرگای ژیانێکی تازەی بۆ کردەوە. بێ ئەندازە خۆشـــی دەویســـت، وەکو چۆن کچێک باوکی خۆی خۆش دەوێت.

هـاڤی ســــەری بەرز کردەوە، وا خۆی نیشــــاندا کە لەو تێنەگەیشت.

-مەبەسـتت چییە؟ خۆ گوتم، بە هۆی چەکووشـێکەوە وام لێهاتووە؟

-بەڵام برینداریش بووە...

-ئێ هەر بریندار دەبێت.

-لەوە دڵنیایت بەڕێز هاڤی؟

-ئەی قابیلە چیتر بێت؟!

ئەمەیان کەمێک توند لە دەمی هاتە دەرەوە، مەبەستی ئەوە نەبوو.

"باشـە، هەرچییەک بێت ئەوا برۆ بۆ لای پزیشـکێک". لەگەڵ گـوتـنـی ئەمە پەرداخەکەی هەڵـگـرت و لە مـێـزەکە دوورکەوتەوە.

کە گەیشتە لای دەرگایەکە، ئەوا هاقی بانگی کرد.

-کاتیا؟

-بەڵێ؟

-ببوورە، مەبەسـتم ئەوە نەبوو دەنگم بەرز بکەمەوە. ئەم ماوەیە خەوم لێ زڕاوە و مێشکم ماندوویە، خۆت دەزانیت کاری زۆرمان هەیە.

-نا کێشە نییە، هیوادارم زوو چاک بیتەوە.

-سـوپاس ئازیزەکەم. ئێسـتا دەتوانیت بڕۆیت، ئەگەر پێویستم پێت بوو ئەوا بانگت دەکەمەوە.

لە بەرامبەر ئەوەدا زەردەخەنەیەکی کرد و سـەری دانواند، ڕۆیشـتە دەرەوە و دەرگایەکەی لە پشـتی خۆی داخسـت. ڕوویەکی پڕ خەم ڕووخسـاری کاتیا'ی داگرت، دەیزانی کە شـتێکی خراپ بەسـەر بەڕێز هـاقی'دا هـاتووە، بەڵام

نەیدەزانی چ شتێک. هاڤی کەسێکی میهرەبان و سەنگینە، یەکێکە کە ئەگەر جارێک قسەی لەگەڵدا بکەیت ئەوا سەرسامی زیرەکی و نەرمونیانیەکەی دەبیت. کەسێک نییە خاوەنی دوژمن بێت، ئەگەر یەکێک هەبووبا ئەوی بەدڵ نەبووبا، ئەوا بەلایەنی کەمەوە ڕێزی لێ دەگرت. بۆ ساتێک کاتیا ئەوەی کەوتە خەیاڵ کە یەکێک هێرشی کردبێتە سەر، ئەوە سەرەڕای شیکردنەوەکەی هاڤی کە هیچ بڕوای پێ نەکرد.

ئەوە ئەگەرەکەی کاتیا بوو، بەڵام کێ و کەی؟

دواتر زیاتر بیری کردەوە، بیری بۆ هیچ کەسێک نەچوو، "جگە لە... بڵێیت ئەو بووبێت؟"

هاڤی خاوەن پیشەیەکی باش بوو، بژێوی ژیانی باش بوو، خێزاندار بوو و لە بەشی باکووری شار خاوەنی خانوویەکی گەورە بوو. منداڵیان نەبوو، تەنیا خۆی و خێزانەکەی بوون. هەرچەندە حەزی بە منداڵ دەهات و دەیویست کچێکی هەبێت، بەڵام هاوسەرەکەی ئامادەگی ئەوەی نەبوو، ترسی لێ نیشتبوو کە لە کاتی بوونی منداڵ شتێکی خراپی بەسەر بێت، ئەو ترسەش تاکو کۆتایی لەگەڵیدا مایەوە.

"بەڵام ئەوان زۆر تەبان، هەمیشە کە دەیانبینم ئەوا ڕوو بە خەندەن. نا، بڕوا ناکەم ئەوە بێت. دەبێت کەسێکی تر بێت".

چەند جارێک هاوسەری هاڤی هاتووە بۆ کۆمپانیا، هەمیشە بە ڕێز و خوێن شـــــیرینییەکی زۆرەوە لەگەڵ هەمووان دەدوا. مرۆڤێکی ڕێکوپێک بوو، بۆیە هەر جارێک کە دەهات ئەوا بە گەرموگوڕییەوە لەلایـان هەموانەوە بەخێرهـاتن دەکرا.

کاتیا بۆ ماوەیەک بیری کردەوە، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت.

"بەڕاستی زیاد لە پێویست بیر لەمە دەکەمەوە" بە دەنگێکی سـەرزەنشـتکەرانە ئەمەی بە خۆی گوت. لەوانەیە بەڕاسـتی بە چەکووشـــێکەوە وای لێ هاتبێت. وە ئەو ســـەرێشـــە بەردەوامی هی خەو زڕانە، کاری زۆرە. بۆیە واز لەمە بێنە کاتیا، بگەڕێوە بۆ سەر کارەکەت."

کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی لە خۆی نزیک کردەوە، خەریک بوو دەسـت بەکار بێت کە بۆ سـاتێک هزری ڕۆیشـتەوە. لە شـــوێنێکی بچووکی دڵی، ئەوا هێشـــتا نائاســـوودە بوو، هێشـتاش بە شـێوەیەک لە شـێوەکان بڕوای بەوە هەبوو کە شـتێک بەسـەر بەڕێوبەرەکەیدا هاتووە و نایدرکێنێت. بەڵام بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ســـەر کارەکەی، ئەوا ئەو دەرگایەی داخست و بۆ کۆتا جار وازی لێ هێنا.

هەر کە کاتیا ژوورەکەی بۆ جێهێشـــــت، ئەوا هاڤی ئەو زەردەخەنەیە ساختەیەی لەسەر لێوەکانی لابرد، قورسایی خەم و ئازارەکەی دڵی زیاتری کرد. بۆ دواوە بەســــەر کورســــییەکەدا پاڵی دا، هەناســــەیەکی قووڵی بێ هێزی هەڵمژی.

کارەکانی ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕاند. کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ســــتاف هەبوو، دواتریش لەلایان بەڕێوبەری گشــــتییەوە بانگ کرا تاکو دەربارەی هەندێک وردەکاری قسە بکەن.

ســــەرەڕای ئەوەی کە بێ خەوی تەنگی پێ هەڵچنی بوو و حەبەکە وردە وردە کاری خۆی دەکرد، ئەوا توانی ئەو ڕۆژە تەواو بکات بێ ئەوەی هیچ کەســێک هەســـت بە بێ وزەیی ئەو بکات. توانایەکی ناوازەی لە شــــاردنەوەی هەســــتەکانی هەبوو... ئازار، خەمۆکی، ماندوویی. هەرگیز نەیدەهێشت هیچ کەسێک هەست بە کێشەکانی بکات... جگە لە کاتیا. ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هاڤی لە بەرامبەر ئەودا لە نواندنەکەی بەتوانا نییە، بەڵکو بۆ زیرەکی سۆزی کاتیا دەگەڕێتەوە کە هەمیشــە هەســـت بە هەموو خەم و دڵتەنگییەکانی دەوروبەری دەکات، بە تایبەتی بەڕێوبەرەکەی کە ماوەی چەندین ساڵە یەکتری دەناسن. ئێوارەی تاکو درەنگ مایەوە، مۆڵەتی بە کاتیا دا تاکو بڕوات. نەیدەویســـت جێی بهێڵێت، ویســـتی یارمەتی بدات

بەڵام هاڤی جەختی کردەوە کە ئەوەی ماوە دەبێت خۆی تەواوی بکات.

-زۆر باشە. ئەوەی پێت تەواو نەکرا بۆ سبەی جێبێڵە، بۆیە زۆر مەمێنەوە.

-باشە ئازیزم، وریای خۆتبە.

-خوات لەگەڵ.

-خوات لەگەڵ کاتیا.

هاڤی زەردەخەنەیەکی بچووکی بۆ کرد، کاتیا'ش بە هەمان شێوە، دوای ئەمە ئەوێی جێهێشت و لە نووسینەگەکە ڕۆیشتە دەرەوە. هاڤی بە تەنیا مایەوە.

ماوەیەک لە نووسینگەکەی مایەوە، بەڵام هیچ شتێکی نەدەکرد، بە شێوەیەکی بێدەنگ و تەنیا لەسەر کورسییەکەی دانیشت بوو و لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. جیهان خەریک بوو تاریک دەبوو، ڕەنگێکی نیلی تۆخ ئاسمانی ڕەنگ کردبوو، ڕەنگێک کە بەرەو ڕەشاییەکی تاریک دەچوو. دەیزانی کە لەوە زیاتر ناتوانێت لەوێ بمێنێتەوە، دەیزانی کە ئەمە کێشەی زیاتری بۆ درووست دەکات. بەڵام ئەو بێدەنگییە... ئاخ بێدەنگی.

هەســـــتا و گڵۆپەکانی ژووره فراوانەکەی کوژاندەوە، بە مەســـــعەکەدا ڕۆیشــــتە خوارەوە، بۆ گەراجی ژێر زەمین. ســـــواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو و مەکینەکەی پێکرد، بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی نزیک بوونەوەی لە ماڵ، ئەوا خەمەکەی زیاتر و زیاتر دەبوو، دڵی دەگوشرا.

کە گەڕاشەوە ماڵەوە، ئەوا دڵی بە شێوەیەکی شێتانە کەوتە خورپە لێدان، دەیزانی کە ئەوەی لە ماڵەوەی چاوەڕێیەتی شتێکی باش نابێت.

لە ئـۆتـۆمـبـێـلەکەی دابەزی و بە دەرگـای نـاوەوەی گەراجەکەیـان ڕۆیشــــتە ژوورەوە، لەوێشـــــەوە بەرەو ڕێڕەوەکە کە تاکو هۆڵەکەی نهۆمی خوارەوە دەچوو.

کە گەیشــــتە کۆتـایی ڕێڕەوەکە ئەوا بینی تەلەفیزیۆنەکە پێکراوە، تیشــــکەکەی لەناو ئەو تاریکییەدا دەگەشـــایەوە. دواوەی ســـەری یەکێک لەســـەر قەنەفەکە دەرکەوت، دیار بوو ســـەیری تەلەفیزیۆنی دەکرد. کە هەســـتی کرد هاقی گەڕاوەتەوە، ئەوا تەلەفیزیۆنەکەی کوژاندەوە و چەپڵەیەکی لێدا، گڵۆپەکان بەوە پێ بوون، هەســـتا و ئاوڕی دایەوە. ئافرەتێکی قژ درێژی ڕەش بوو، یەکەم شـــتێک تێبینی کرد دوو پەنجەی پێچـدراوی هـاقی بوون کە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە لە یەکێک لە نۆرینگەکان تیماری کردبوو.

تەنیا بینی، گرنگی پێ نەدا.

-ئەوە تاکو ئێستا لە کوێ بوویت؟

-بیر بکەوە، بزانە لە کوێ بووم.

-چییە؟ دیارە فێری گاڵتەکردنیش بوویت، کە جوانە.

هاڤی وەڵامی نەدایەوە، ویسـتی ڕێک جێی بهێڵێت و بڕوات بۆ سەر جێگای خەوی، بەڵام ئافرەتەکە ڕێگری لێ کرد.

-بۆ کوێ؟

-دەڕۆم دەخەوم.

ئافرەتەکە بۆ چەند سـاتێک سـەیری کرد، سـەیرکردنێکی سووک.

-ناتەوێت هیچ شتێک بخۆیت؟

-نا، تێرم.

-تێریت؟ کەوایە لە دەرەوە نـانت خواردووە هـا؟ لەگەڵ کێ؟

-نە نـانم خواردووە و نە لەگەڵ هیچ کەسـێکیش بووم. وازم لێبێنە، وزەم نییە.

ئافرەتەکە لێی نزیک بۆوە و شـانەکانی لە پێشـەوە گرت، بۆنی مل و کراسەکەی کرد.

-پێم بڵێ، ئەوە بۆنی کێیە پێتەوە نووساوە؟!

-بۆنی چی ئافرەت؟! شێت بوویت؟

-بۆنی عەترێکی ژنانە دێت، پێم بڵێ لەگەڵ کێ بوویت؟!

-لەگەڵ هیچ کەسێک!

-ئەی ئەو بۆنە چییە؟!

هاڤی بۆنی خۆی کرد، بۆ ساتێک بیری کردەوە.

-هی کاتیا'یە، ئەمڕۆ بۆنێکی قورســـــی بە خۆی کردبوو، دیارە بە منیشەوە نووساوە.

-کەوایە جارێکی تریش خیانەتت لێ کردووم؟ لەگەڵ ئەو قەحبەیە؟!

-دووبارە...؟! ئەوە تۆ تەواویت، خیانەتی چی؟

-سـەد لە سـەد دڵنیام لەگەڵ ئەو کچە قەحبەیە سـەرجێیت کردووە. ئەو ڕێک بە دڵی تۆیە، کچێکی ســـۆزانی جوانی مەمک گەورە!

-ئاوا دەربارەی ئەو قســـە مەکە! ئەو هیچ تاوانێکی نییە. منیش هەروا.

–دانی پێدانێ.

–دان بە چی دانێم؟!

–کە لەگەڵ ئەو سەرجێیت کردووە.

–ئەوە چیت بەسەرهاتووە پێرفی، بۆوا ئازارم دەدەیت؟بۆوا لێم بەدگومانیت. لەپڕێک گۆڕایت، ئێستا ناتوانم بچووکترین دەنگێک دەرکەم کە پێی تورە نەبیت، جگە لەوەش تۆمەتی خیانەتێکم دەدەیتە پاڵ کە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە.

–گوتم دانی پێدانێ!

–هیچ شتێک نییە تاکو دانی پێدانێم. بەس نەبوو کە ئەو گۆزەیەت پێدادام و پەنجەکانمت شین و مۆر کردەوە، ئێستا لەوە زیاتر چیت دەوێت؟ بە لێدانم ئاسوودە دەبیت، ئەگەر لێم بدەیت ئەوا وازم لێ دێنیت؟ کەوایە ها وەرە، لێم بدە و دواتر وازم لێ بێنە.

هاڤی ڕوومەتی نزیک کردەوە و چاوەکانی داخستن.

ئافرەتەکە زللەیەکی لێدا، دووان، سێیان، چوار و پێنج و شەش... لەگەڵ هەر لێدانێکیش ئەوا دەیگوت: پیاوی خوێڕی! هەی چەپەڵی خیانەتکار! هەی نامەرد!

ڕووخســـاری ســـوور هەڵگەڕابوو کە ئافرەتەکە وازی لێ هێنا، هێندەی زللە لێدا کە دەســـتەکانی خۆی دەلەرزین. فرمێسک لە چاوەکانی هاڤی'دا گیر بوون، بەڵام دانەیەکیش نەهاتە خوارەوە.

"هیوادارم بەمە دڵت ئاوی خواردبێتەوە، ئێستا بڕۆ و وازم لێ بێنە" هەر کە ئەمەی گوت ئەوا جێی هێشـــت و بەرەو نهۆمی ســـەرەوە بۆ ژوورەکەی بەڕێکەوت. ئـافرەتەکە نەوەستا، بەدوای کەوت.

"وەرە، نەڕۆیت!"

هـاڤی گەیشـــتە ژوورەکە و دەرگایەکەی لەســـەر خۆی داخست، پشتی بە دەرگایەکەوە نا و سەری خستە نێوان دەستەکانی.
ئافرەتەکە بە توندی لە دەرگای دەدا، بە مست و شـەق بە دەرگایەکەی دەکێشا.
"بیکەوە هەی خوێڕی! بیکەوە! دەتەوێت خیانەتم لێ بکەیت و بە ســـەرتدا بچێت؟ خەیاڵت خاوە! من کچی باوکی خۆم نەبم کە ڕێگە بەوە بـدەم! دەی بیکەوە! بیکەوە! بیکەوە! بیکەوە!

هاڤی لەو دیوەوە بە بێدەنگی دانیشت بوو، سەری لە نێوان دەستەکانیدا بوو، چاوەکانیشی داخست بوون.

# ئانا

بە تەنیا لەسەر شۆستەی بەردەمیماڵەکەیان دانیشتبوو، سەیری منداڵەکانی دەکرد کە پێکەوە یاریان دەکرد و کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد. حەزی دەکرد بڕواتە لایان و یاریان لەگەڵدا بکات، بەڵام منداڵەکان ڕەتیان دەکردەوە بەوەی کە حەزیان پێ نەدەهات، یاخود وردتر بڵێم خۆیان لێوە بەدوور دەگرت. هەرچەندە هۆکاری ئەم خۆ بەدوورگرتنە شتێکی پووچ بوو، بەڵام منداڵ نابێت لێی بگیرێت. بۆیە خۆیان لێ بەدوور دەگرت چونکە قژی نەبوو، بە هۆی دەرزییە کیمیاییەکانیەوە ئەو قژە زەرد و درەوشاوەی کە لە ڕابردوودا هەیبوو لەدەستدا بوو. نەیدەتوانی بە سەرێکی سماتەوە بڕواتە دەرەوە، بۆیە باوکی قژێکی دەستکردی ڕەشی بۆ کڕی، بەڵام ئەمە سوودی نەبوو بەوەی کە منداڵەکان هەر لێی دوور دەکەوتنەوە. کە تێگەیشت ڕووی تێناکەن و یاری لەگەڵدا ناکەن، ئەوا ڕۆژێکیان بە تورەییەک کە وایکردبوو چاوەکانی فرمێسکیان پێدابێت قژە دەستکردەکەی خستە ناو سەتڵی زبڵەوە. زۆربەی ڕۆژەکانی بەو شێوەیە دەبردە سەر، بە تەنیایی لەسەر شۆستەکە دادەنیشت و بە

ڕوویەکی خەماوییەوە سـەیری منداڵەکانی دەکرد، بەڵام ڕۆژێکیـان ئەمە گۆڕا. لەپڕ کوڕێـک دەرکەوت، گەنجێکی کەشـخە و جوان بوو، بینی کە وا وردە وردە لێی نزیک دەبێتەوە. کە بە ئەندازەی پێویست نزیک بۆوە، ئەوا ڕووی لەو کرد و لەسەر چۆکەکانی وەستا، دواتریش پاش کەمێک تێڕوانین زەردەخەنەی بۆ کرد.

"دەبینم کە ئەو منداڵانە یاریت لەگەڵدا ناکەن، ئەوە بۆچی؟"

کە گوێبیسـتی ئەوە بوو، ئەوا کچە بچووکەکە خەم دایگرتەوە و سـەری نزم کردەوە. بێ ئەوەی هیچ شـتێک بڵێ، ئەوا ئەو کڵاوەی کە بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە لەسـەری کردبوو لایدا و سەری سماتەی دەرخست.

"تەنیا بە هۆی ئەوەی قژم نییە، ئەوا وەکو دێوێک خۆم لێ بەدوور دەگرن."

کوڕەکە کە ئەمەی بیست، ئەوا زەردەخەنەیەکی میهرەبانی نواند و گوتی: جا کێ پێویسـتی بەوانەیە؟ پێت چۆنە من یاریت لەگەڵدا بکەم؟

کچە بچووکەکە بە بیسـتنی ئەوە ڕووخسـاری ڕووناک بۆوە و چاوەکانی گەش بوونەوە.

-بەڕاستیتە؟!

-بەڵێ، حەزت لێیە چ یارییەک بکەین؟

-حەزم بە ڕاکردنە، بۆیە پێت چۆنە تاکو سووچی کۆڵانەکە ڕاکەین؟

-زۆرباشە، کەوایە با بڕۆین.

دوای ئەوەی کە هەردووکیان ڕۆیشتنە ناوەندی ڕێگایەکە و لە شوێنی خۆیان وەستان، ئەوا ئامادەبوون بۆ پێشبڕکێ بچووکەکەیان.

کچە بچووکەکە کە لەو کاتەدا زۆر تامەزرۆ بوو، ئەوا بە دەنگێکی خێرا و پڕ لە دڵخۆشییەوە ڕووی لەو کرد و گوتی: کە گەیشتم بە ژمارە سێ، ئەوا دەستپێدەکەین، تێگەیشتیت؟

-تێگەیشتم.

-زۆرباشە، یەک، دوو...

نەگەیشت بە ژمارە سێ کە لەپڕ ڕایکرد و کوڕە گەنجەکەی جێهێشت.

"هێی، ئەمە دادپەروەرانە نییە!" کوڕە گەنجەکە بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت.

لەگەڵ گـوتـنـی ئەمە، ئەوا بەدوای کەوت، بەڵام پـێـی نەگەیشـتەوە. تاکو گەیشـتە سـووچی کۆڵانەکە، ئەوا کچە بچووکەکە لەمێژ بوو ئاهەنگی گێڕابوو.

"لە ڕاکردنـدا بـاش نیـت بەڕێز... ئەریَ نـاوتم نەزانی؟ من (ئانا)م."

لە کاتێکدا کە بە هەناسە سوارییەوە لای کچەکە وەستابوو، ئەوا بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو و پشووی دا.

"تەمەن، ناوم (تەمەن)ە. بەڕاســـتی خێرایت، هەرچەندە بە فێڵ یاریەکەت بردەوە، بەڵام بەڕاستی خێرایت.

کچە بچووکەکە بە بیستنی ئەمە پێکەنی.

لە کـاتێکـدا کە هەردووکیـان لە ســـووچی کۆڵانەکەوە وەسـتابوون، ئەوا دایکی ئانا دەرکەوت و بانگی کردەوە بۆ ماڵەوە.

"ئەوە دایکمە، پێویســـتە بڕۆم. ســـوپاس بەڕێز، کاتێکی خۆشم بەسەر برد، هیوادارم بەمزووانە یەکتری ببینینەوە."

دوای ئەوەی کە ئانا ماڵاوایی لێکرد و دوورکەوتەوە، ئەوا کوڕە گەنجەکە زەردەخەنەیەکی دڵتەنـگ کەوتە ســـەر

لێوەکانی و بە دەنگێکی نزم گوتی: بەڵێ (ئانا)ی میهرەبان، بەمزووانە یەکتری دەبینینەوە.

دوای حەفتەیەک، ئەوا بارودۆخی ئانا تێکچوو، شێرپەنجەی خوێنەکەی کەوتبووە کۆتا قۆناغەوە، ئەمەش بوو بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژێکیان لەسەر سفرەی نانخواردن بێ هۆش بێت و سەری بکەوێتە سەر زەوی.

دایک و باوکی کە لە حاڵەتێکی تایبەتدا بوون، حاڵەتێک کە هیچ کەسێک نایەوێت تێیدا بێت، ئەوا بردیان بۆ نەخۆشخانە. پزیشکەکە پێی گوتن کە لە ئێستادا هیچ چارەسەرێک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە نزا بکەن و لە خودا بپاڕێنەوە تاکو تەندرووستی باشتر بێت. دایک و باوکی ئانا کە گوێبیستی ئەوە بوون، ئەوا جیهانیان تاریک بوو، چاوەکانیان وەکو کانیاوێک فرمێسکی پێدا هات و کەوتنە سەر چۆکەکانیان. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی کە ئانا لە نەخۆشخانە بوو، ئەوا دایک و باوکی بۆ چرکە ساتێکیش جێیان نەهێشت، بە گریانەوە نزایان بۆ دەکرد و لە خودا دەپاڕانەوە، لە قوڵایی دڵیانەوە لە خودا دەپاڕانەوە تاکو منداڵەکەیان چاک ببێتەوە و دووبارە زەردەخەنە بکەوێتەوە سەر لێوەکانی.

کات ڕۆیشـــت و ئانا هەر بە بێ هۆشـــی مایەوە، بەڵام بۆ ڕۆژی ســـێیەم کە بە تەنیا لە ژوورە ســـارد و داخراوەکە بوو چاوەکانی کردنەوە. چاوەکانی بە بێ هێزی کردنەوە و بۆ ســـاتێک هەموو شـــتێکی بە تەڵخی بینی، دواتر وردە وردە تەڵخییەکە نەمـا و بینـایی بۆ گەڕایەوە. بینی کە بە تەنیایە، ســەری بۆ لای ڕاســتی ســووڕاند تاکو بزانێت لە کوێیە و دایک و باوکیشی لە کوێن. کە سەیری لای ڕاستی کرد، ئەوا لە پەنجەرەی نزیک دەرگایەکەوە دایک و باوکی بینی، بینی کە دایکی وا دەگریت و بـاوکیشـــی دڵنەوایی دەداتەوە، نەیزانی هۆکاری ئەوە چییە. ویســـتی بـانگیـان بکات، بەڵام نەیتوانی، دەنگی گیرابوو. دوای ئەمە چاوەکانی بە ژوورەکەدا گـێـڕا، خـێـرا بـۆی دەرکەوت کە لە نەخۆشـــخانەیە. لە کاتێکدا کە چاوەکانی بە ژوورەکەدا دەگەڕان، ئەوا چاوی بە کەسێک کەوت، کەسێکی چاوەڕوان نەکراو. وەکو ئەوەی کە بە شـــێوەیەکی جادوویی هاتبێت بۆ ئەوێ، ئەوا کوڕە گەنجەکە لە بەردەمی وەســـتا و بە ڕوویەکی غەمگینەوە سەیری کرد.

"سڵاو ئانا، منت بیرە؟"

ئانا کە بە بینینی ئەو دڵخۆش بوو، ئەوا بە دەنگێکی کز و بێ هێز وەڵامی دایەوە.

"بەڵ... بەڵێ، تۆ... تۆ... تۆ (تەمەن) یت."

کوڕە گەنجەکە بە بیســـــتنی ئەمە زەردەخەنەیەکی بچووک کەوتە سەر لێوەکانی.

-خۆشحاڵم کە منت بیرە.

-لێرە... لێرە چی دەکەیت؟

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا تووشـــــی ســـــووکە کۆخەیەکی بێدەنگ بوو، دواتر گەڕایەوە سەر باری ئاسایی.

"هاتووم تاکو ئازارەکەت نەهێڵم (ئانا)ی میهرەبان، ئێســـــتا کاتی ئەوەیە کە لەگەڵم بێیت."

ئانا نەیدەزانی مەبەســتی لەو قســانە چییە، بۆیە برۆیەکانی کەمێک بەرز کردنەوە وەکو ئەوەی ئێستا پرسیارێک بکات.

-لە ڕاستیدا ناوم تەمەن نییە (ئانا)ی میهرەبان.

-ئەی ناوت چییە؟

کوڕە گەنجە زیاتر لێی نزیک بۆوە و لە لای سەری وەستا.

-من مەرگم.

-مەرگ؟

-بەڵێ (ئانا)ی میهرەبان، من ئەو مەرگەم کە هەمووان لێی دەترســـن و دەیانەوێت خۆیان لێ بەدوور بگرن. پێم بڵێ (ئانا)ی میهرەبان، ئایا تۆش لێم دەترسیت؟

ئـانـا بە تەواوی نەیـدەزانی ئەوە چی ڕوودەدات، ئەمەش چاوەڕوانکراو بوو بەوەی لە کۆتاییدا کچێکی حەوت ساڵان بوو.

"نەخێر، لێـت نـاترســـم، تۆ تـاکە کەســـێک بوویـت کە ئامادەبوویت یاریم لەگەڵدا بکەیت، تۆ کەسێکی باشیت."

دووباره تووشــی کۆخە بۆوە، ئەم جارەیان ســەریشــی بە شێوەیەکی توند لەگەڵ ئێشا.

-گوتت کە دەتوانیت ئازارەکەم نەهێڵیت، ئایا دەتوانیت ئەوە بکەیت؟

-بەڵێ (ئانا)ی میهرەبان، بەڵێ.

-کەوایە ئازارەکەم لاببە.

-بۆ ئەوەی چیتر ئازار نەچێژیت، ئەوا پێویســـتە لەگەڵم بێیت.

-بۆ کوێ؟

-بۆ جیهانەکەی تر.

-جیهانەکەی تر؟

-بەڵێ (ئانا)ی میهرەبان، بۆ جیهانەکەی تر.

-ئەوە چ جۆرە جیهانێکە؟

-جیهانێک کە تێیدا هەرگیز ئازار و ناڕەحەتی بەرۆکت ناگرێت.

-شـوێنێکی جوان دیارە، کەوایە ئەگەر لەگەڵت بێم بۆ ئەو شوێنە جوانە، ئەوا چیتر ئازارم نامێنێت؟

-بەڵێ (ئانا)ی میهرەبان.

-حەزم لێیە بیبینم، ئایا دەتوانم باوک و دایکیشـــم لەگەڵ خۆم بێنم؟

-نەخێر (ئانا)ی میهرەبان، ئێستا کاتی ئەوان نەهاتووە.

-بەڵام ئەگەر لەگەڵم نەبن، ئەوا بیریان دەکەم.

-دەزانم، بەڵام کات لەوێ خێراتر تێدەپەڕێت، بۆیە دایک و باوکت پاش ماوەیەک دەگەنە لات.

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، بیری لەو قسانەی مەرگ دەکردەوە، نەیدەزانی کە ئایا لەگەڵی بچێت یان نا. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، ئەوا بڕیاری خۆی دا.

"زۆرباشە، لەگەڵت دێم، بەڵام ناتوانم لەسەر جێگایەکەم هەستم."

کوڕە گەنجەکە دەستی لەسەر سەری دانا و بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە گوتی: پێویست ناکات هەستیت.

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا ڕوحی لە جەستە دەرهێنا و دواتر لە لای خۆی وەستاند.

"هەست بە چی دەکەیت؟"

ئانا کە لەو ساتەدا لەسەر پێیەکانی وەستابوو و بوو بوو بە ڕوح، ئەوا سەیری لاشەی مردووی خۆی کرد کە لەسەر جێگایەکە درێژ بووبوو.

"چیتر هەست بە ئازار ناکەم! کە سەیرە، ئەوە منم کە لەسەر ئەو جێگایە درێژ بووە!"

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا لەپڕ گوێیان لە دەنگی ئامێرێک بوو، ئەوە ئامێری پێوەری دڵ بوو کە دەنگی لێوە دەهات.

هەر کە ڕوحی دەرهات و دڵی لەکار کەوت، ئەوا ئامێرەکە ئەو دەنگە تیژەی لێوەهات. لەگەڵ بیســـتنی دەنگەکە، ئەوا مەرگ دەستی بچووکی (ئانا)ی گرت و بەرەو ئاسمانەکان بەرز بوونەوە، بەم شـــێوەیە ئـانـا جیهـانی مرۆڤەکـانی جێهێشـــت و بەرەو جیهـانێکی تر بەڕێکەوت، جێهـانێکی نادیار.

دوای چەند چرکەیەکی کەم، ئەوا دایک و بـاوکی ئـانـا بە ڕاکـردنەوە هـاتـنە ژوورەوە، دیـار بـوو کە ئەوانـیـش دەنگەکەیان بیستبوو.

"ئانا! ئانا! بچکۆلەکەم ئانا! ئەحمەد بڕۆ بانگی دکتۆرەکان بکە، بڕۆ بانگیان بکە ئەحمەدا!"

دوای چەند ســاتێک بەســەر ئەمەدا، ئەوا باوکی ئانا لەگەڵ دکتۆرێک و دوو پەرســـتار دەرکەوت. دایک و بـاوکیـان دوورخســـتنەوە و کارەبایان لە ســـنگی ئانا دا، جارێک، دووان، ســـییان، بەڵام ســـوودی نەبوو، دڵی چیتر کاری نەدەکرد. کە بێ ئومێد بوون، ئەوا یەکێک لە پەرسـتارەکان قوماشێکی سپی هێنا و بەسەر ڕووخساری (ئانا)ی دادا.

دایکی ئانا کە ئەو دیمەنەی بینی، ئەوا پڕی دایە لاشـــەی کچە مردووەکەی و باوەشی لێ دا.

"ئەمە مەحـــاڵە، ئەمە مەحـــاڵە! ئەو نەمردووە، دووبـــارە بیپشـــکنن، دووبارە بیپشـــکنن، کچەکەم نەمردووە، کچەکەم نەمردووە!"

دواتر ئەحمەد هات و دووری خســـتەوە، بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی پێدا کرد، کەوتنە سەر زەوی.

# بمبەخشن

دایکە، باوکە، نازانم چۆن ئەم نامەیەتان بەدەســـت دەگات، بەڵام ئەوە تەنیــا فزوولییە و گرنــگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەزانم بە دەســـتتان دەگات. ئەو فریشـــتەیە دڵنیایی کردمەوە کە بە زووتترین کات نامەکەتان بە دەست دەگات. ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم، ئەوا فرمێسکەکانم دەکەونە ســـەر کــاغەزەکە، بەڵام زۆری پێ نــاچێــت ئاســەوارەکانیان نامێنێت. فرمێسکەکانم فرمێسکی دڵتەنگی نین، لێرە لە بەهەشتدا شتێک نییە بە ناوی دڵتەنگی. بەڵێ... لە بەهەشــتم. لێتان ناشــارمەوە زۆرم پێ ســەیرە کە خۆم لێرە دەبینم، پێشـــبینی ئەوەم نەدەکرد. هەڵبەتە لە قوڵایی دڵمەوە دەمزانی کــاتێک دادێت ڕێگــای ئێرە دەگرمە بەر، بەڵام وا زوو نا. ئێســتا هەســت بە دڵخۆشــی دەکەم، بەڵام هەر فرمێســک دەڕێژم. وابزانم بێ ویســتی خۆم جەســتەم بۆ ســـاتێک کۆنترۆڵی لەدەســـتداوە و ئەو شـــتانەی بیرهــاتۆتەوە کە لە ژیــانی ڕابردوو دووچــاریــان بوومە. لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە لەپڕ جەســـتەم نارەحەتی زۆری بیرهاتوونەوە، ئەم هۆکارە لەپڕەش ئەم نامەیەیە کە بۆتان دەنووسم.

هەرچییەک بێت ئەوە بزانن کە من دڵخۆشـم، لە کۆتاییدا... بەڵام ئەم دڵخۆشـــیە وەها ئاســـان نەبوو. ناڕەحەتی زۆرم چەشـــت، ســـزای وا توند دراوم کە هەرگیز هیچ مرۆڤێکی سەر زەوی جیهانی ڕابردوو بە هزریشیدا نایەت.

دوای ئەوەی کە ڕوحم لەلایان دوو فریشتەوە کێشرا، ئەوا بەرەو بەرزەخ بەرز بوومەوە. لەوێ بۆ مـاوەیەکی زۆر مامەوە، نازانم چەند، چونکە لەوێ کات بە شـێوەیەکی زۆر ســـەیر بەڕێوە دەچێت، هەر ئەوەنـدە دەزانم مـاوەیەکی ئێجگار زۆر بوو. بەهەرحاڵ ئەو ماوەیەی لەوێ مامەوە لە چـاوەڕوانیـدا بەســـەرم برد، جگە لە قســـەکردن لەگەڵ فریشـتەکان و چەند ناسـیاوێک نەبێت کە مردبوون و تازە بێرە گەیشـتبوون، ئەوا کاری ترم نەبوو. هەڵبەتە گفتوگۆی نێوان من و ئەو ناســـیاوانە تەنیا چەند ســـاتێکی کەمی دەخـایـاند، هەر ئەوەنـدە بوو کە لێم دەپرســـین کە ئـایـا ئاگاداری حاڵی ئێوەن و ئایا چۆنن، ئەوانیش یان وەڵامیان کورت دەبوو، یـان هیچیـان نەدەگوت و دەڕۆیشـــتن بۆ خۆیان لە گۆشـەیەک دادەنیشـتن. بە پێچەوانەوە، ئەوا زۆر لەگەڵ فریشتەکان دەدوام، هەوڵم دەدا ڕێنماییەک وەربگرم بۆ ئەوەی خۆم لە دۆزەخ ڕزگار بکەم.

که که گەیشتمە بەرزەخ چارەنووسی خۆم لێوە دیار بوو. لە بەرزەخدا تەنیا ڕوحی مرۆڤەکان بوونیان هەیە، هەر ڕوحێکیش بە پێی ڕوونیەکەیان لێک جیا دەکرانەوە.

چوار جۆر ڕوح هەبوون: جۆری یەکەم بە تەواوی بوونیان دیار بوو و دەگەشانەوە، ڕووناکییەکی سپی کە هاوشێوەی ڕۆشـــنایی مانگ بوو لە شـــەوێکی تاریکدا. ئەمانە خەڵکی بەهەشـت بوون. جۆری دووەمیان دیار بوون، بەڵام ئەگەر نزیک بووبایتەوە و سـەرنجت دابا، ئەوا کاڵ بوونەوەیەکت لەواندا دەبینی و دەتتوانی بە ناویاندا پشـــتەوەی خۆیان ببینیـت. ئەمـانە لەو جۆرە کەســـانە بوون کە خراپە و چاکەکانیان لە یەک ئاســـتدان، چارەنووســـیان بریتییە لە چاوەڕوانییەکی زۆر. خودا بەم شـێوەیە دەیانەوێت پاکیان بکاتەوە و بەرەو بەهەشـــتیان بنێرێت. خۆشـــتان دەزانن چاوەڕوانیکردن بۆ خۆی سـزایەکە. جۆری سـێیەمیان ئەو ڕوحانەن کە لە دوورەوە کاڵ بوونەوەیان پێوە دەبینێرێت، ڕێک وەکو پەردەیەکی سپی کە بە ئاسانی پشتەوەی خۆی دەبینیت. ئەمانە ئەو جۆرە کەســـانەن کە تاکو بە ئاگری دۆزەخ پاک نەبنەوە، ئەوا ناگەنە بەهەشـــت، ئیتر ماوەی ســـزایەکەش بە پێی تـاوانەکـانیـانە. جۆری چوارەم و خراپترین جۆر ئەو ڕوحانەن کە زۆر بە ئەستەم دەبینرێن، وەهـا کاڵ بوونەتەوە کە ڕێک لە خێو دەچن. لە دوورەوە

مەحاڵە بیانبینیت، لە نزیکیشـــەوە دەبێت ســـەرنجێکی زۆر بـدەیـت بـۆ ئەوەی چـاوت پـێیـان بکەوێـت. ئەمـانە بەدبەختەکانن، ئەو ڕوحـانەن کە بۆ هەمیشــــە لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە و دەرچوونیان نییە، هەر بۆیەشــــە لە گۆشـــــەیەکی بەرزەخـدا زۆربەی جار ڕادەکشــــێن و بە گریانەوە لە شوێنی خۆیان دەلەرزن.

من لە جۆری ســــێیەم بووم، ئەمە ترســــێکی گەورەی خستبووە دڵمەوە. لە ئاسمانی بەرزەخەوە دەنگی هاواری ئەوانە دەهات کە لەناو ئاگری دۆزەخدا دەیاننالاند، لەلایەکی تریشـــەوە دەنگی خۆشـــی و شـــادی ئەوانە دەهات کە لە بەهەشـــت کەیف و ســـەفایان دەکرد. بە هۆی ئەوەی کە دۆزەخی بووم، ئەوا زیاتر گوێبیســتی ناڵەی دۆزەخییەکان دەبـووم. مـاوەیەکـی زۆر تـێـپەڕی، بەردەوام لەگەڵ فریشـتەکان لە گفتوگۆدا بووم تاکو شـتێک لە سـزایەکەم کەم بێتەوە. ئەوان بەڕاســتی گوێیـان دەگرت، ئەگەر بەرامبەریان بە شـــایســـتە زانیبا و هیوایەکیان تێدا بەدی کردبا، ئەوا لە خودا دەپاڕانەوە کە سزای کەسی دیاریکراو کەم بکەنەوە، خوداش بەدەم داواکاریانەوە دەهات. بەڵام ئەمە هەمیشــــە ڕووی نەدەدا چونکە فریشــــتەکان زیاتر گوێیان دەگرت لەوەی کە بەڕاســتی شــتێک بکەن، وەکو ئەوەی بە گوێگرتن بۆت شـتێک لە خەمەکانت کەم بێتەوە.

خۆ ئەگەر ڕووشـیدابا ئەوا ماوەی سـزایەکە شـتێکی کەم دەکرد، شتێکی ئەوتۆ نەبوو. بەڵام ئێستا کە بیر دەکەمەوە ئەوەندە مـاوەیەش کە لێم کەم کرایەوە بەڕاســـتی خۆی نعمەت بوو.

بە پێی پێوەری زەوی ئەوا ماوەکەم ١٠٢ سـاڵ بوو، بەڵام بە هۆی داوای یەکێک لە فریشـــتەکانەوە کە بەزەیی پێدا دەهاتمەوە، ئەوا ماوەی سزایەکەم کەم بۆوە و خودا کردی بە ٧٦ سـاڵ. ئێسـتا ئەو فریشـتەیە لێرە لە بەهەشـت جار جار دەبینم، هەر جارێک دەیبینم ئەوا باوەشـــێکی گەرمی پێدا دەکەم و پڕ بە دڵ سـوپاسـی دەکەم. ئەو کات قەدری ئەوەم نەزانی کە بۆی کردم، بەڵام ئێسـتا تێگەیشـتم کە چ چـاکەیەکی مەزنی لەگەڵدا کردووم. لەوانەیە بپرســـن کە دوای ئەوەی لە بەرزەخ ڕۆیشـــتم و بەرەو لێکۆڵینەوە بردرام ڕووداوەکـان چۆن بوون، دیـدم لەگەڵ خودا چۆن بەڕێوە چوو و شێوەی چۆن بوو؟

خۆزگە توانیبام وەڵامی ئەم پرســـیارانە بدەمەوە، بەڵام ناتوانم. ئەگەر لە قوڵایی دڵیشـــمەوە بمەوێت، ئەوا هێشـــتا هەر نـاتوانم. هەمووان دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و چـارەنووســـیـان دیـاری دەکرێت، ئەوا خودا مۆرێک لە زمانیان دەدا. ئەو مۆرە ڕێگری لەوە دەکات کە

هیچ کام لە دۆزەخی و بەهەشـــتییەکان نەتوانن باس لەوە بکەن کە ڕۆژی لێکۆڵینەوە چی ڕوویداوە، وە ناشـــتوانن وەســـفی خودا بکەن، گرێیەکە هەرگیز ناکرێتەوە. لەوانەیە بڵێن ئەمە کارێکی قورســـە و مایەی خەممانە، بەڵام لە ڕاستیدا لەوەوە دوورە. ئەو مەزنایەتیەی ئەو ڕۆژە بینیمان باشـتره لای خۆمان بمێنێتەوە. خۆ ئەگەریش ئەو مۆرە بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان لابچێت، ئەوا هێشـــتا ناتوانین وەسفی خودا بکەین و حەقی تەواوی خۆی پێ بدەین.

دوای ئەوەی کە ماوەی سزایەکەم دیاریکرا و بەرەو دۆزەخ نێردرام، ئەوا سـزایەکەم دەسـتی پێکرد. جۆری سـزایەکان جیـاواز بوون، هەر ســـزایە و بە پێی ئەو تـاوانـانەی ئەنجاممان داوە. خۆم ئەو ماوەیە بە سـێ سـزا ئەشـکەنجە دەدرام، باسی هیچیان ناکەم چونکە نامەوێت لەسەر شتێک دووچـاری خەمتـان بکەم کە مـاوەیەکی زۆر لەمەوبەر ڕوویـداوە. وە بێ خەمیش بن، ئەوەی بیرم مـاوە وەکو خەونێکی کۆن وایە، تەنیـا چەنـد پـارچەیەکی لێـڵ کە بە ئەســـتەم دیـارن. هیچ ئـازارم نـادەن، یـادەوەرییەکی بێ دەسەڵاتن. دوای ئەوەی کە دۆزەخ پاک بوومەوە، ئەوا سێ فریشتە هاتن و منیان لە دۆزەخ بردە دەرەوە، منیان خستە ناو ڕووبارێکەوە کە ناویم بیر نەماوە، تەنیا ئەوەندەم بیر ماوە کە لەناویدا هاتمەوە دەرەوە ئەوا بە جەســـتە و ڕوح

نوێ بوومەوە. برینەکان و ڕووشانەکان و شوێنی سووتانەکان هیچیان دیار نەمان، وە ئەو قورساییەش کە هەمیشە لەسەر دڵم بوو ئەوا ئەویش لاچوو، هەستم کرد دووبارە لەدایک بوومەوە. دواتر لە ئاوەکەیان دەرهێنام و بەرەو ئاسمان بەرزیان کردمەوە، بەرەو بەهەشت. لە ڕێگای چوونمان بەرەو ئەو بەهەشتەی بۆم دیاری کرابوو، ئەوا لە ئاسمانەکانەوە بەهەشتەکانی ترم دەهاتنە پێش چاو، هەر یەکەیان جیهانێکی تایبەت بە خاوەنەکانیان بوون.

هەرچەندە ڕواڵەتیەن جیا جیا بوون، بەڵام ڕێڕەوێک لەنێوانیاندا هەبوو، ئەوانەی لە سەرووی ئاسمانەکانی بەهەشتەوە بوون دەیانتوانی بێنە خوارەوە و سەردانی بەهەشتییەکانی تر بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە نا. ئەمەشیان بەلاوە ناخۆش نەبوو و پێی دڵگران نەبوون، دوای ئەوەی لەو ڕووبارە هاتنە دەرەوە ئەوا ئەو جۆرە هەستانە لەناو دەچن. ئیرەیی، ڕق و کینە، دڵتەنگی، خەمۆکی... هیچ شتێک لەمانە نامێنێت. ماوەیەک بە ئاسمانەکاندا فڕین، دواتر لە کۆتاییدا گەیشتین بەو بەهەشتەی کە بۆم دیاری کرابوو. نازانم چۆن بۆتان وەسفی ئێرە بکەم، نازانم چۆن دەتوانم بە چەند وشەیەک باسی ناوازەیی ئەم شوێنە بکەم. ئێرە ئەم شوێنەیە کە هەمیشە ئاواتم بۆی دەخواست، بەڵکو

باشـتریش لەوەی کە دەمویسـت و پێویسـتم پێی بوو. لێرە هەر کوێیەک حەزم لێی بێت بۆی دەچم، چیم بوێت بۆم ئەنجام دەدرێت. ئەوەش بزانن چیتر تەنیا نیم، ئێسـتا هاوسـەرێکم هەیە کە دەڵێت من پەریم، جوانییەکی وەها سـەرسـوورهێنەری هەیە کە نازانم چۆن وەسـفی بکەم... جگە لەوەش خـاوەنی میهرەبـانی و نەرمونیـانییەکی بێ وێنەیە. ناوی سـاندرا'یە، دوو منداڵی لە من هەن، کوڕ و کچێک.

دایکە، باوکە، ببوورن کە نامەکەم وا درێژە پێدا، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا لەوەی کە بۆتان باسـی ئەوە بکەم حاڵم چۆنە. ویسـتم دڵنیاتان بکەمەوە کە من باشـم، زۆر باشـم. جگە لەوەش ئەوا بۆ شتێکی تریش ئەم نامەیە دەنووسم... دایکە گیـان، بـاوکە گیـان، ئەو مـاوەیەی لە دۆزەخ مـامەوە سزایەکیان بە هۆی ئەوەوە بوو کە لە دونیادا چەند جارێک ئازارم دان، ئەوەیان گەورەترین سزایەک بوو کە دووچاری بووم. بەڵام هەر کاتێک دەهاتە سـەر ڕێگام، ئەوا قبووڵم دەکرد و هیچ بەرپەرچم نەدەدایەوە، دەمزانی شـایەنمە. لە دونیادا ئازاری ئێوەم دا، بێ مەبەسـت یان بە مەبەسـت بووبێت گرنـگ نییە، ئەوەی گرنگە ئـازارەکەیە. دەزانم کە لێم خۆش بوونە، چونکە ئەگەر لێم خۆش نەبووبـان ئەوا مـاوەی سـزایەکەم وا کەم نەدەبوو. بەڵام هەرچەندە لێم

خۆش بوونه، ئەوا هەر دەمەوێت داوای لێبووردنتان لێ بکەم... لە قوڵایی دڵمەوە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، ئێستا تێدەگەم کە چەندە هەڵە بوومە، ئێستا لە هەموو شتێک تێدەگەم.

بمبوورن بەوەی کە لە نارەحەتیتان تێنەگەیشتم، بمبوورن بەوەی کە قەدری ماندووییتانم نەدەزانی، بمبوورن بەوەی کە جار جار دەنگم بەرز دەکردەوە، بمبوورن بەوەی کە جارێکیان لەگەڵتانم بە شەڕ هاتم و دڵی ئێوەم شکاند، وە بمبوورن بەوەی کە نەمتوانی ببم بەو کوڕەی کە شایەنی ئێوە بێت. دڵخۆشم بەوەی کە پێش ئێوە ڕوحم کێشرا، چونکە بڕوا ناکەم بەرگەی ئەوەم گرتبا پێش من بڕۆن، وە بڕواش ناکەم تاکو نەمردبام ئەوا درکم بەم شتانە کردبا.

دەزانم لێم خۆش بوون، بەڵام بەوە نەبووبا دڵم ئاسوودە نەدەبوو. هیوادارم ڕۆژگارێک لێرە بتانبینم دایکە گیان، باوکە گیان. بەڵام بەمزووانە نا، هێشتا کاتتان ماوە، وە خوشک و برایەکانم هێشتا پێویستیان بە ئێوەیە وەکو چۆن من هەمیشە پێویستم بە ئێوە بوو. کە هاتن بۆ ئاسمانەکانی بەهەشت، ئەوا سەرێکم لێ بدەن، لە دەروازەی لێواری بەهەشتەکەمەوە چاوەڕوانتان دەبم. بە تەنیا نا، بەڵکو من و هاوسەرەکەم، لەگەڵ منداڵەکانمان.

دایکە گیان، باوکە گیان، بێ ئەندازە ئێوەم خۆش دەوێت".